سۆفۆکلێس

# ئەنتیگۆنە

سۆفۆکلێس

# ئەنتیگۆنە

لێکدانەوە، پەراوێزنووسین و وەرگێڕانی بۆ سوێدی

**یان ستۆڵپە و لاش- هۆکان سڤێنسۆن**

پەراوێزنووسین و وەرگێرانی لە سوێدییەوە بۆ کوردیی

**خەبات عارف**

زنجیرە پەڕتووکی
گۆڤاری کەلێن

کەلێن، گۆڤارێکی ئەدەبی و هونەری وەرزییە

سەرپەرشتیاران:
هەژار حوسێن
عەلی سەرباز

- ناوی کتێب: ئەنتیگۆنە
سۆفۆکلێس
- وەرگێڕانی بۆ سویدی: یان ستۆڵپە و لاش– هۆکان سڤێنسۆن
- وەرگێڕانی بۆ کوردی: خەبات عارف
- دیزاین: ئاکار جەلیل کاکەوەیس
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپ: یەکەم/ ٢٠١٧
- چاپخانە:

نرخی گۆڤار و زنجیرەی پەڕتووک (٣،٠٠٠) دینارە
شوێن: سۆران– هەولێر

- بۆ پەیوەندی کردن بە کەلێن:

07507649099 • 07508956060

## ناوەرۆک


تێگەی سیاسەت لە تراژێدیای گرێکیدا/ دانا ڕەئووف ٧
پێشەکی/ یان ستۆڵپە ١٣
ئەنتیگۆنە/ سۆفۆکلێس ٢٧
پەراوێزەکان ١٠٥

# تێگەی سیاسەت لە تراژێدیای گریکیدا

## دانا ڕەئووف

---

مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە ناچار بووە، بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بگەڕێ، کە لە دەوری مەدارەکانی سیاســەت و موراڵ سووڕاونەتەوە و باسی: چیرۆکی خوڵقاندنی دنیا، میتۆلۆژیا دێرینەکان، دەسەڵات، ڕاستیی، فەرمانڕەوایی، ڕێسا، یاسا و سەربەستی دەکەن.

ئەفسانەکان مرۆڤە سەرەتاییەکانی فێری ئەوە دەکرد، کە چۆن ڕەفتار بکەن، دەســەڵاتداران چۆن دەسەڵاتی خۆیان بە کار بهێنن و خەڵکی ئاســاییش چۆن ملکەچی دەســەڵات بن. ئەفسانەکان باسی ئەوەشیان کردووە، کە بۆچی شتەکان، ڕەوش و یاساکان بەو شێوەیە دانراون.

هۆمیرۆس لە (ئیلیاد و ئۆدیسە)دا خوداوەندەکان بە گریکییەکان دەبەخشــێ و لەم داســتانە شــیعرییانەوە سروشــتی دنیا و هاتنی خوداوەندەکان و هێزی گەردوون دەســت پێدەکا. مرۆڤیش بەرانبەر

ئەم دیاردانە دەکەوێتە بیرکردنەوە، پرسیارکردن و بێگومان دژایەتی و ناڕەزایی دەربڕینیش. تراژێدیای گرێکیش لە چوارسەت ساڵ پ. ز. دەروازەکانی فەلسەفەی سیاسەت، لە سەرەتا بەراییەکانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە دەکاتەوە. تراژێدیای گرێکی لەم ڕووەوە تەنیا پرسە گەورەکان سەبارەت بە وڵات، شار، خێزان، مەرگ، سزا و خۆشەویستی ناورووژێنێ، بەڵکو ئەم پرسیارانە بە شێوەیەک دەخاتە ڕوو، کە وەڵامی هزر و لێکدانەوەکانمان بدەنەوە.

شاعیرانی تراژێدیای گرێکی، ئێسخیلۆس، سۆفۆکلێس و یوربیدس، بە شانۆنامەکانیان سەرەتایەکی پتەوی فەلسەفەی سیاسەت لە یۆنانی کۆندا دادەڕێژن و بنەماکانی شانۆیەکی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، فەلسەفیش لە شارستانییەتی ئەورووپاییدا ڕۆ دەنێن، کە بەشێکی زۆر لەم تراژێدیایانە، بۆ نموونە سێینەی ئۆرێستێیا، ئۆدیبی پادشا، ئەنتیگۆنا، مێدیا ... تاد، تا ئەمڕۆیش لەسەر شانۆکانی جیهان نمایش دەکرێن.

لەلای گرێکەکان، گفتوگۆی سیاسەت و فەلسەفە لەسەر ئاستێکی بەرز و هەمەلایەن؛ باسی ئەوەی دەکرد، کە تا چەند یاسا، ڕێسا و موراڵ لەگەڵ یاساگەلی سروشت یەکیان گرتووەتەوە و هاوتەریبن، هەر لەم ڕووەیشەوە ئەریستۆ تراژێدیاکان، وەک سەرچاوەیەکی گرینگی سیاسەت بە کار دەهێنێ. ڕێگەی بە کارهێنانی تراژێدیاکانیش جیاوازە؛ بۆ نموونە، وەک ئامرازێکی دژ بە موراڵە کۆنباوەکان، وەک هاندانێک بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن، یان وەک ئەوەی، کە ئەو هزر و هۆشمەندییەی لە تراژێدیادا هەیە، هۆشمەندییەکە، دەکرێ مرۆڤ دەستی پێی بگات. بەم شێوەیەیش فەلسەفەی سیاسەت لە دنیای تراژێدیادا دەژی و هەر لە چوارچێوەی بنەما تراژێدیاکانەوە، لە سیاسەت، موراڵ و یاساکانی کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە. لە پشت ئەو موراڵ و هەڵومەرجە سیاسییەی، کە لە تراژێدیای گرێکییەوە بەرجەستە دەبن، چوارچێوەیەکی فەلسەفی گرینگ بۆ دەوڵەت و پێکهاتەکانی پێک دێ: ئۆرێستێیا، فارسەکان، ئۆدیبی پادشا، ئەنتیگۆنە، ئێلێکترا لە دیتێکی فەلسەفییەوە، سیاسەتی دەرەوە و

ناوەوە دەخەنە ڕوو، ڕاڤەی بنەما ئەنسرۆپۆلۆژییەکان دەکەن، ڕێسا دینییەکان و موراڵ لە بنەمایەکی ترەوە، بە یەکترەوە دەبەستن و لە هەمانکاتدا دەیانکەن بە بەشێکی گرینگی گرفتەکانی کۆمەڵگە.

(ئەنتیگۆنە)ی سۆفۆکلێس (٤٠٦-٤٩٦) پ.ز. بەرجەستەی جۆرە فەلسەفەیەکی سیاسەت دەکا، کە لەوێدا خێزان و دەوڵەت ڕووبەرووی یەکتر دەکاتەوە و جۆرە تێگەیشتنێکی یەکلاکەرەوە دەستەبەر دەکا. ئەنتیگۆنە لەلای سۆفۆکلێس، وەک کەسێکی تاک ڕێسا و یاسا نووسراوەکانی ئەو ڕۆژگارە ڕووبەرووی یاسا نەنووسراوە جێگیرەکانی خوداوەندەکان دەکاتەوە.

تراژێدیای گریکی، لە ئەفسانە و داستانە دێرینەکانەوە، بنەماکانی هزری خۆیان لە فەلسەفە و سیاسەتدا دادەڕێژنەوە و دەیانکەن بە بەشێک لە ڕووداوی تراژێدیاکان. شاعیرە تراژێدیاکان، بۆ خوڵقاندنی گفتوگۆیەکی سەردەمییانە، زمانی میتۆلۆژیا و ئەفسانەکان بە کار دەهێنن، دەیانبەستنەوە بە کێشە سیاسییەکانی ئەو ڕۆژگارە و مەودایەکی مرۆڤایەتی پێدەبەخشن، لە هەندێک تراژێدیایشدا بە مەسەلەکانی خێزانەوە، بە تۆڵەسەندنەوە، بە دینەوە، بە مەرگەوە، بێگومان لە سەروو هەموو ئەمانیشەوە بە پێوەندییەکانی تاک بە دەوڵەتەوە دەبەستن.

شانۆنامەنووسی کۆمێدیای گریکی؛ ئەرستۆفانیس، لە شانۆنامەی (بۆقەکان)دا، کە هەڵسەنگاندنێکی پێگەی هەر سێ شانۆنامەنووسی تراژێدیای گریکی: ئێسخیلۆس، سۆفۆکلێس و یوربیدسە، چەندین جار ئاماژە بۆ ئەوە دەکا، کە شاعیرانی تراژێدیا، تراژێدیاکانیان، دەوڵەت لە چەندین کێشە ڕزگار دەکەن و فێری ئەوەیشمان دەکەن، کە چۆن ڕەفتار بکەین.

تراژێدیای گریکی، هەر لە ئێسخیلۆسەوە، تا دەگاتە سوفۆکلێس و یوربیدس، لەسەر ئاستی ناوەڕۆک و فەلسەفەی شانۆ، هەروەها ستراکتوری دەق و لایەنە تەکنیکییەکانەوە، گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەردا هاتووە. گۆڕانکارییە تەکنیکییەکان لە زیادکردنی دوو ئەکتەر بۆ سێ ئەکتەر و کەمکردنەوەی ئاستی کۆرس و چڕکردنەوەی

دەقە شـانۆییەکاندا دەردەکەون. بەڵام گۆڕانکارییەکان لە ڕێسـا و بنەما دینییەکانەوە، بۆ دەسـەڵاتی پادشا و یاسا نووسراوەکان و تا دەگاتە پێوەندییەکانی کەسی تاک، تاک و دەسەڵات، پێوەندییەکانی تاک و دەوڵەت، خاڵە گرینگەکانی ئەو گۆڕانکارییانەن، کە لە ڕەوتی مێژووی تراژێدیای گریکیدا هاتوون. تراژێدیای گریکی سیاسەت بووە، بۆ خەڵکی ئەسـینایش ئامرازێک بووە، بـۆ فێربوون و قووڵبوونەوە لـە پرسـەکانی موراڵ و سیاسـەت، زۆرجـار هەر لەم ڕێگەیشـەوە هەڵوێستیان وەگرتووە.

تراژێدیای (ئێلێکترا)ی سۆفۆکلێس نموونەیەکی ترە لەو شاکارانەی، کە لەسـەر بنەمایەکی فەلسەفەی سیاسی و بیرکردنەوەیەکی قووڵی فەلسەفی ڕۆنراوە. ڕووداوەکانی تراژێدیای ئێلێکترا مێژوویەکی دێرینی هەیـە و چیرۆکەکـە لەلای گریکەکان ناسـراو بـووە و هۆمیرۆس لە داستانەکانیدا گێڕاویەتییەوە. ئەم تراژێدیایە لەلای سۆفۆکلێس لەسەر بنەمای ڕقێکی ئەستوور، فەلسەفە و پرەنسیپی تۆڵەسەندنەوەیەکی ڕەهـا ڕۆنراوە و زۆربەی ڕەخنەگر و پسـپۆرەکان، ئاماژەی ئەوەیان کـردووە، کە ئێلێکترا هاملێتێکـی ژنە و لە مەدارەکانی هاملێتدا، بە هەزارەها ساڵ بەر لە شەکسپیر خولاوەتەوە.

سۆفۆکلێس ئەم تراژێدیایەی بەم شێوەیە داڕشتووەتەوە: ئێلێکترا، کە کچی ئاگامێمنون، پادشای ئارگۆس و کلیۆتایمێسترایە، دەیەوێ تۆڵەی کوشـتن لـە دایکی؛ کلیۆتایمێسـترا، بکاتـەوە. ئاگامێمنون لـە جەنگی ترۆیادا ناچـار دەبێ کچەکەی تـری؛ ئیفیگێنیا، بکاتە قوربانـی خوداوەندەکان تا ڕەشـەبا پاڵ بە کەشـتییەکانیانەوە بنێ و بەرەو دەروازەکانی شـەڕیان بەرێ. ئاگامێمنون دوای سـەرکەوتن و تەواوبوونـی شـەڕ، کـە دەگەڕێتـەوە لەلایـەن کلیۆتایمێسـترا و دۆسـتەکەیەوە دەکوژرێ، ئەمەیش بەپێی یاساکانی تۆڵەسەندنەوە، دەبـێ تۆڵەی کوشـتن بە کوشـتن بکرێتەوە. موراڵ و فەلسـەفەی تۆڵەسـەندنەوە، لە سـووڕانەوەیەکی ئەبەدیی خوێنڕشتن و کوژرانی یەک لە دوای یەکی تاوانبارەکاندا بسووڕێتەوە، هەر لەبەر ئەوەیشە، کە (ئۆرێستێس)ی کوڕی ئاگامێمنون و کلیۆتایمێسترا، تۆڵەی باوکی

به کوشتنی دایکی و دۆستەکەی دەکاتەوە، بەم شێوەیەیش لۆژیکی خوێن و تۆڵەسەندنەوە بەردەوام دەبێ.

ئێسخیلۆس، بەر لە سۆفۆکلێس، مێژووی بنەماڵەی ئەتریدەکان و ئەم چیرۆکە خوێناوییەی لە سێینەی (ئۆرێستێیا)دا خستووەتە ڕوو. لەلای ئێسخیلۆس ئەم داستانە کۆتاییەکی ئاشتیخوازانە لە خۆ دەگرێ و لەبریی تۆڵەسەندنەوە، بە لێبوردن کۆتایی هاتووە. ئێسخیلۆس بۆ ئەم مەبەستە پەنای بردووەتە بەر خوداوەندی جەنگ؛ پالاس ئەتێنا و لە پرۆسەیەکی یەکەم هەنگاوەکانی دیمۆکراسی و دەنگداندا لە ئۆرێستێس خۆش دەبن و بنەماڵەی ئەتریدەکان؛ لاپەڕەیەکی تازە هەڵ دەدەنەوە. هەر لێرەیشەوە سەرەتای بنەما دیموکراسییەکانی کۆمەڵگەی ئەسینا و شارستانییەتی ئەورووپا دادەڕێژرێ.

ئێسخیلۆس، بە سێینەکەی میتۆلۆژیایەکی تایبەت بە خۆی دەخوڵقێنێ و بە پرۆسەیەکی سیاسی و فەلسەفەیەکی ئاکاری و موراڵێکی تر، کۆتایی بە هەموو تۆڵە و خوێنڕشتنەکان دەهێنێ. بەڵام سۆفۆکلێس لە ئێلێکترادا، کە چارەسەری هەمان مەسەلە دەکا، هەموو شتێک بە مەرگ، خوێن و تۆڵەسەندنەوە بە کۆتا دەهێنێ. لەلای سۆفۆکلێس، کوشتنی ئاگامێمنون تۆڵەسەندنەوە نییە لەوەی، کە ئیفێگێنێیای کردووە بە قوربانی، بەڵکو دۆستەکەی دایکی هانی کلیۆتایمێسترا دەدا، تا ئاگامێمنون بکوژن، بۆ ئەوەی بە تەواوی دەست بگرن بەسەر دەسەڵاتی پادشایەتی، کۆشک و وڵات بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. ئێلێکترا دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، کە ئاگامێمنون هەر بەڕاستی ناچار بووە، ئیفێگێنێیای کچی سەر ببڕێ و بیکا بە قوربانیی لە پێناوی وڵات و سەرکەوتن بەسەر دوژمندا.

ئێلێکترا ئاماژەیش بۆ ئەوە دەکا، کە کیلۆتایمێسترای دایکی بە ناوی یاسایەکەوە ئاگامێمنونی باوکی کوشتووە، کە یاسایەکی تۆمارکراو نییە، بەڵکو یاسایەکە خۆی بنەماکانی ڕۆناوە و دوورە لە سیستێمی یاسا ئاسمانییەکان و دەوڵەتیشەوە. ئێلێکترا کار بەو یاسایە دەکا، کە دەڵێ: "ئێمە کەسێک دەکوژین، لەبەر ئەوەی کەسێکی تر، تاوانێکی کردووە، دەبێ ئەو کەسەیش بکوژرێتەوە."

کیلۆتایمێستریش دەڵێ مافی خۆیەتی، کە ئاگامێمنون بکوژێ، هەر لـەم ڕوانگەیەشـەوە ئێلێکترایش ئاماژە بۆ ئـەوە دەکا، کە ئەویش بەپێـی ئەم لۆژیکە دەبێ بکوژرێ، کوشتنەکەیشـی ڕاسـتە و تاوان نییە؛ ئێلێکترا یاسـاکانی کلیۆتایمێسترا دژی خۆی بە کار دەهێنێ. ئەوەی سـۆفۆکلێس لە ئێلێکترادا بەرجەسـتەی دەکا، پرنسیپەکانی "هزر" خۆیەتی، دەرگەکردنەوەیە بۆ گفتوگۆ و جیاکردنەوەی ڕاستییە لە هەڵە و درۆ.

تەنانەت ئێستا، لێرە و ئەمڕۆ دەکرێ تراژێدیای گرێکی سەبارەت بە خێزان، موراڵ، دەسەڵات، دەوڵەت و مەرگ فێری زۆر شتمان بکا.

# پێشەکی

## نووسینی: یان ستۆلپە

**پاڵاس؛ تۆ کە ڕێتدا خوێنی ئەژدیهاکە**
**بەسەر بەردەکاندا بپرژێ، تۆ**
**ئەو تاوانەت بە کادمۆس سپارد و**
**لەوێوە ستەمی خوداوەندەکان،**
**وڵاتی تووشی مەینەتی و**
**بەڵا کرد.**

کـۆرس لە ‹‹ژنە فینیسـییەکان››ی ئێوریپیدێـس-دا بەم جۆرە دەچرێ. ڕەگوڕیشەی ناکۆکیی نێوان ئەنتیگۆنە و کریۆن دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی دێرینتر لەو ڕۆژگارەی ئەوان تێیدا دەژیان. ئەم ناکۆکییە گەمەیەکـی ئەو زنجیرە درێژەیە لە کارەسـات و بـەڵا، کە دووچاری تێبە و بنەماڵەی لابداکیدەکان هاتوون و بەوەیش دەسـتپێدەکا، کە کادمۆس ڕێ دەدا خوێنی ئەژدیهاکە بەسەر بەردەکاندا بپرژێ.

## کادمۆس و ئەژدیهاکە

ئاگێنۆری فینیس-ی لە تیورۆس یا سیدۆن-ی سوریای ئێستا پادشایە. لەگەڵ تێلیفاسا-ی ژنی چەند کوڕ و یەک کچیان دەبێ. کچەکەی ناوی ئێوروپا-یە و یەکێک لە کوڕەکانی ناوی کادمۆس-ە. کە ئێوروپا، ڕۆژێک، لەسەر کەناری زەریا یاریی دەکا، زێیوس چاوی پێی دەکەوێ و حەزی لێ دەکا. ئەمجا لە شێوەی گایەکی بەهێزدا لە ئێوروپا نزیک دەبێتەوە و بەسەر زەریادا دەیڕفێنێ. کرێتا، دەبێ بە هەواریان و لەوێ دوو منداڵیان بە ناوی ڕهادامانتیوس و مینۆس-ەوە دەبێ. کرێتا، لە دنیا دادەبڕێ.

ئاگێنۆر کوڕەکانی دەنێرێ، تا بە دوای خوشکەکەیاندا بگەڕێن، بەڵام هیچیان بۆیان نادۆزرێتەوە.

کادمۆس، دوای پرسین و بەدواداگەڕانێکی بێ ئاکام، پەنا دەباتە بەر غەیبگۆکەی دێلفی (=ئوراکلەکەی دێلفی) و لەوێ پێی ڕادەگەیەنرێ دەست لە ژیانی گەڕۆکی و بەدواداگەڕانی ئێوروپا هەڵبگرێ و لەبریی ئەوە، هەوڵ بدا جێی خۆی لە شوێنێک بکاتەوە و تێیدا نیشتەجێ بێ. ئوراکل بە کادمۆس دەڵێ، دوای مانگایەکی گەڕۆک بکەوێ و کە مانگا لە جێیەک ڕاوەستا و لێی کەوت و ئیتر هەڵنەستایەوە، کادمۆس هەر لەوێ شارێک دروست بکا.

مانگا لە هەرێمی گۆیۆتییێن، لەنێو مێرگێکدا، لێی دەکەوێ و ئیتر هەڵناستێتەوە. کادمۆس، بەر لەوەی شارێک، وەک پێی ڕاگەیەنراوە، دروست بکا؛ دەیەوێ شتێک بۆ ئەتێنا بکاتە قوربانی. بۆ ئەو قوربانییەیش پێویستی بە ئاو هەیە و پیاوەکانی خۆی بۆ سەرچاوەیەکی نزیک دەنێرێ. سەرچاوە ناوی دیرکێ-یە، ئارێس-ی خوداوەندی جەنگ، ئاوەکەی دەپارێزێ و ئەژدیهایەکی بەخوێنتینوویش پاسی ئاوەکەی دەکا و هەموو پیاوەکانی کادمۆس دەکوژێ. بەڵام کادمۆس خۆی، ئەژدیهاکە دەکوژێ، ئەمجا قوربانییەکەی پێشکەش بە ئەتێنا دەکا. ئەتێنایش فەرمانی پێدەدا ددانەکانی ئەژدیهای کوژراو دەربهێنێ و لە زەویدا بیانچێنێ. ئیتر دەمودەست لە ددانە

چێنراوەکانەوە، چەند جەنگاوەرێک بە تەواوی کەرەسەی جەنگەوە، ئامادەی کوشتن و هەڕەشەکردن، دەڕوێن. کادمۆس بەردێک هەڵدەداتە نێویانەوە و ئەوانیش تووڕە دەبن و بە یەکدا دێن و، بێجگە لە پێنجیان، ئەوانی تر یەکتر قڕ دەکەن.

ئەم پێنجەیان — ئەژدیها چێنراوەکان، یا سپارتەکان بە یۆنانیی کۆن- پڕاوپڕی وشە، بە مانای لە زەوینەوە لە دایکبوون و لە جێی خۆدا هەڵتۆقین، دێ. ئەمانە ناویان ختۆنیۆس، ئودایۆس، پیلۆرۆس، هیوپێرێنۆر و ئێخیۆن بووە. لەوساوە بنەماڵەی فەرمانڕەوایانی شاری تێبە، بریتییە لە تێکەڵەیەک لەوانەی لە زەوینەوە لە دایک بوون و کادمۆس، کە پێشتر پەنای بۆ ئەوێ هێنابوو.

ئارێس لە کادمۆس تووڕە دەبێ و ڕقی لێهەڵدەگرێ، چونکە ئەژدیهاکەی ئەوی کوشتووە. کادمۆس، وەک سزادان، ناچار دەکرێ حەوت ساڵ لە خزمەتی ئارێس-دا بێ و ڕووبەڕووی زۆر کاری سەخت و تاقیکردنەوە دەکرێتەوە، بەڵام دوایی ئازاد دەکرێ و پاش ئەوەی خوداوەندەکان تێکڕا دەیبەخشن، هارمۆنییا دەهێنێ، کە کچی ئەفرۆدیتە و ئارێس-ە؛ ئەو خوداوەندەی کادمۆس پێشتر سووکایەتیی پێکردووە و هارمۆنییا خۆیشی ژنەخوداوەندە. ناوەکەی بە مانای پێوەستبوون، هاوئاهەنگی و ئاشتبوونەوە دێ.

کادمۆس و هارمۆنییا چەند منداڵیان دەبێ. یەکێک لە کچەکانیان ناوی ئاگاوێ-یە و شوو بە یەکێک لە سپارتەکان؛ ئێخیۆن دەکا و کوڕێکیان بە ناوی پێنتێوس-ەوە دەبێ. یەکێک لە کچەکانی تری کادمۆس و هارمۆنییا ناوی سێمێلە-یە.

## دیۆنیوسوس

سێمێلە زۆرجار لەگەڵ زێیوس دەخەوێ. دەیشزانێ ئەوەی لەگەڵی دەخەوێ، زێیوس-ە و تا دێ زیاتر داوا دەکا و سوور دەبێ لەسەر ئەوەی زێیوس چۆن هەیە، خۆی لێئاشکرا بکا و بێ هیچ دەمامک و باڵاپۆشێک بەژنوباڵای یەزدانیی خۆی پێشان بدا. سەرەتا زێیوس دوودڵ دەبێ، بەڵام ئاکام خۆی بە دەستەوە دەدا و بە تەواوی هێز و

برووسکەی خۆیەوە لە بەردەمیدا دەردەکەوێ. سێمێلە لەبەر ئەمەدا خۆی بۆ ڕاناگیرێ و بەر برووسکەی زێیوس دەکەوێ، گڕ دەگرێ و دەمرێ. بەڵام سێمێلە دووگیان دەبێ و زێیوس پزەکەی لە لاشەی دایکی دەردەهێنێ، ڕانی خۆی هەڵدەدڕێ و لەوێدا دەیشارێتەوە. کە پزەکە تەواو دەگا، زێیوس لە لەشی خۆی دەیکاتەوە و، لە ترسی چاوی پیسی هێراس، دەیشارێتەوە. بەم جۆرە خوداوەندی دیۆنیوسوس، لە باوکێکی خوداوەند و دایکێکی ئاسایی خەڵکی تێبە، کە وەک هەر دایکێکی تر دەبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان بمرێ، لە دایک دەبێ. کەواتە دیۆنیوسوس لە ڕانی باوکی خۆی لە دایک دەبێتەوە.

دیۆنیوسوس دەبێتە خوداوەندێکی تایبەت و لە خوداوەندانی تر نەچووی بۆ هەمیشە گەڕۆک. ڕوو لە هەر جێیەکیش دەکا، بە توندی هەستونەستی ئەوانی تر دەجووڵێنێ و لای فەرمانڕەوایانی جێی خۆ گەرم کردوو، لەخۆوە، وەک هەڕەشەیەک لێی دەڕوانرێ. کە دیۆنیوسوس لەگەڵ ژنە باکانتییەکانیدا دێن بۆ تراکییێن، پادشا لیوکورگۆس هەموو ژنەکان زیندانی دەکا و بۆ ڕاوکردنی دیۆنیوسوس-یش، گەلەیەک لە پیاوەکانی خۆی و گیانلەبەری دڕندە دەخاتە دوای. بەڵام دیۆنیوسوس، لە دەستیان هەڵدێ و خۆی فڕێ دەداتە زەریاوە. لەوێش لە لایەن تێتیس-ەوە -کە دواتر دەبێ بە دایکی ئەخیلێوس- ڕزگار دەکرێ و پاشان لە ئاسیا دەردەکەوێتەوە.

کە دەگەڕێتەوە بۆ ئاسیا و تێبە-ی زێدی خۆی، ئاگایوێس-ی کوڕی پێنتێوس-ی ئامۆزای دیۆنیوسوس، فەرمانڕەوا دەبێ. ئەمیش جلوبەرگی یەکێک لە قەشەکانی خۆی پۆشیوە و سەروڕووی نێرەمووکی و پڕ لە نهێنی و ترسناکە و دەستەیەک ژنی ئاسیایی بە دواوەوەیە.

خوشکانی سێمێلە، لە تێبە، لە پێش هەموویشیانەوە ئاگایوێ-ی دایکی پێنتێوس، قڕوقەپیان لەو چیرۆکە کۆنە کردووە، کە جارێک لە جاران لە نێوان سێمێلە و زێیوس-دا هەبووە و سەرلەبەرییان شێواندووە و لە بیری خۆیان و خەڵکیان بردووەتەوە. دیۆنیوسوس دەگەڕێتەوە زێدی خۆی، بۆ ئەوەی هەم خۆی و هەم دایکی لەو

گوناهە پاک بکاتەوە و هەم ناچاریان بکا باوەڕ بە توانستی یەزدانیی بهێنن.

بـۆ ئەوەی تۆڵەیش لەو نکوڵیکردنەیان، کە هەموویان لەسـەری یەکڕان، بکاتەوە، ژنانی تێبە بەرەو شێتبوون دەبا: سەرلەبەری داستانی ئـەم بنەماڵەیە، کە سـێمێلە نوێنەرایەتیی دەکا و ئەو پێوەندییەی، کە ئەو پێشـتر لەگەڵ هێزی یەزدانیدا هەیبووە — هەرچەند هەڵەی کردووە، کە ویسـتویەتی پێوەندییەکە زیاد لە پێویسـت نزیک بێ- خەڵکی تێبە نکوڵی لێدەکەن و پێیان وایە لە قسەوقسەڵۆکی چەتە و ڕێگـران زیاتر نەبوون. بێگومان کادمۆس و هارمۆنییا زەماوەندیان کـردووە و ئەمە هیـچ دوودڵییەک هەڵناگرێ، بەڵام ئەوەی کە دەبوو دروسـت بکـرێ شـارێک بووە بۆ خەڵـک، بەپێی پێـوەر و مەرجی ئینسانی بێ هەڵە و پەڵە و هیچی تر نا. دیۆنیوسوس-یش یەک بە خۆی دەیەوێ یەکێتییەک لەگەڵ هێز و توانسـتی یەزدانیدا بهێنێتە ئاراوە — بەڵام بە جۆرێکی جیاوازتر لەو یەکێتییەی کە لە سەروەختی زەماوەندی هارمۆنییا و کادمۆسدا هەبووە. دەیەوێت یەکێتییەکی لەو جـۆرە دابمەزرێنێ، نەک بە هۆی ئاهەنگێک یا ڕێوڕەسـمێکەوە، کە لەوێدا خوداوەندەکان یەکتر بانگهێشـتن دەکەن بۆ ئەوەی پاشـان، دەمودەسـت، بۆ زێدی خۆیان بگەڕێنـەوە، بەڵکو یەکێتییەک لەنێو ژیانی مرۆڤەکان، لەنێو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لە تێبە، وەک چۆن خۆی هەیە. دەیەوێ تۆوێک بچێنێ، کە لە ژیانی ڕۆژانەی هەر کەسێکدا بە جۆرێکی نوێتر چەکەرە بکا. هەر لەبەر ئەوەیش ناچارە ژنەکانی تێبە شـێت بکا. (ژان-پییێر ڤێرنانت، گێڕانەوەی ئەفسـانە یۆنانییەکان، وەرگێڕانی کارین شوێستراند، ١٩٩٩)

وەک لـە تراژیدیاکەی ئێوریپیدێس؛ باکانتـەکان-دا، هاتووە، کە لەوێدا ڕەوتی ڕووداوەکان دەگێڕدرێنەوە، دیۆنیوسـوس «بێسـنوور نەرمونیان و بێسـنوور ترسناکە.» کتومت وەک پادشا لیوکیوگۆس لـە تراکیێـن، پادشـا پێنسـێوس-یش لە تێبە دەسـت بـە ڕاونانی دیۆنیوسـوس و باکانتەکان دەکا، بەڵام کە دیۆنیوسـوس دەگیرێ و لەنێو ئاژەڵەکانی گەوڕی پادشایەتیدا دەستبەسەر دەکرێ، بە ئاسانی

خۆی ڕزگار دەکا و ئاگر بەر دەداتە کۆشـک. ژنانی شـاریش خۆیان بە ئاهەنگی گۆرانیی، ڕابواردن و سەمای ژنە باکانتەکان لە کێوەکان دەسپێرن و بۆ پیاوان قەدەغەیە سەیریان بکەن، بەڵام دیۆنیوسوس دنەی پێنتێوس دەدا جلوبەرگی ژنانە بپۆشێ و بچێتە سەر ترۆپکی درەختێک و بە نهێنی لێیان بڕوانێ. ئەنجامی ئەمە تا بڵێی ترسناک دەبـێ. دیۆنیوسـوس، پێنتێوس بۆ ژنـە باکانتەکان ئاشـکرا دەکا و ئەوانیـش لەتوکوتـی دەکـەن. ئاگایـویَ-ی دایکـی پێنتێوس بە سـەرکەوتوویی خۆی بە شـاردا دەکا و، سەری خوێناویی کوڕەکەی خـۆی هەڵگرتووە و لـەو باوەڕەدایە، کە ئاژەڵێکـی کێوی گرتووە. ئەمە دەبێ بەهۆی بێداربوونەوەیەکی دڵتەزێن. ئاگایویَ، لەگەڵ باوکە پیرەکەیدا؛ کادمۆس، سەری خۆیان هەڵدەگرن و وڵات بەجێدەهێڵن.

ملنەدانی خانەوادەی فەرمانڕەوا بۆ بەدەسـتهێنانی پێوەندییەکی کـراوە لەنێوان تێڕوانینی نەریتـی و تێڕوانینی نامۆدا، بووە بە هۆی ڕوودانی کارەسـات. پێنتێوس، نوێنەرایەتیی ئادگاری بێبەزەییانە و سەختگیریی سـپارتەکان دەکا، نوێنەرایەتیی لۆژیکی جەنگ — ئەو لۆژیکـەی، کـە نوێنەری خۆی بەرەو تێکشـکان و لەنێوچوون دەبا، کاتێک کە ئامادە نییە قەبووڵی جۆرە تێڕوانێکی تری جیاوازی ژیان لە تێڕوانینی خۆی بکا.

## لابداکیدەکان

کە پێنتێوس دەمرێ و ئاگایویَ-ی دایکیشـی وڵاتبەدەر کراوە و زێدی خۆی بەجێهێشـتووە، پۆلیودۆرۆس دەسـەڵاتی تێبە دەگرێتە دەسـت. پێنتێوس بـرای ئاگایویَ و سـێمێڵە-یە و هێندە ناخایەنێ دەمرێ. دوای ئەو، لابداکۆس-ی کوڕی، کە بە شـەلە ناسـراو بووە- لەبـەر ئەوەی هێند گەورە نەبـووە، کە بتوانێ جڵەوی فەرمانڕەوایی بگرێتـە دەسـت، دەسـەڵات دەکەوێتە دەسـت نـەوەی ئەوانەی لە سەرەتاوە لە تێبە نیشتەجێ بوون. لابداکۆس-یش بە گەنجی دەمرێ و لایۆس-ی کوڕیشـی هێندە بە تەمەن نییە، کە بتوانێ دەسـەڵات بگرێتـەوە و لـە زێدی خۆی دەردەکـرێ و ڕەوانەی کۆرینت دەکرێ،

ئیتر جڵەوی دەسەڵات لە تێبەدا دەکەوێتە دەست فەرمانڕەوایانی تر. بەڵام کە لایۆس گەورەتر دەبێ، بۆ زێدی خۆی بانگ دەکرێ و تەختی پادشایەتی پێشکەش دەکرێ و بەو جۆرە فەرمانڕەوایی دەکەوێتەوە دەست لابداکیدەکان.

ئیۆکاستە، ژنی لایۆس و کچی پێنتێوس و مێنۆیکێوس-ە. کەواتە لە نەوەی ئەوانەیە، کە لە خاکەوە لە دایک بوون و ئێکیۆن-ی باپیرەگەورەی یەک لەو پێنج کەسەیە، کە لە ددانەکانی ئەژدیهای کوژراو ڕزگار بوون.

ئیۆکاستە برایەکی بە ناوی کریۆن-ەوە هەیە.

لایۆس و ئیۆکاستە منداڵیان نابێ. لایۆس بۆ ئەوەی کۆمەک بە دەست بهێنێ، پەنا دەباتە بەر ئوراکل (=غەیبگۆ)، بەڵام ئوراکل وەڵامی دەداتەوە کە ئەگەر لایۆس کوڕێکی ببێ، ئەو کوڕە دەیکوژێ و لەگەڵ دایکی خۆیدا منداڵ دەخاتەوە. ترساو لەم پێشبینیکردنە، لایۆس خۆی لە منداڵخستنەوە دەپارێزێ، بەڵام، لەگەڵ ئەوەیشدا، لە کاتی مەستیدا زکی ئیۆکاستە پڕ دەکا و کوڕێکیان دەبێ. منداڵێک لە دایک دەبێ، بەڵام دایک وباوک بڕیار دەدەن لە ناوی ببەن. ئەم کارە بە شوانێک دەسپێرن و پێی ڕادەگەیەنن، کە دوای لەناوبردنیشی، لاشەکەی فڕێ بداتە بەردەمی گیانلەبەرە دڕندەکانی چیای کیتهایرۆن. شوانەیش کونێک دەکاتە کڕکڕاگەی سەروو پاژنەی پێی ساواکە و گوریسێکی تێهەڵدەکێشێ، پاشان دەیکاتە کۆڵی و بەرەو دەشتوبەندەنان دەکەوێتە ڕێ، بەڵام لەوێ پەشیمان دەبێتەوە، منداڵەکە ناکوژێ و لەبریی ئەوە دەیدا بە شوانێکی خەڵکی کۆرینت و ئەویش ئۆیدیپوس- کوڕە ناوی ئەوە بووە و ناوەکەی بە مانای پێئاوساو دێ- دەبا و دەیدا بە پۆلیوبۆس و پێریبۆییا؛ کە شا و شاژنێکی بێ منداڵ بوون.

ئۆیدیپوس لەوێ گەورە دەبێ و پێ دەگا، بەڵام کە دەبیستێتەوە لە پۆلیوبۆس و پێریبۆییا نەبووە و ئەوان دایک و باوکی نین، دەڕوا بۆ لای ئوراکل بۆ ئەوەی لە دروستی و نادروستیی ئەو دەنگۆیە بگا و ڕاستی بۆ دەربکەوێ. ئوراکل وەڵامی ئەو پرسیارەی ناداتەوە، بەڵکو

هـــەر ئەوەندەی پـــێ ڕادەگەیەنێ، کە ڕۆژێک دێ و ئۆیدیپوس باوکی خـــۆی دەکوژێ و لەگەڵ دایکی خۆیدا دەچێتە جێگەوە. ئۆیدیپوس، بۆ ئەوەی خۆی لەم چارەنووســـە ترسناکە بپارێزێ، کۆرینت بە جێ دەهێڵێ و ســـەری خۆی هەڵدەگرێ. بـــەڵام ڕۆژێک لە دووڕێیانێکدا، بە دروشکەیەکی ڕازاوە دەگا و هەردوو ڕێبوار دەبێ بە دەمەقاڵێیان لەسەر ئەوەی کێ ڕێ بۆ ئەوەی تر چۆڵ بکا و لە ئەنجامدا ئۆیدیپوس ئەوی تر دەکوژێ — کوژراو؛ لایۆس-ی باوکی ڕاستەقینەی خۆیەتی! بەڵام ئۆیدیپوس ئەمە نازانێ.

پاشـــان ئۆیدیپـــوس لەســـەر گەشـــتەکەی خۆی بـــەردەوام دەبێ و دەگاتـــە تێبـــە. لـــەوێ، دوای مەرگی لایۆس، کریۆن-ی شـــووبرای دەســـەڵاتی گرتووەتە دەســـت. بەڵام کـــە ئۆیدیپوس دەگاتە شـــار، دەبینێ شار تووشی بەدبەختییەکی سەخت بووە: دەبینێ، سفینیکس (=ابوالهول) تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە و لە بەرەوە و یەک لە دوای یەک کەوتووەتە خواردنی پیاوە گەورەکانی شار، لەبەر ئەوەی ناتوانن مەتەڵێک، کە لە خەڵک داوا دەکا هەڵیبهێنن، هەڵبهێنن. ئۆیدیپوس مەتەڵەکەی هەڵدەهێنێ و سفینیکس دەمرێ و ئەمجا لەوێ نیشتەجێ دەبێ و ئۆکاســـتە-ی بێوەژن مارە دەکا و چوار منداڵیان دەبێ: دوو کوڕ، ئێیۆکلێس و پۆلیونێیکێس و دوو کچ ئەنتیگۆنە و ئیسمێنە.

بەڵام تێبە، هەر زوو، تووشی بەدبەختییەکی تر دەبێ و نەخۆشیی لاڕەشە تەنگی پێهەڵدەچنێ. کریۆن پیاوێک دەنێرێ بۆ لای ئۆراکل، تا ئەو هۆکارەی بۆ ڕوون بکاتەوە، کە قڕی خســـتووەتە نێو نەوەی نوێـــوە و خەریکـــە لە ڕەگوڕیشـــەوە هەڵیدەکێشـــێ. ئۆراکلیش پێی ڕادەگەیەنێ، تا هەقی خوێنی لایۆس نەسێنرێتەوە و بکوژەکەی سزا نەدرێ، هیچ خۆشی و شادییەک لە تێبە چاوەڕوان ناکرێ.

ئیتـــر ئۆیدیپـــۆس بڕیـــار دەدا بـــە دوای بکوژەکـــەدا بگـــەڕێ. تێیرێسییاس-ی ئۆراکل هەقیقەتەکە دەزانێ، بەڵام تا دەتوانێ، هەوڵ دەدا خۆی لە درکاندنی بپارێزێ. ئۆیدیپۆس لەبەر ئەوە گومان دەکا، کە پەیمانێکی نهێنی لەنێوان کریۆن و تێیرێسییاس-دا هەیە و بکوژەکە کریۆن-ە، بۆیە بڕیار دەدا وڵاتبەدەریان بکا، بەڵام ئیۆکاستە ڕێی لێ

دەگرێ. سەرەنجام مەسەلەکە ئاشکرا دەبێ. ئیۆکاستە لە نائومێدیدا خۆی هەڵدەواسێ و ئۆیدیپۆس-ش چاوەکانی خۆی دەردەهێنێ و هەر خۆیشی بووە، کە پێشتر سوێندی خواردووە، کە بکوژی لایۆس هەر کەسێک بێ، دەبێ لە تێبە بکرێتە دەرەوە.

## نەوەی دوای ئۆیدیپۆس

ئێتیۆکلێس و پۆلیونێیکێس، باوکە کوێرەکەی خۆیان لە کۆشکدا دەشارنەوە و دەست دەکەن بە سووکایەتیپێکردنی و ئۆیدیپۆس-یش لە تووڕەییدا نەفرەت لە کوڕەکانی دەکا. ئەوانیش، پاشان، ڕق لە یەکتر هەڵدەگرن. ڕێک دەکەون لەسەر ئەوەی هەر یەکە و ساڵێک فەرمانڕەوایی تێبە بگرێتە دەست و سەرەتا ئێتیۆکلێس دەست پێ دەکا. کە ساڵی یەکەمی فەرمانڕەواییەکەی تەواو دەبێ، مل نادا و نایەوێ تەختی پادشایەتی بەجێبهێڵێ و پۆلیونێیکێس لە تێبە دەکاتە دەرەوە. پۆلیونێیکێسیش پەنا دەباتە بەر ئارگۆس لە پێلۆپۆنێسۆس و پادشای ئەوێیش ئەدراستۆس-ە. پۆلیونێیکێس، کچەکەی ئەدراستۆس؛ ئارگێیا، دەهێنێ و بەوەیش دڵی ئەدریاستۆس بۆ بەرپاکردنی جەنگێک و بە زۆر بەدەستهێنانی فەرمانڕەوایی لە تێبە دەباتەوە.

ئەمجا بە پێشڕەویی حەوت جەنگاوەری بەناوبانگ بەرەو تێبە دەڕۆن. ئایسکیلیۆس لە (ئەو حەوتەی بەرەو تێبە دەڕۆن)دا ئەوە دەگێڕێتەوە، کە چی و چۆن ڕوو دەدا. ئێتیۆکلێس بۆ هەر حەوت دەروازەکەی تێبە سەرۆکخێڵێک دادەنێ و شەڕێکی خوێناوی دەست پێ دەکا، بەڵام بەرەنگاری هێرشەکەیان دەبنەوە و دەبەزێنرێن. لە دەروازەی حەوتەمیندا، ئێتیۆکلێس خۆی وەستاوە و لەوێدا ڕووبەڕووی پۆلیونێیکێس-ی برای دەبێتەوە و شەڕێکی قورس لەنێوانیاندا ڕوو دەدا و یەکتر دەکوژن. هەردووکیان دەبن بە براکوژ.

هەر ئەوسا ئۆیدیپۆس سەری خۆی هەڵگرتووە و دواڕۆژەکانی ژیانی لە کۆلۆنۆس، کە ناوچەیەکی سەر بە ئەتێن-ە، بە سەر دەبا. بەپێی هەندێک لە گێڕانەوەکان، ئەوەی ڕێنوێنیی باوکە کوێرەکەی

دەکا بەرەو سەری خۆ هەڵگرتن، ئەنتیگۆنەیە. لە (ژنە فینیسییەکان)ی ئێوریپیدێس-یشدا، کە ئەمیش باسی گێڕانەوەی شەڕەکانی نێوان ئێتیۆکلێس و پۆلیونێیکێس-ە، ئەم، دوای مردنی براکانی، دوای باوکی دەکەوێ و پێکەوە وڵات بە جێ دەهێڵن، بەڵام پێش ئەوە هەوڵی داوە ناشتنێکی شایان و شەرەفمەندانە بۆ پۆلیونێیکێس-ی برای دەستەبەر بکا، بەڵام لەبەر ئەوەی کریۆن ڕێی لێگرتووە، تێیدا سەرکەوتوو نەبووە:

**ئەم لاشانەیش. یەکەمیان دەبێ ببەینە ماڵەوە.**
**بەڵام پۆلیونێیکێس، ئەوەی لەگەڵ کەسانی تردا هاتووە،**
**بۆ ئەوەی خاکی باووباپیرانمان وێران بکا،**
**دەبێ بەبێ ناشتن، فڕێ بدرێتە ئەودیوی سنووری وڵاتەکەمان.**
**بە هەموو خەڵکی تێبە ڕابگەیەنن،**
**هەر کەسێک چەپکەگوڵ لەسەر لاشەکەی دابنێ،**
**یا بیر لە ناشتنی بکاتەوە، لە مردن زیاتر،**
**هیچ شتێکی تر چاوەڕێی ناکا.**
**ئەنتیگۆنە، تۆیش، دەست لە ناڵین و**
**گەرمەشینی خۆت بۆ مردووەکانت،**
**هەڵبگرە.**

**(وەرگێڕانی تۆرد بێکستروێم)**

لەگۆڕنانی خزموخوێش، لەوێ، لای زۆربەی خەڵک وەک ئەرکێکی پێویست چاوی لێ دەکرا و دەبوو بەوپەڕی ڕێزەوە، ئەنجام بدرایە. لە (ئەوانەی بە دوای پەنادا دەگەڕێن)ی ئێوریپیدێس-دا گرۆیەک لە پیرەژنانی ئارگۆس وەک کۆرسێک لە بەیتبێژان دەردەکەون و بە دوای تێسێوس-ی دانیشتووی ئێلێیوسیس-دا دەگەڕێن و داوای لێدەکەن یارمەتییان بدا، تا لاشەی میراتگرە کوژراوەکانی تێبە، پێکەوە، لە تێبە ببەنە دەرەوە. کریۆن، بە واتایەکی تر، هەر ئەوە نییە، کە لە دانیشتووانی تێبەی پاوان کردووە پۆلیونێیکێس بنێژن، بەڵکو

فەرمانیشی دەرکردووە، کە لاشەی میراتگرە بەزیوەکانیش نەدرێنەوە بە کەسوکاریان. تەنیا کەسێکیش لەو حەوت کەسەی، کە لەم هێرشەدا ڕزگار دەبێ و بەپێی ئەم درامایە، ناکوژرێ ئادراستۆس-ە، کە لەگەڵ تێسێوس-دا سەرلەنوێ هێرش دەکا بۆ تێبە و ئاکام بە لاشەی کوژراوی هاوڕێیەکانیەوە دەگەڕێتەوە زێدی خۆی، تا بە جۆرێکی شایان بنێژرێن. لە کاتی سووتاندنی لاشەکانیشیاندا پێشبینیی هێرشێکی دیکە بۆ سەر تێبە دەکرێ: کوڕانی میراتگرە کوژراوەکان، کە گەورە بوون، بۆ سێیەمین جار پەلاماری تێبە دەدەن و داگیری دەکەن. هەر ئەمانیشن، کە بە ئێپیگۆنەکان، واتە میراتگرەکان، ناو دەبرێن. دە ساڵیش دوای ئەوە، بەسەر تێبەدا سەر دەکەون و وێرانی دەکەن. لەنێو ئێپیگۆنەکاندا ناوی کوڕێکی ئادراستۆس دەهێنرێ، بەڵام ناوی کەسێکی تریش دەهێنرێ بە ناوی تێرساندرۆس، کە کوڕی پۆلیونێیکێس بووە. ئێمە، سەبارەت بەو چارەنووسانەی، کە یەک لە دوای یەک ڕووبەڕووی تێبە بوونەتەوە، ئەوەندە دەزانین، کە لە داستانە بەنێوبانگەکاندا، کە ئێستا لە دەستمان چوون، باس کراون و گێڕدراونەتەوە.

## ئەنتیگۆنە

لە ســەرلەبەری ئەو چیرۆکە جۆربەجۆرانەی لەبارەی ئەنتیگۆنە-وەن و تا ئێســتا لە نێو نەچــوون، چاودێری و بەتەنگەوەهاتنی ئەو پێشــان دەدەن، ئەگەرچی هێرشــی کردووەتە سەر زێدەکەی خۆی، بەرانبەر بە برا کوژراوەکەی؛ پۆلیونێیکێس. لە دراماکەی سۆفۆکلێس-دا، کە لە ٤٤٢ یا ٤٤١ی پێش زایین نمایش کراوە، ئەنتیگۆنە شەڕی خۆی ئاشکرا لە دژی کریۆن-ی خاڵی ڕادەگەیەنێ و سەرپێچیی ئەوە دەکا کە ناشــتی کوژراوەکانی پاوان کردووە و سەرەنجام ڕووبەڕووی هەمان ئاکام دەبێتەوە و دەکوژرێ.

ناکۆکیــی نێــوان ئەنتیگۆنە و کریۆن، ناکۆکییــەک نییە لەنێوان کەســێکدا، کە ڕێز و ستایشــی خۆی بۆ خوداوەندەکان پێشان دەدا و کەســێکی تردا کە خۆویست و خودانەناســە، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیــە، کــە ئەم ناکۆکییە، ناکۆکیی نێــوان دوو جۆری جیاوازە لە خوداناسیی. ژان-پییێر ڤێرنان، بەم جۆرە باسی ئەو ناکۆکییە دەکا: ‹‹شــێوازی یەکــەم ئایینێکە تایبەت بــە خانەوادەیەک، ســەرلەبەر ئایینێکی کەســەکی و ســنووردار بە کۆڕی داخراوی خزموخوێشــی یەکتــر (فیلیــۆی)، کۆوەبــوو لــە گــوێ ئاگردانی مــاڵ، پاڕانەوە و نوێژکــردن بۆ مردووان و شــێوازی دووەمیش ئایینێکی ڕەســمییە و لەوێــدا خوداوەندانی پارێزەری شــار، لە کۆتاییــدا، تێکەڵ بە نرخ و بەهــا باڵاکانی دەوڵــەت دەکرێن. لەنێوان ئــەم دوو بابەتە لە ژیانی ئایینیدا، توندی و گرژییەکی بەردەوام هەیە، کە لە هەندێک باردا (بۆ نموونە لەم بارەدا کە لەم تراژێدیایەدا دەگێڕدرێتەوە) لەوەیە ببێ بە هۆی ئەو ناکۆکییانەی کە چارەسەر ناکرێن. وەک کۆرسی بەیتبێژان ئامــاژەی بۆ دەکا (٨٧٢-٨٧٥) ڕێزگرتن لە خوداوەندەکان لەوپەڕی لە خوداترسیدا شایانی ڕێز و ستایشە، بەڵام ئەرکی پێشڕەوی باڵای دەوڵەتیشــە، کە ڕێز بۆ دەســەڵات خۆی و ئەو یاســایەیش، کە بە خەڵکی ڕاگەیاندووە بە دەســت بهێنێ. وەک ئەوەی کە سۆکراتێس-یــش هیــچ دوور نەبوو لە (کریتۆن)ی [پلاتــۆن]دا ئاماژەی بۆ بکات

خوداناسیی و عەدالەت، ئەگەر گشت هۆکارەکان لە بەر چاو بگرین، ئەوەیـە، کە تۆ لە ئاسـت یاسـاکانی وڵاتی خۆتـدا دەبێ ملکز بی، ئەگەرچی ئەو یاسایانە ناعادلانەیش بن و ئەگەرچی ئەم ناعەدالەتییە بەسـەر خۆتیشدا بشـکێتەوە و بە مەرگیش مەحکومت بکا. چونکە دەوڵـەت، بە واتایەکی دیکە، یاسـاکانی دەوڵـەت (نۆمۆی)، زۆر لە دایکێـک، باوکێـک و لە هەمـوو باوباپیرانیش پێکەوە، بەشـکۆتر و پیرۆزتـرن. هیچ یـەک لەو ئـاکارە ئایینییانەی کە لـە ئەنتیگۆنەدا ڕووبـەڕووی یەکتر دەبنـەوە و لە ناکۆکیدان لەگـەڵ یەکتر، ناتوانێ خۆی لە خۆیدا ئاکارێکی ڕاسـت و دروسـت بێ، ئەگەر بێ و جێیەک بۆ ئەوی تر خۆش نەکا، کە شایانی ئەوی ترە، ئەگەر بێ و ددان بەو شتەدا نەنێ، کە خودی خۆی سنووردار دەکا و بەربەرەکانێی لەگەڵدا دەکا. ئەوەیش جێی بایەخ و گرینگییە، کە ئەو خوداوەندانەی کۆرسی بەیتبێـژان ئاماژەیان بۆ دەکەن دیۆنیوسـوس و ئێرۆس-ن و ئەوان، وەک خوداوەندانی شەوانەی پڕ لە ڕاز و نهێنی، کە لەودیو سنووری توانستی تێگەیشتنی مرۆڤانەوە بن، وەک خوداوەندانی نزیک لە ژنان و نامۆ بە سیاسـەت، بەر لە هەرشـتێکی دیکە، ئایینی چەواشـەی کریـۆن مەحکوم دەکەن، ئەو فەرمانـڕەوا هەرەباڵایەی دەوڵەت، کە لە توانسـتی خوداوەندان کەم دەکاتەوە و دەیکا بە عەقلی سـەلیمی ساکاری خۆی، تا بتوانێ لەژێر پەردەی ڕق و نیازە تایبەتەکانی خۆیدا بیشارێتەوە. بەڵام هەردوو خوداوەند ڕوو لە ئەنتیگۆنەیش دەکەن، کە لە (فیلییا)ی خانەوادەگیی خۆیدا بەند بووە و بە خواسـتی ئازادی خۆی، خۆی بە هادێس بەخشـیوە، کە دیۆنیۆسـۆس و ئێرۆس-یش ڕێک لە پێوەندییەکانی خۆیاندا لەگەڵ مردن، دەسەڵاتی نوێبوونەوە و ژیانیش دەردەبڕن. بەڵام ئەنتیگۆنە، خۆی لەو داوایە کەڕ کردووە، کـە دەبێ خۆی لـە «خزموخوێش»ی و (فیلییـا)ی خانەوادەکەی خۆی ڕزگار بکا و خۆ بە (فیلییا)یەکی تر بسپێرێ، ئێرۆس قەبووڵ بکا و لە یەکگرتنی لەگەڵ نامۆیەکدا بە نۆرەی خۆی ژیان ڕابگەیەنێ، نەک مردن.» (ڤێرنان، لە ژان-پییێر ڤێرنان و پێیر ڤیدال-ناککویێ، (Mythe et tragédie en Gréce ancienne I

ئەمەیــە چەقــی ناکۆکی لــە ئەنتیگۆنەدا. هــەردوو لایەن هەمان دەستەواژە بە کار دەهێنن، بەڵام مەبەستیان جیاوازە. کە ئەنتیگۆنە بانگەشــە دەکا (یاســا)یەک هەیە و فەرمانی بەسەردا دەکا براکەی بنێژێ، هەمان وشــە بە کار دەهێنێ، کــە کریۆن بە کاری دەهێنێ، کاتێــک، کــە ئاماژە بۆ دەســتوور و یاساوڕێســای ڕاگەیەنراو دەکا. کریــۆن مل بۆ گوێگرتن لە ئەنتیگۆنە نــادا. ئەویش نایەوێ گوێ لە کریۆن بگرێ. بەمەیش ئەڵقەیەکی تر بۆ ئەو زنجیرە کارەساتانە زیاد دەبێ، کە چیرۆکی لابداکیدەکان-مان لە تێبە بۆ دەگێڕنەوە.

## سۆفۆکلێس

# ئەنتیگۆنە

## کەسەکان

**ئەنتیگۆنە (١)**
**ئیسمێنە**
**کۆرسی بەیتبێژانی پیرانی تێبە (٢)**
**کریۆن**
**پاسەوان**
**هایمۆن**
**تێیرێسیاس**
**پەیک (٣)**
**ئێوریودیکە**

دێرینترین نمایشکردن ٤٤٢ یا ٤٤١ی پێش زایین.

## پرۆلۆگۆس (٤)

**ئەنتیگۆنە**

**ئیسمێنە**، تۆ کە لە هەمان گۆشت و خوێنی منی و:
لەو ڕووداوانە ئاگاداری کە ئۆیدیپوس (٥)
بە سەر ئێمەیدا هێناون- لەو باوەڕەدای، زێیوس، (٦)
لە داهاتوودا، ڕزگارمان بکا لە دەستیان؟
هیچ خەم و خەفتێک، هیچ ئازارێک، هیچ ئاوڕووتکانێک،
هیچ شەرمێک؛ نییە، ئێمەی دوو خوشک تاقیمان نەکردبێتەوە و پێیدا نەڕۆیشتبین.
ئەو دوو فەرمانە چین، کە دەڵێن سەرلەشکرەکەمان بە خەڵکی شاری ڕاگەیاندوون؟
چی دەزانی؟ هیچت بیستووە؟
هەبێ و نەبێ، دەبێ هەستت بەوە کردبێ دوژمن،
بە نیازە چی بەسەر کەسوکارمان بهێنێ؟

**ئیسمێنە**

نا، هیچ شتێکم نەبیستووە، بە هیچ جۆرێک،
دوای ئەوەی هەردوو براکەمان یەکتریان کوشت و
هەردووکمانیان بە تەنیا بە جێ هێشت،
سەبارەت بە کەسوکارمان، هیچ شتێکم، نەبیستووە.
ئادراستۆس (٧) و ئارگیڤ-ەکان، (٨) ئەمشەو،
شاریان جێهێشت و سەری خۆیان هەڵگرت،

بەڵام لەوە زیاتر، نە بە باش و نە خراپ،
هیچم نەبیستووە.

**ئەنتیگۆنە**
منیش هەستم بەوە کرد، هەربۆیە با لە کۆڵان یەکتر ببینین،
تا دوور لە چاوی نەیاران، بتوانین پێکەوە قسان بکەین.

**ئیسمێنە**
قسان لە چی بکەین؟ لە دوورەوە پێتەوە دیارە و
شتێک بارگرانی کردووی.

**ئەنتیگۆنە**
کەواتە نەتبیستووە کە **کریۆن** (٩) بڕیاری داوە ڕێز لە برایەکمان
بگرێ و سووکایەتیش بەوی تریان بکات؟
**کریۆن**، ئێتیۆکلێس–ی (١٠) بەپێی عەدالەت و
ڕێنوێنیی دابونەریت، ناشتووە؛
تا لە خاکی مردوواندا بە ڕێزەوە پێشوازیی لێبکرێ.
بەڵام دەڵێن سەبارەت بە لاشەی پۆلیونێیکێس–ی (١١) خۆشەویست
و کلۆڵ، فەرمانێکی داوە، کە هیچ کەس، لە سەرلەبەری شاردا،
نە بۆی هەیە بینێژێ و نە بە گریان بیلاوێنێتەوە؛
کە کەس نابێ بەسەر لاشەکەیدا بگری و نایشبێ بنێژرێ،
بەڵکو دەبێ ببێ بە خۆراکی باڵندان.
ئەوەتا دەبینی **کریۆن** چ بڕیارێکی داوە،
ئێمەیش دەبێ قەبووڵی بکەین — تۆ و منیش.
دەیشیەوێ بێ بۆ ئێرە و هەموو شت،
بۆ ئەوانەی کە هێشتا نەیانبیستووە،
ئاشکرا بکا و قسەیش هەر قسەی خۆیەتی:
ئەوەیش مل بەم فەرمانەی نەدا، بەپێی یاسا،
دەبێ خەڵک بەردبارانی بکەن، تا دەمرێ.

بەم جۆرەیە ئیتر، تۆیش دەبێ، دەستوبرد،
پێشانی بدەی، ئاخۆ کچی دایکوباوکی خۆتی،
یا دەبێ ئاوڕووی تۆیش،
وەک ئاوڕووی گشت کەسوکارمان ببرێ.

**ئیسمێنە**
بەڵام، خوشکە خۆشەویستەکەم، ئەگەر کار بەو جێیە گەیشتووە، شتێکیش بکەم، بە چی دەچێ و چ سەرکەوتنێک بە دەست دەهێنم من؟

**ئەنتیگۆنە**
ئێستا — ئامادەی یارمەتیم بدەی یا نا؟

**ئیسمێنە**
بۆ شتێکی ترسناک؟ بیر لە چی دەکەیتەوە؟

**ئەنتیگۆنە**
یارمەتیم بدەی، تا لاشەی براکەمان لا بەرین!

**ئیسمێنە**
پاشان بینێژین، ئەگەرچی بۆمان نییە!؟

**ئەنتیگۆنە**
براکەم؟ بێگومان برای تۆیش،
ئەگەرچی، بێگومان، تۆ خۆتی لێدەدزیتەوە.
من بەڵام، پەیمان ناشکێنم!

**ئێسمێنە**
چ لاساری! هەرچەند **کریۆن** ئەوەی پاوان کردووە؟

**ئەنتیگۆنە**
بەڵام مافی ئەوەی نییە لە شتێکم جیا بکاتەوە، کە هیی خۆمە.

**ئیسمێنە**
بەڵام، **ئەنتیگۆنە**، ئەوەت لە بیر نەچێ، کە باوکمان
وەک پیاوێکی ناوزڕاو؛ کە خەڵک ڕقیان لێی دەبووەوە،
وەک کەسێک، کە خۆی ئەو تاوانە خراپانەی هەڵبژرادبوو،
کە لە دەستی بووبوونەوە، سەری لێشێوا و لە نائومێدیدا،
هەردوو چاوی خۆی دەرهێنان!
هەر ئەوەیش نا: ژنەکەی و دایکی خۆی،
- چونکە دایکمان هەردووکیان بوو-
دەستی دایە گوریسێک و خۆی هەڵواسی.
بێ لەمانەیش: براکانیشمان، لە یەک ڕۆژدا و
لە مەیدانی جەنگدا، بوون بە مایەی لەناوبردنی یەکتر و
شمشێریان لە یەک هەڵگرت و یەکتریان کوشت.
ئاخۆ دەکرێ ئێستا ئێمە،- کە هەر ئێمە ماوینەتەوە-
بەرەنگاری بڕیاری فەرمانڕەوا و هێزی یاسا ببینەوە؟
ئاخۆ چەند ترسناک بێ ئەو سزایەی چاوەڕێمان دەکا!
با بیریشمان نەچێ، کە ژن نابێ لە قسەی پیاوەکەی دەربچێ،
نابێ پەنا بۆ شەڕ بەرێ، ئەوەیشت لە بیر نەچێ، کە ئێمە
پیاوانێکی زۆر لە خۆمان بەدەسەڵاتتر، بەڕێوەمان دەبەن و
ناچارین بەرگەی ئازاری لەمانە زۆر خراپتریش بگرین.
من بۆ خۆم داوای بەخشین لە خوداوەندانی ژێرزەوین دەکەم،
چونکە من لە ناچاریدا بەم جۆرە ڕەفتار دەکەم.
بە نیازیشم گوێڕایەڵی دامودەسگە دەسەڵاتدارەکان بم:
شەڕ و بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی باڵا بە هیچت ناگەیەنن.

**ئەنتیگۆنە**
تۆ کارت بە شەڕ نەبێ، خۆت بپارێزە و

ئەگەر پەشیمانیش بیتەوە، ئەوسا من نامەوێ،
شانبەشانی تۆ، شەڕ بکەم.
ئەوەی بۆ خۆت باشە، ئەوە بکە — منیش براکەی خۆم دەنێژم.
مردن لە پێناوی ئەمەدا، شتێکی بە ڕاستی گەورە دەبێ.
بڵێی ئەگەر لەشی خوشک لەپاڵ لەشی براوە ئارام بگرێ،
تاوانەکە «پیرۆز» نەبێ؟
ئەو کاتەی دەتوانم دڵی هادێس-ی تێدا خۆش بکەم،
لەو کاتە درێژخایەنتر دەبێ، کە لەنێو ئێوەدا بە سەری دەبەم و
– لەوێدا بۆ هەمیشە دەمێنمەوە.
تۆیش لەسەر کاری خۆت بەردەوام بە و
گاڵتە بە هەر شتێک بکە،
کە لای خوداوەندانی ئێمە پیرۆزە!

**ئیسمێنە**

من گاڵتەم بە هیچ شتێک نەکردووە،
ئەوە نەبێ کە کاری نەکردەیە بۆ من،
بەرەنگاری خواستی خەڵک ببمەوە.

**ئەنتیگۆنە**

ئەمە تەنیا بیانووهێنانەوەیە و هیچی تر!
من، هەر ئێستا، دەڕۆم و
گۆڕێک بۆ برا خۆشەویستەکەم هەڵدەکەنم.

**ئیسمێنە**

ئەمە تووشی بەدبەختی و کارەساتت دەکا!
لە ژیانت دەترسم!

**ئەنتیگۆنە**

تۆ خەمی خۆت بخۆ و خەمی منت نەبێ!

**ئیسمێنە**

بەڵام بە کەس مەڵێ بە نیازی چیت.
ڕازی خۆت لای کەس مەدرکێنە!
بۆ خۆیشم لەگەڵ کەس قسە ناکەم.

**ئەنتیگۆنە**

تۆ چۆنت پێ خۆشە، هەروا قسە بکە! ئەگەر بێدەنگ بی،
لەبریی ئەوەی بە هەمووان ڕابگەیەنی،
زیاتر ڕقم لێت دەبێتەوە!

**ئیسمێنە**

دڵت بۆ کاروبارێکی ساردوسڕ ئاگری گرتووە.

**ئەنتیگۆنە**

بەڵام دڵی ئەوانەی دەمەوێ دڵیان، لە دڵی هەمووان خۆشتر بن،
- دڵی ئەوان خۆش دەکەم!

**ئیسمێنە**

هەر ئەوەندە بۆت سەر بگرێ!
تۆ کاری نەکردەت خۆش دەوێ!

**ئەنتیگۆنە**

کە سەری نەگرت و منیش گوڕوتینم تێدا نەما،
دەستی لێ هەڵدەگرم.

**ئیسمێنە**

بەڵام دواکەوتنی کاری نەکردە هەڵەیە.

**ئەنتیگۆنە**

بیروبۆچوونی تۆ ئەوەیە! دە ئەوەیش بزانە، کە لەخۆڕا نییە،
من و برا کوژراوەکەم، ڕقمان لێت دەبێتەوە.
بەڵام ئێستا ڕێم بدە با هەست بکەم،
ئاکامی ئەوەی کە گوایە شێت بووم، چی دەبێ:
بەدڵنیاییەوە هیچ شتێک، کە بتوانێ ڕێم لێ بگرێ،
مردنێکی پڕ لە شکۆ و بە ئاوڕوو بمرم.

**ئیسمێنە**

کەواتە بڕۆ! بەڵام لە بیریشت نەچێ،
ئەگەرچی ئەمە لە شێتی زیاتر نییە،
سەرباری ئەوەیش تۆ لای من و
لای خزموخوێشت، خۆشەویستی.

## پارادۆس (١٢)

تۆ ئەی تیشکی ڕووناکی خۆر، جوانترین
لە هەموو ئەوانەی کە جارێک لە جاران،
تێبەی حەوت دەروازەیان ڕووناک کردووەتەوە،
ئاکام خۆتت پێشان دا،
تۆ ئەی چاوی زێڕینی ڕۆژ:
تۆ بەسەر تەوژمی ئاوی دیرکە-دا (١٣) هاتی و
قەڵغانە سپییەکانت،
لەشکری ئارگیڤەکانت،
بە پەلەپروزکێ و
بە کەرەستەکانیانەوە،
تۆقیو لە هێزی تۆ،
کە تا دەهات بەهێزتر دەبوو،
دەرپەڕاند.

پۆلۆنێیکێس بوو، لە کاتێکدا براکان،
خەریکی شەڕەدەمی خۆیان بوون،
لەسەر ئەوەی کامیان وڵات بەڕێوە ببا،
سەرنجی ئەوانی بەرەو وڵاتەکەمان ڕاکێشا و ئەوان:
بەدەم چریکەی بەرز و باڵی وەک بەفر سپییەوە،
وەک هەڵۆیەک، بەرەو خاکەکەمان دانەوین،
لەشکرێکی بەهێزی پڕچەک بە ڕم و
بە کڵاوخودی ڕازاوەوە بە مووی ئەسپ.

ئەو لەشکرە بە دەوری بانەکانماندا سووڕایەوە،
ڕمە کوشندەکانی خۆی لە دەوری هەر حەوت دەروازەکەمان و
بە هەموو لایەکدا بڵاو کردەوە،
بەڵام بەرلەوەی سەری ڕمەکانیان تامی خوێن بچێژن و
سەر دیوارەکانمان بە ئاگرەکەیان گڕ بگرێ،
ناچار بە کشانەوە کران.
قیژەوهاواری ترسناکی جەنگ،
لە دەوروپشتی دەنگی دایەوە و ئیتر:
بۆ هەڵۆ ئاسان نەبوو شاری ئەژدیها وێران بکا،
چونکە زێیوس هەر ڕقی هەیە دژی خۆهەڵکێشان،
خۆهەڵکێشانێک، کە لە زمانی بێشەرم و شەڕەوە دێ و
کە بینیی چۆن ئەوان وەک تەوژمێک دەهاتنە پێشەوە،
پشتی بە زێڕ و زرینگەی خشڵەکانی خۆی بەست،
شریخەی لە برووسکەکەی خۆی هەڵساند و
برووسکە بەسەر ئەو پیاوەدا داباری،
کە لەسەر دیوارەکە خەریک بوو،
جاڕی سەرکەوتنی دەدا.

ئەو سەرسمی دا و
لەسەر دیوارەوە بەرەو زەوییە ڕەقەنەکە بەربووەوە؛

ئـەو تووڕەترۆیەی، کە بەوپەڕی هێزەوە زریانی ڕقی بەسـەر تێبەدا هەڵکردبوو.
بەڵام لە شوورەیی زیاتری پێ نەبڕا و
کۆمەککاری مەزنیش؛ ئاریس، (١٤) بە دەستی پۆڵایین،
ئەوانی تری، بە چارەنووسی خۆیان گەیاند.

چونکە حەوت کاپتن و هەر یەک و لای دەروازەی خۆی،
هەر ئارگیڤێک بەرانبەر تێبەییەک، کە چەکە برۆنزەکانی خۆیان
وەک دیاری پێشکەش بە زێیوس کرد، بەڵام ئەو دوو کڵۆڵەی،
کە منداڵی هەمان باوک و دایک بوون:
نێزەکانی خۆیان لە لەشی یەکتر چەقاند و
پێکەوە مردن.

بەڵام پاشان، ژنەخوداوەندی بەشکۆی سەرکەوتن هات و:
ئێستا لەگەڵ ئێمەدا شایی سەرکەوتن بۆ تێبەی پڕ لە گالیسکە دەگێڕێ، بۆ ئەو جەنگانەی کە بە سەر چوون-
کەواتە با خەم و پەژارەی خۆمان لە بیر بکەین،
بەرەو پەرستگەکان بڕۆین و
شەو تا بەیان سەما بکەین-
باکخۆس-یش (١٥) کە تێبەی هێناوەتە لەرزین،
ببێ بە پێشڕەومان.

بەڵام ئەوە پادشای تازە تاج لەسەرنراوی وڵاتەکەمان؛
**کریۆن**؛ کوڕەکەی مێنۆیکێوس، (١٦) بەرەو ئێرە دێ،
کە لە بارێکدا فەرمانڕەوایی دەکا،
خوداوەندان بۆ ئێمەیان ڕەخساندووە-
ئاخۆ خەریکی چ پلانێک بێ،
کە لە پێناویدا ئێمەی پیرانی بەرەو ئێرە بانگ کردووە و
شورایەکی تایبەتی لێدروست کردووین،

ئێمە، کە لە هەموو لایەکی شارەوە بۆ ئێرە بانگ کراوین؟

## ئێپێیسۆدیۆن ١ (١٧)

### کریۆن

خەڵکی تێبە! خوداوەندان شارەکەی ئێمەیان، بەوپەڕی هێزەوە،
ڕاتەکاندووە، بەڵام وا ئێستا کەوتووەتەوە سەر ڕاستەڕێی خۆی.
ئێوە کە لێرەن، هەر هەمووتان، بۆ ئێرە بانگ کراون:
لە من شاراوە نییە، کە ئێوە بەرانبەر لایۆس (١٨) و
فەرمانڕەوایی ئەو بەئەمەک بوون و
بە هەمان شێوەیش بەرانبەر شا ئۆیدیپوس، پاش ئەوەیش،
کە چارەنووس ئەوی تێکوپێک شکاند،
پشتیوانیی بە ئەمەکی خۆتان بە دوو کوڕەکەی بەخشی.
ئێستا، کە جووتێک کارەساتی جەرگبڕ و هەمان ڕۆژ
ئەو دوو برایەی پێکەوە لەناوبردووە و هەر یەک بە دەستی
ئەوی تر کوژراوە، کاری من ئەوەیە وەک پادشای ئێوە،
چونکە من نزیکترین کەسی کوژراوەکانم، دەستبەکار بم.
کاری کردەنی نییە بە دروستی لە توانست، ئاکار و
توانای هەڵسەنگاندنی پیاوێک تێ بگەی،
بەرلەوەی پێڕاگەیشتبێ پێشانی بدا،
بەکەڵکی چی دێ و چی لە باردا هەیە.
دەمەوێ بڵێم: ئەوەی دەسەڵاتی شارێکی پێدرابێ و
کەچی ئەو سیاسەتە بە کار نەهێنێ،
کە خەڵک بە ڕێی ڕاستدا دەبا،
بەڵکو لە ترساندا لە تێگەیشتنی خۆی بێدەنگ بێ،
ترسنۆکێکە ئاو لێڵ ناکا و
– هەمیشەیش هەر بەو چاوە سەیر کراوە.
ئەوەیش کە پێی وایە خزموخوێش و هاوڕێیانی
لە خاکی باوباپیران لە پێشترن،

له بێئاوڕوویەک زیاتر نییە.
با زێیوس–یش، کە هەمیشە هەموو شتێک دەبینێ؛ بزانێ،
کە من پێم سەختە بێدەنگ بم،
کاتێک دەبینم شارەکەمان خەریکە سەرسم دەدا و
کارەسات هەڕەشەی لێدەکا،
هەر کەسێکیش ناپاکیی لەگەڵ خاکی باوباپیرانیدا کردووە،
ناتوانێ هاوڕێیی من بە دەست بهێنێ،
چونکە دەزانم دەوڵەت ئەو کەشتییە دڵنیایەیە،
کە ڕزگارمان دەکا و ئەگەر بە دڵنیاییەوە چارۆکەکانی بکاتەوە و
ڕێ بکا، ئەوانەی بەڕاستی هاوڕێمانن، بەرەو لامان دێن.
لەسەر ئەم بیر و ڕێبازەیە سیاسەتی خۆم هەڵدەچنم.
بەپێی ئەویش ئێستا بڕیارێکم داوە،
کە پێوەندی بە دوو نەوەکەی ئۆیدیپوس–ەوە هەیە.
ئێتیۆکلێس، کە ئازایەتیی لە جەنگدا پێشان داوە و
ژیانی خۆی بۆ خاکەکەی کردووە بە قوربانی،
دەبێ بەوپەڕی ڕێز و ستایشەوە لە هەموو دابونەریتێک،
کە شایانی شانوشکۆی پاڵەوانانی ژێرزەوینن، بنێژرێ،
بەڵام براکەی، مەبەستم لە پۆلیونێیکێس–ە،
ئەوەی لە ئاوارەیی و دوورەوڵاتی بۆ زێدی خۆی گەڕایەوە و
لە بیری ئەوەدا بوو، هەم شار و
هەم بتە دارینەکانی پەرستگەکانی،
بسووتێنێ و سووک و ئاسان خوێنی باوباپیرانی بخواتەوە و
شارنشینان وەک کۆیلە بە شارێکی تر بفرۆشێ،
– سەبارەت بەو لە هەموو شارنشینانم پاوان کردووە،
لە گۆڕی بنێن و فرمێسکی بۆ بڕێژن.
لاشەکەی ئەو نابێ لە گۆڕ بنرێ و
دەبێ تا هەمووی هەڵدەلووشن،
بۆ سەگ و پەلەوەران بە جێ بهێڵرێ.
تا منیش لە ژیاندا بم، نابێ هیچوپووچان،

لە دادوەران زیاتر خەڵات بکرێن و پاداشتیان بدرێتەوە.
بەڵام ئەوەی وەفادار لە ژیان و
مردنیدا بەرانبەر تێبە ڕەفتار دەکا،
لە میهرەبانی و نیازپاکیی من بێبەریی نابێ.

**کۆرس**
کوڕەکەی مێنۆیکێوس، کەواتە، وا بیرت لە ڕەفتارت
لەگەڵ دۆست و دوژمنانی شاری ئێمە کردووەتەوە.
چونکە تۆ، سەبارەت بە گشت زیندوو و مردووەکانی ئەم شارە،
دەسەڵاتت هەیە و دەتوانی هەموو بڕیارێک بدەی.

**کریۆن**
ئێوەیش دەبێ وا لە خەڵک بکەن گوێڕایەڵی فەرمانەکانم بن و لێیان دەرنەچن.

**کۆرس**
ئەو ئەرکە بە هێزێکی خورتتر لە هێزی ئێمە بسپێرە!

**کریۆن**
نەخێر، لێرە پاسەوانان هەن و
بە دیار کەلاشانەوەن و
پاسەوانییان دەکەن.

**کۆرس**
لەمە زیاتر چ فەرمانێکی ترت هەن؟

**کریۆن**
سزای ئەو کەسە بدەن، کە گوێڕایەڵی بڕیارەکەم نییە.

**کۆرس**
هیچ کەس هێندە دەبەنگ نییە، مەرگی خۆی بە ئاوات بخوازێ.

**کریۆن**
بەڵێ، مەرگ پاداشتی ئەوان دەبێ!
بەڵام زۆرجارانیش ئارەزووی بەدەستهێنانی قازانج،
خەڵکی بە شارای مەرگ گەیاندووە.

**پاسەوان**
بانگەشەی ئەوە ناکەم، سەروەرم، کە هێند بە خێرایی بەرەو ئێرە ڕامکردبێ، هەناسەم سوار بووبێ، چونکە بیرەکانم زۆرجاران هەنگاوەکانمی ڕاگرتووە و
وایلێکردووم بیر لە گەڕانەوە بکەمەوە.
چونکە ناخم دەیویست لە بەرانبەرمدا بوەستێتەوە و پێی دەوتم:
‹›کلۆڵ! بۆ بەو پەلەپرووسکێیە بەرەو سزاکەت دەڕۆی؟
ترسنۆک، دەتەوێ خاووخلیچکی بکەی؟
ئەگەر کەسێکی تر **کریۆن** ئاگادار بکاتەوە،
کەس نازانێ چارەنووست چی دەبێ و
چ سزایەک چاوەڕێت دەکا."
ئاوها بیرم دەکردەوە و خاووخلیچک بەرەو ئێرە بە ڕێوە بووم،
ڕێگەیش کە کورت بوو، دەمودەست،
هێند درێژ بووەوە؛ نەبێتەوە.
ئاکام ئەو بیرەی کە دەبوو من بەرەو ئێرە بهێنێ،
تا ئەوە ڕابگەیەنم کە دەیزانم، هەرچەند کەمیش بێ،
سەرکەوت و ئێستایش کوێرانە هەر ئەوەم بۆ ماوەتەوە متمانە بەوە بکەم، کە تووشی هیچ شتێکی تر نابم،
لەوە زیاتر کە چارەنووسم، پێشتر، بڕیاری داوە.

**کریۆن**
بەڵام چییە ئەوەی وا سەری لێشێواندوی؟

**پاسەوان**
سەرەتا دەمەوێ بزانی ئەوەی تاوانبارە من نەبووم،
نەیشمبینی کێ بوو، کەواتە من شایستەی ئەوە نیم،
بەرپرسی بخرێتە ئەستۆم.

**کریۆن**
وەک پشیلەی پێسووتاوی و جێ بە خۆت ناگری،
کەواتە تێدەگەم گرینگترین دەنگوباست پێیە.

**پاسەوان**
ئاخر شتی گرینگ، تا ئەوپەڕی،
ئارامی لەبەر مرۆڤ هەڵدەگرێ و نیگەرانی دەکا.

**کریۆن**
ئێستا، دەتەوێ بیڵێی یا نا؟ پاشان دەتوانی بڕۆی.

پاسەوان
پەلەت نەبێ! بەڵێ، کەسێک تۆزوخۆڵی تینووی ئاوی،
بەسەر لاشەی مردووەکەدا پرژاندووە و
بەدەم ڕەچاوکردنی هەموو دابونەریتەکانمانەوە،
لە گۆڕی ناوە و پاشان بە ڕێی خۆیدا ڕۆیشتووە.

**کریۆن**
ئەم قسەیە چییە؟ کێیە ئەوەی وێراویەتی ئەو کارە بکا؟

**پاسەوان**

نازانم. نە جێی پاچ و نە هیچ بە زەوییەکەوە دیار بوو،
زەوی خۆیشی ڕەقەن، وشک و نەشکێنراو،
جێپێچکەی هیچ گالیسکەیەکیشی پێوە نەبوو،
کەواتە ناسنامەی ئەوەی ئەو کارەی کردووە،
نادیارە و خۆیشی کەسنەناس.
کە دنیایش ڕووناک بووەوە و پاسەوانبانگی کردین،
ڕووبەڕووی دیمەنێکی ناخۆش بووینەوە.
هیچ کوێی لاشەکە دیار نەبوو، نەخرابووە ژێر گڵ بەڵام،
بۆ ئەوەی کەس تووشی بەڵایەک نەکا، بە تۆزوخۆڵ داپۆشرابوو.
لە هیچ جێیەکیش، شوێنەوارێک نەبوو، کە سەگێک،
یا گیانلەبەرێکی دڕندە هاتبێ و لەتوپەتی کردبێ.
هەموومان، لەگەڵ یەکتر، تووشی هەراوهۆریا و
قیژەقیژ و دەمەدەم بووین،
پاسەوانلە پاسەوانی دەپرسییەوە و
بە جۆرێک کەوتینە داپڵۆسینی یەکتر،
کە بە هیچ کەس ڕانەدەگیرا؛
چونکە هەریەکە و ئەوی تری تاوانبار دەکرد،
بەڵام هیچ بەڵگەیەک لە ئارادا نەبوو، هەر لەبەر ئەوەیش،
نەدەتوانرا کەس بە تاوانبار دەستنیشان بکرێ.
بەڵام هەر هەمووومان ئامادە بووین،
ئاسنی داغ بە دەست بگرین،
بەنێو ئاگردا بڕۆین و سوێند بخوێن،
کە نە ئێمە بووین ئەو کارەمان کردووە،
نە زانیومانە کێ پلانی ئەو کارەی داڕشتووە و
نە کێیش بە ئەنجامی گەیاندووە.
لە ئاکامدا، کە بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشتین،
کەسێک لە ئێمە شتێکی وت و سەری هەمووومانی،
لە ترساندا، شۆڕ کرد و زمانمان گیر،

نەمانتوانی نە لە دژی قسەکەی بوەستینەوە و
نە ڕێیەکیش بۆ ڕزگاربوون لەو گرفتارییە بدۆزینەوە،
کە دووچاری بووبووین.
قسەکەیشی ئەوە بوو،
کە دەبێ بەزوویی هەرچییەک کە ڕووی داوە،
بە جێی خۆی بگەیەنین و نابێ هیچ بشارینەوە.
پاشان گرەومان لەسەر کرد،
کێ ئەم هەواڵە ڕابگەیەنێ و
پشکی ڕاگەیاندنی بەر من کەوت و
ئێستایش منم کە ئەم دیارییە «جوان»ە پێشکەش دەکەم.
ئەوەتا دەبینی، لێرەدا، ڕاوەستاوم و
ئەمەیش نە بە خواستی خۆمە و نە دەمەوێ!
چونکە هیچ کەسێک ئەوەی خۆش ناوێ،
کە بڕیارێکی ناخۆش ڕادەگەیەنێ.

## کۆرس

بە نیگەرانییەوە، گەورەم، بۆ کەمێک بیرم کردووەتەوە،
لەوەی ئاخۆ جڵەوی ئەمە بە دەست خوداوەندانە یا نا!

## کریۆن

بێدەنگ بە، بەر لەوەی تووڕە ببم و
ڕووت بشکێنم و پێت بڵێم،
تۆ هەر ئەوەندە نییە کە پیری،
بەڵکو دەبەنگیشی!
تۆ شتێک دەڵێی کەس خۆی لەبەر ناگرێ:
بۆ دەبێ، خوداوەندان، لاشەی پۆلیونێیکێس بپارێزن!
مەبەستت لەوەیە کە تەنیا لەبەر سوپاسگوزارییە،
خوداوەندان «پیاوچاکی خۆیان» شاردووەتەوە،
تا بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی پەرستگە و مێزی پەرستگەکانیان

تێکوپێک بشکێنێ و خاکیان وێران بکا و
دابونەریتیشیان لە ڕەگوڕیشەوە هەڵبکێشێ؟
پێت وایە خوداوەندان ستایشی تاوانباران دەکەن؟
بە هیچ جۆرێک! بەڵام دەمێکە خەڵکانێک لە شارەکەماندا هەن،
منیان خۆش ناوێ و بە دزییەوە جنێو و قسەی ناشیرینم پێ دەڵێن
و بە بەشی خۆیان ناڕازین و نەیانویستووە ڕێز لە من بگرن،
کە بە یەک چاو و بەپێی یاساوڕێسای پەسەندکراوی هەمووماں،
سەیری هەمووان دەکەم.
گومانت نەبێ، من لەوە تێدەگەم،
کە ئەوانن دەست و دەمی پاسەوانانیان چەور کردووە،
بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەن.
چونکە هیچ شتێک هێندەی پارەوپوول زیان بە مرۆڤ ناگەیەنن و هەر
پارەوپوولیشن، دەبن بە هۆی داڕمانی شارێک،
هەر ئەوانیشن، سووک و ئاسان، خەڵکی ماڵبەدەر دەکەن!
ئەوانن گەندەڵمان دەکەن و توانستی هەڵسەنگاندنمان چەواشە
دەکەن و بەرەو ڕیسوایی و ڕەفتاری بەد ڕاپێچمان دەکەن!
لە پارەوپوولەوە خەڵک فێری ڕەفتاری خراپ دەبن و
هەرچییەکیش کە دەیکەن،
لەوسەری خودانەناسییەوە سەر دەردەهێنێ.
بەڵام ئەوەی لە بەرانبەر پارەوپوولدا بە تاوان هەڵدەستێ،
دەبێ، سەرئەنجام، قەرەبووی کارەکانی خۆی بکاتەوە.
ئەمجا، ئەگەر هێشتا لە زێیوس-ی خوداوەند دەترسن،
دەبێ ئەوە بزانن — یەک بە یەکی وشەکانیشمم مەبەستە-
کە ئێوە، دەمودەست، دەبێ بە دوای ئەو کەسەدا بگەڕێن،
کە لاشەکەی ناشتووە، دەبێ بیدۆزنەوە و بیهێنن بۆ ئێرە،
ئەگەرنا لە مردنیش خراپتر چاوەڕێتان دەکا:
سەرەتا بە زیندوویی هەڵدەواسرێن،
تا هەموو کەس تاوانەکەتان بە چاوی خۆی ببینێ،
پاشان لێتان ڕوون دەبێ، کە لە کاتێکدا ئێوە لە چاوچنۆکان زیاتر

نین، چ قازانجێک بە دەست دەهێنن و ئەوەیشتان بۆ بەسەر ناچێ،
کە هەمیشە خوو بە بەدەستهێنانی پارەوپوولەوە بگرن.
چونکە کاروکردەوەی پۆخڵ،
لەباتیی ئەوەی زۆربەی خەڵک،
بەرەو ناووناوبانگی بەشکۆ و ڕێز بەرن،
ڕاپێچی فەوتان و ماڵوێرانییان دەکەن.

**پاسەوان**

دەتوانم شتێک بڵێم؟ یا بڕۆم؟

**کریۆن**

بێگومانم هێشتا هەستت نەکردووە ئەمە چ ئازارێکی هەیە؟

**پاسەوان**

مەبەستت ئازاری دەروونتە، یا ئازاری گوێیەکانت؟

**کریۆن**

بە چی دەچێ دەستڕاکێشان بۆ ئەو جێیەی دەئێشێ؟

**پاسەوان**

ئاخر تاوان ڕووح و وشە گوێ ئازار دەدەن.

**کریۆن**

تۆ لەوانەیت، لە خۆوە، حەزیان لە چەنەبازییە، وا نییە؟

**پاسەوان**

بەڵام، بەهەرحاڵ، لە بەرانبەر ئەم تاوانەدا، بێگوناهم!

**کریۆن**
کەواتە، ژیانت بە پارەوپوولێکی کەم فرۆشت!

**پاسەوان**
چەند ترسناکە، هەست بە شتێک بکەی و
هەستکردنەکەیش ڕاست نەبێ.

**کریۆن**
سەبارەت بە هەستکردن نایبڕیتەوە!
ئێستا پێم بڵێ کێ ئەمەی کردووە،
ئەگەرنا فێرت دەکەم چاوچنۆکی سەری بە کوێوەیە و
چ ئازارێکی هەیە!

**پاسەوان**
بەدڵنیاییەوە دەمەوێ ئەو کەسە بگیرێ!
بەڵام بەدەر لەوە، کە بگیرێ یا نا- کە ئەمیان کاری چارەنووسە-
لێرە تۆ هەرگیز نامبینیەوە.
دژ بەوەیش کە عەقڵ دەیڵێ، من لێرەدا وەستاوم و برینداریش نیم،
بۆ ئەمەیش پڕ بە دڵ سوپاسی خوداوەندان دەکەم و
قەرزارباری ئەوانم!

## ستاسیمۆن ١ (١٩)

**کۆرس**
زۆر شت سەیرن،
لە هەموویان سەیرتر مرۆڤ.
زستانان کە زریان دێن،
بەسەر کێوە دێزەکانی زەریادا،
کە لە دەوری ئەو هەڵدەکشێن و

دادەشکێن، گەشت دەکا؛
خاک، کە لای خوداوەندان باڵاترینە،
ناشکێنرێ و ماندوویی ناناسێ،
ساڵ لە دوای ساڵ، بە گاسنەکەی
کە لەوسەری شێوەردەوە دەگەڕێتەوە،
هەڵدەداتەوە و خۆڵەکەی بۆ بەرهەمهێنان،
خۆش دەکات.

باڵندەکانی ئاسمان،
کە بێئاگا دێن و دەچن و
خزموخوێشە کێوییەکانیان لەسەر زەوی و
ماسی نێو زەریاکان،
دەبەزێنێ و
- مرۆڤی زرنگ-
بە داو و تۆڕ دەیانگرێ.

بەسەر بزنەکاندا،
کە بە ڕکە و نشێواندا،
هەڵدەگەڕێن و دادەگەڕێن،
سەردەکەوێ و
ئەسپە یاڵبژەکان،
جڵەو دەکا و نیر لە ملی گاجووتان دەنێ و
بۆ کێڵان بە کاریان دەهێنێ.

خۆی فێری ئاخاوتن،
بیری وەک با تیژڕۆ و
هونەری شارڕۆنان
کردووە و خۆی فێر کردووە،
چۆن خۆی لە زوقمی دەشت و کێوان و

تیری تیژی ڕێژنەباران بپارێزێ،
چونکە ئەو بڕیاردەرە و
هەرگیز نادڵنیا، ڕووبەڕووی داهاتوو نابێتەوە؛
بە تەنیا مردنە، کە ئەو ناتوانێ
لە دەستی ڕزگاری بێ،
بەڵام فێری ئەوەیش بووە،
چۆن نەخۆشییە سەختەکان
چارە بکا.

بەهرەی داهێنانی ئەو،
کە گشت چاوەڕوانییەک تێدەپەڕێنێ،
جارێک بە چاکە، جارێک بە خراپە، دەگا.
کە ڕەچاوی یاسای باو و
پەیامی عادیلانەی خوداوەندان دەکا،
لە شارەکەی خۆیدا ڕێزی لێدەگیرێ
- بەڵام کە تووشی تاوان و بێشەرمی دەبێ،
بێ شار دەبێ-
ئەو کەسەی بەو جۆرە ڕەفتار دەکا،
هەرگیز لەماڵەکەی مندا جێی نابێتەوە و
نابێ بە هاوڕێی من ناو ببرێ!

## ئێپیسۆدۆن ٢

### کۆرس

ئەمە چییە — چ نیشانێکە لە خوداوەندانەوە؟
ناتوانم نکووڵی بکەم ئەوەی کە دەیبینم و
بەرەو ئێرە دەیهێنن، **ئەنتیگۆنە**یە.
ئای منداڵی چارەڕەش، کچی
باوکێکی بەدبەخت، ئەمە چییە؟

نابێ تۆ ئەو کەسە بی،
کە سەرپێچیی لە پەسەندنامەی پادشا کردووە و
ئێستا لەسەر تاوانی سەرشێتیکردن لێی دەپرسرێتەوە؟

**پاسەوان**

ئەوەتا، ئەو کچەی، ڕێک لەو کاتەدا،
کە خەریکی ناشتنی براکەی بوو، دەستگیر کراوە.
کوا کریۆن لە کوێیە؟

**کۆرس**

ئەوەتا دێ،
لە کاتێکدا کە ئامادەبوونی ئەو لە هەموو کات پێویستترە.

**کریۆن**

چییە ئەوە؟ چی ڕوویداوە؟
چییە ئەوەی لە کاتی خۆیدا بۆی دێم؟

**پاسەوان**

گەورەم، وەک دەڵێن: سوێندنەخواردن باشترین شتە،
چونکە چاوی ئێمەیش بەر شەوارە دەکەون و
خۆیشمان چەواشە دەبین؛
وەک چاوی ئەوانەی،
وەک خوداوەندان نەمر نین.
پێشتر پێم وتی لەوەیە کە من،
وێڕای ئەو هەموو هەڕەشەیەی بەسەرمدا دابارین،
جارێکی دی، بۆ ئێرە نەگەڕێمەوە.
بەڵام کە شتێکت بە دەست هێنا،
کە تەنانەت نەیشتوێراوە خەوی پێوە ببینی،
پڕ دەبی لە خۆشی و بەختیارییەکی بێهاوتا.

ئەوەتا ئێستا، سەرباری هەر قسەوباسێکی زلیش،
لێرەم و ئەوەیش؛ ئەو کچەی دەستگیرم کرد،
کاتێک خەریکی گۆڕەکە بوو.
ئەمجارەیان گرەو نەکرا و- ئەگەر لە بەختی من بووبێ و
بازی بەخت بەسەر منەوە نیشتبێتەوە،
تەنیا بەسەر منەوە نیشتووەتەوە و کەسی تر نا.
ها بیگرە، چی لێدەکەی؛ بیکە،
لێی بپرسەوە و تاوانباری بکە!
منیش بۆ خۆم، هیچ گوناهێکم نییە و
شایانی ئەوەم ئیتر دەست لە بەرۆکم بەر بدرێ.

**کریۆن**

لە کوێ بوو، کە دەستگیرت کرد؟ چۆن بوو؟ چیت کرد؟

**پاسەوان**

لای گۆڕەکە، کە براکەی تێدا ناشتبوو. خۆیشت دەزانی.

**کریۆن**

دەزانی دەڵێی چی؟ بە ڕاستیتە؟

**پاسەوان**

ئەمە ئەو کچەیە، کاتێک براکەی خۆی دەناشت، دۆزیمەوە.
ڕوونکردنەوەی زیاتری دەوێ؟

**کریۆن**

چۆن چاوت پێی کەوت؟ خۆت گرتت؟

**پاسەوان**

ئێستا گوێ بگرە چۆن بوو. هەر کە گەڕاینەوە،

نیوە لە پەلوپۆکەوتوو لە ترسی هەڕەشە ترسناکەکانت،
وریا و لەسەرخۆ تەپوتۆزمان لەسەر لاشەی مردووەکە،
کە خەریک بوو بۆگەنی دەکرد، ڕامالّی و
جلەکانیمان لە بەر داکەند و
بۆ ئەوەی خۆمان لە بۆگەنی لاشەکەی بپارێزین،
لە لاپالّی گردەکە دانیشتین،
ئەگەرنا هێزی لە بەر دەبڕین و هیی ئەوە نەبوو بەرگەی بگری،
هەر یەکەیشمان پاسەوانی ئەوی تەنیشتی خۆی بوو،
هەر کە ئەوی تر خاو دەبووەوە، بەر جنێوانی دەدا.
ئاوها هەموو بەیانییەکەی دانیشتین،
تا خۆر گەیشتە تاقی ئاسمان و هەتاوی نیوەڕۆ پێستی سووتاند.
لەپڕ، باوبۆران هەڵیکرد، گێژەڵووکەیەک، کە ئەو ناوەی بە تەپوتۆز
داپۆشی و تەپوتۆز تا ئاسمان دەشتودەری پڕ کرد،
پڕی بە گەڵای درەختاندا کرد و
ڕایتەکاندن و هەڵیوەراندن.
ئێمەیش چاومان نووقاند و
تاڵاوی ئەو گوشارە ترسناکەمان چێشت.
ئاکام، ئارام بووەوە و
هەر ئەوسایش بوو، کە لەناکاو ئەم کچە پەیدا بوو.
گوێمان لێبوو چۆن دەیقیژاند و هاواری دەکرد،
ڕێک وەک مەلێک، کە چاوی بە هێلانەکەی خۆی بکەوێ و
ببینێ بێچووەکانی تێیدا نەماون،
– ئاوهـا دەیقیژاند کاتێک بینی لاشـەی براکەی لەوێـدا ڕووتوقووت
کەوتبوو؛ دەگریا، دەیلاواندەوە، دەیقیژاند و
نەفرەتی بەسەر ئەو کەسانەدا دەباراند،
کە ئەو کارەیان کردبوو.
ئەمجا بە دەستی، خۆڵی بەسەر لاشەکەدا پرژاند و
بە گۆزەڵەیەک کە لەسەر سەری هەڵیگرتبوو،
سێ دڵۆپ شەرابی قوربانی بە دەوری لاشەی براکەیدا پرژاند.

کە چاومان پێی کەوت، بە پەلە بەرەو ئەوێ ڕۆیشتین و دەستگیرمان کـرد، بـەڵام ئـەو، بە هیـچ جۆرێک، ئەمـەی پێ سـەیر نەبوو، نە سەرسووڕماو و نە هیچ.
ئەمجا لێمان پرسی کە پێشتر چی کردووە و ئێستا خەریکی چییە.
ئەو نکوڵی لە هیچ نەکرد و
ئەمەیش بۆ ئێمە هاوکات هەم خۆش و هەم ناخۆشیش بوو.
ڕزگاربوون لە ڕەوشێکی ناخۆش، خۆشە و
بینینی ئەوەی هاوڕێیانت چۆن تووشی گیرۆدەیی دەبن، ترسناک.
لەگەڵ ئەوەیشدا ئەمە، بە بەراورد لەگەڵ دڵنیایی خۆم،
کێشی چڵوچێوێکی نییە.

## کریۆن

تۆ؛ کە چاوت لە بەردەمی خۆت بڕیوە، ئەمە ڕاستە،
ئەمەی کە پێی تاوانبار دەکرێی، یا بێگوناهی!؟

## ئەنتیگۆنە

کتومت ئەوەم کردووە، کە ئەو گێڕایەوە.

## کریۆن (ڕوو لە پاسەوان)

تۆ ئێستا ون بە لەبەر چاوم، بۆ کوێ دەڕۆی، بڕۆ و
وا هەست بکە لە گشت گومانێکی تاوانباری ڕەهای!

(ڕوو لە ئەنتیگۆنە)
بەڵام تۆ، ئێستا، بە کورتی–هێندەی دەتوانی کورت– قسە بکە:
ئاگاداری ئەو بڕیاری پاوانکردنە بووی، کە دەرمکردبوو؟

## ئەنتیگۆنە

بێگومان! هەمووما‌ن لێی ئاگادار بووین. منیش هەروەها!

**کریۆن**
لەگەڵ ئەوەیشدا نەترسای سەرپێچیی بکەی؟

**ئەنتیگۆنە**
خۆ لە لایەن زێیوس-ەوە دەرنەکرابوو،
دیکە-ی؛ (٢٠) خوداوەندی عەدالەتیش، یاسایەکی لەو جۆرەی
بە ئێمە؛ ئێمەی مرۆڤ، ڕانەگەیاندووە؟
منیش پێم وا نەبوو ئەو فەرمانانەی تۆ دەرتکردوون؛
تۆ، کە وەک خوداوەندان نەمر نیت، لە توانایاندا بووبێ،
جێی فەرمانی یاسایی نەنووسراو و دڵنیای خوداوەندان بگرنەوە.
فەرمانی خوداوەندان، ئەوانەن کە نەک تەنیا بۆ ئەمڕۆ،
یا دوێنێ بوون، بەڵکو هەمیشەیین و
کەسیش نازانێ کەی دەرکراون.
من نەمدەویست ئەو فەرمانانە بشکێنم و
لە لایەن خوداوەندانەوە مەحکموم بکرێم،
تەنیا لەبەر ئەوەی ترسم لە بیروبۆچوونی (پیاو)ێک،
هەبوو. بێگومان دەیشمزانی سزای مەرگم دەدرێ،
ئەگەرچی جاڕی قەدەغەکردنیشت نەدابا.
چونکە مردنی ناوەخت، بێگومان، بۆ کەسێک کە وەک من،
ژیانێکی پڕ لە کارەسات و بەدبەخت دەژی،
لە قازانج زیاتر نییە و هیچ ئازارێکیشی نییە.
بەڵام ئەگەر ناچار کرابام ببینم،
کوڕەکەی دایکم دەمرێ و ڕێ نادرێ بنێژرێ:
ئەوە ئازاری دەدام، - نەک مەرگ خۆی.
ئەگەر تۆیش پێت وایە شێتانە ڕەفتار دەکەم،
ئەوە لای شێتێکەوە سەرزەنشت دەکرێم!

**کۆرس**
ئەم کچە، وەک ئۆیدیپوس-ی باوکی خۆی، سەرسەختە و

تەنانەت لەبەر نەهامەتیش ناپرینگێتەوە و کۆڵ نادا.

### کریۆن
بەڵام بیرت نەچێ، ئەوە خواستە بەهێزەکانن،
کە لە هەمووان زووتر و ئاسانتر دەشکێن و
ئەو ئاسنەیش، کە زیاتر لەنێو ئاگری کوورەدا ماوەتەوە،
بۆ ئەوەی بەتەواوی پتەو و ڕەق بێ،
ئەوە، کە زۆربەی جاران، دەشکێ و لەت دەبێ.
ئەسپی تووش و سەرکێشیش،
بە جڵەو بۆ شلکردن لە جێی خۆیاندا دەمێننەوە.
لووتبەرزی بە هیچ جۆرێک لەگەڵ کەسێکدا نایەتەوە،
کە چارەنووس وەک کۆیلەی کەسێکی تر هەڵیبژاردووە.
ئەم کچە لووتبەرزییەکی زیرەکانەی پێشان داوە و،
– لەگەڵ یاسای دەرکراو و جێگری ئێمەدا،
وەک ئەوەی هیچ و لە جێی هیچ بن،
ڕەفتاری کردووە!
بە تەنیا یەک جاریش نا، بەڵکو دووجار،
چونکە دوای ئەوەی کارەکەی خۆی ئەنجام داوە،
بێشەرمانە خۆی پێوە هەڵکێشاوە و گاڵتەی پێکردووە!
ئەگەر ئێستا ڕێی بدرێ – بەبێ ئەوەی سزای بدرێ
ئەوە بکا کە بیری لێدەکاتەوە، ئەوە «پیاو» من نیم و: ئەوە.
بەڵام ئەو با خوشکەزایشم بێ و
لە هەریەکێکیش لە ئەندامانی خێزانەکەم زیاتر لێمەوە نزیک،
نابێت نە خۆی و نە خوشکەکەی،
لە دەست مردنێکی ترسناک ڕزگاریان بێ.
چونکە من پێم وایە خوشکەکەیشی، کتومت وەک خۆی،
بەو لەگۆڕنانە، تاوانبارە.
بڕۆن بانگی ئەویش بکەن!
نەختێک لەمەوپێش، تەواو بێئاگا لە خۆی و سەرگەردان،

لە ماڵەکەدا، چاوم پێی کەوت.
ئەوانەی بە دزییەوە پلانی تاوانێک دادەڕێژن،
بیانەوێ یا نا، مەبەستی دارِشتنی پلانەکەیان،
ئاشکرایان دەکا.
ڕقم لەو کەسانەیشە کە بەسەر تاوانەوە دەگیرێن،
هەوڵ دەدەن خۆیان لە تاوانەکانیان ببوێرن.

ئەنتیگۆنە
لە زیندانیکردن و کوشتنم زیاتر چیت دەوێ؟

کریۆن
هەر ئەوە و هیچی تر نا! ئەگەر ئەمە بە دەست بهێنم،
هەموو شتێکی تریشم بە دەست هێناوە.

ئەنتیگۆنە
کەواتە چاوەڕێی چیت؟ هەرچییەکیشت وتووە بۆ خۆتت وتووە و حەزم لە هیچی نییە — دەبوو هەرگیز ئەو کارەم نەکردبا!
بۆ خۆیشت، لەبەر چاوی مندا، هێندە بێهێز نی.
بەڵام چی دەیتوانی لەوە ئاوڕوومەندانەتر بێ،
ببینم براکەم بەڕێز و شکۆوە بنێژرێ؟
پێم وایە هەموویشیان هاوڕای منن،
ئەگەر ترس بە بێدەنگبوون ناچاری نەکردنایە.
بەڵام یەکێک لە ئیمتیازەکانی فەرمانڕەوایەکی زاڵمیش ئەوەیە،
ئەوە بکا و ئەوە بڵێ، کە خۆی دەیەوێ.

کریۆن
تۆ تەنیا کەسی لە شارەکەماندا کە وا بیر دەکاتەوە.

**ئەنتیگۆنە**
ئەوانیش هەر وا بیر دەکەنەوە، بەڵام لەبەر تۆ بێدەنگن.

**کریۆن**
بەڵام شەرم ناکەی، کە لەوان ناچی؟

**ئەنتیگۆنە**
نەخێر، شەرم ناکەم ڕێز لە کەسوکاری خۆم بگرم.

**کریۆن**
ئەی تۆ و براکەت نەبوون،
کە کەوتنە بەرەی ئەوبەری کەسوکارانمانەوە؟
**ئەنتیگۆنە**
بێگومان، ئێمە هەمان دایک و هەمان باوکمان هەبوون.

**کریۆن**
چۆن دەتوانی بەو جۆرە ڕێز لە کەسێک بگری،
کە کەسێکی تر سووک بکا؟

**ئەنتیگۆنە**
مردووەکە شایەتی ئەمە نییە.

**کریۆن**
با، ئەگەر تۆ بە چاوی خوانەناسێک سەیری بکەی و
ڕێزی بگری.

**ئەنتیگۆنە**
ئاخر ئەوەی مرد، کوێلە نەبوو، برای من بوو.

**کریۆن**
ئەو دەیویست شار وێران بکا و،
- ئەوی تر دەیویست بیپارێزێ.

**ئەنتیگۆنە**
بەڵام، سەرباری ئەمەیش، هادێس،
داوای بەجێهێنانی دابونەریتی لەگۆڕنان بۆ هەموومان دەکا.

**کریۆن**
کەسێکی چاک، شایانترە لە کەسێکی خراپ.

**ئەنتیگۆنە**
کێ دەزانێ ئاخۆ خوداوەندانیش وا دەیبینن یا نا؟

**کریۆن**
دوژمن، دوای مردنیش، هەر دوژمنە.

**ئەنتیگۆنە**
مرۆڤێک لەنێو هاوڕێیانیدا لە دایک دەبێ، نەک لەنێو دوژمناندا.

**کریۆن**
کەواتە لە پێناوی بەدەستهێنانی هاوڕێیدا — برۆ بۆ لای هادێس!
هیچ ژنێک نابێ پێی وا بێ دەتوانێ پێشڕەویی من بکا.

**کۆرس**
ببینن دەرگەی کۆشک دەکرێتەوە: **ئیسمێنە** لێوەی دەچێتە دەرەوە،
لەبەر خۆشەویستیی بۆ خوشکەکەی، بەردەوام، دەگری.
هەوری ڕەشــی ســەر نێوچاوانی، سەروسیما جوانەکەی تێک دەدا و
ڕوومەتە سوورەکەی تەڕ دەکا.

**کریۆن**
تۆ، ئەی ئەوەی وەک مارێک بە دزییەوە خۆت لە من ئاڵاندووە و
خوێنەکەمـــت هەڵمژیوە — نەمدەزانی کە دوو یاخیبووم لە ماڵەکەی
خۆمدا ڕاگرتووە-،
ددان بە هیچ بەشێک لەم تاوانە قێزەونەدا دەنێی،
یا دڵنیام دەکەی، کە بێگوناهی؟

**ئیسمێنە**
ئەگەر **ئەنتیگۆنە** لەگەڵم هاوڕا بێ، ئەوا منیش لەگەڵ بووم:
ددان بـــە هاوبەرپرســـیی خۆمـــدا دەنێـــم و ســـزایش هەرچییەک بێ،
پێبەندی دەبم.

**ئەنتیگۆنە**
نا، ئەمە نە ڕاستە و نە ڕەوایە، چونکە تۆ قەبووڵت نەکرد و
من خۆم هەموو شتێکم کرد.

**ئیسمێنە**
بەڵام ئێستا کە دەستگیر کراوی، وەک شەرەفێک دەیبینم
لەو کەشتییەدا بم، کە تۆ تێیدای.

**ئەنتیگۆنە**
هادێس و ئەوانەی لە دەوروبەرین، دەزانن کێ بوو ئەوەی کرد!
من، لەوانەی خۆشم دەوێن، لە قسە زیاتر داوا دەکەم.

**ئیسمێنە**
شەرمەزارم مەکە بەوەی کە نەهێڵی لەگەڵ تۆ بمرم و،
– پێکەوە ڕێزی یادەوەریی براکەمان بگرین.

**ئەنتیگۆنە**
مردنی من، مردنی منە. خۆت بەسەر شتێکدا مەسەپێنە،
کە بەشداریت تێدا نەکرد. کە من دەمرم، بەسە.

**ئیسمێنە**
بەڵام ژیان بێ تۆ، چ ژیانێک دەبێ؟

**ئەنتیگۆنە**
لە کریۆن بپرسە؟
چونکە بە لای تۆوە ئەو گرینگە!

**ئیسمێنە**
بەم قسەیەت، ئەگەرچی بە کاری ‹‹خۆت›› نایە،
ئازاری ‹‹من››یش دەدەی.

**ئەنتیگۆنە**
بەڵام، پێت وایە گاڵتەت پێ دەکەم؟
ئەگەر وایە، پێم ناخۆشە.

**ئیسمێنە**
ئێستا چی بکەم و چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم؟

**ئەنتیگۆنە**
خۆت ڕزگار بکە! چونکە نامەوێ تۆیش بمری.

**ئیسمێنە**
کەواتە نابێ هاوکات لەگەڵ تۆ بمرم؟

**ئەنتیگۆنە**
ئاخر تۆ ژیانت هەڵبژارد. منیش مردن.

**ئیسمێنە**
بەڵام من ڕازی خۆمم ئاشکرا کرد.

**ئەنتیگۆنە**
لە چاوی هەندێک کەسەوە ئەوەی تۆ ڕاست بوو،
لە چاوی هەندێکی ترەوە، هیی من.

**ئیسمێنە**
بەڵام، سەرباری ئەوەیش، هەردووکمان وەک یەک تاوانبارین.

**ئەنتیگۆنە**
ئازا بە و مەترسە. تۆ دەژی، منیش دەمێکە،
بۆ ئەوەی یارمەتیی هەموو مردووان بدەم، مردووم.

**کریۆن**
بڕوام پێبکەن، ئەم دوو کچە شێتن؛
یەکەمیان ئێستا شێت بوو و ئەوی تریان،
بە شێتی لە دایک بووە.

**ئیسمێنە**
وایە، عەقڵ، بۆ کەسێ کە تووشی کارەسات دەبێ، نەک هەر زوو،
بەڵکو دەمودەست، لە دەست دەچێ و هەر ئەوەندەیش نا،
بگرە لە دەستیشی هەڵدێ.

**کریۆن**
زوو لە دەستت چوو، چونکە تاوانێکی ترسناکت کرد.

**ئیسمێنە**
چۆن بتوانم — بێ ئەو، و تەنیا بژیم؟

**کریۆن**
چیی تر مەڵێ ‹‹ئەو››! ئەو لە مردوویەک زیاتر نییە.

**ئیسمێنە**
دەتەوێ ژنی کوڕەکەی خۆت بکوژی؟

**کریۆن**
کوڕی من کێڵگەی کەم نین، تا گاسنی خۆی تێیاندا بگێڕێ!

**ئیسمێنە**
بەڵام هیچ کامیان وەک ئەمیان بۆی لەبار نین!

**کریۆن**
من ڕقم لە ژنانی بەدخواز دەبێتەوە بۆ کوڕەکەم!

**ئیسمێنە**
**هایمۆن**ی خۆشەویست، باوکت گاڵتەت پێدەکا.

**کریۆن**
بەو هەموو قسەوقسەلۆکەتەوە سەبارەت بە ژنومێردایەتی بێزارم دەکەی.

**ئیسمێنە**
هەر بە ڕاست دەتەوێ لە دەست کوڕەکەتی دەربهێنی؟

**کریۆن**
هادێس-ە کە ئەم زەماوەندە ڕادەگرێ.

**ئیسمێنە**
لەوە دەچێ بڕیار درابێ ئەنتگیۆنە بمرێ.

**کریۆن**
لە لایەن تۆ و منیشەوە! کۆیلەکان، بە پەلە ببیەنە ماڵەوە!
ئەم و ئەنتیگۆنەی خوشکیشی دەبێ ئیتر ژن بن و
چیی تر ئازاد، بەم ناوەدا نەیەن و نەچن.
تەنانەت ئەوانەی ئازاترینیشن، کاتێک دەبینن هادێس،
بە تەواوی لێیان نزیک دەبێتەوە،
دەیانەوێ لێی هەڵبێن!

**کۆرس**
خۆشبەخت ئەوەی لە دەست کارەسات ڕزگاری دەبێ!
چونکە خوداوەندێک، کە پڕ بە ماڵی کەسێکدا دەکا و ڕایدەتەکێنێ،
ڕوو لە نەوە لە دوای نەوەی دەکا و لە کەس نابوورێ:
وەک ئەوەی شەپۆلە ڕەشەکانی نێو زەریا،
سەر قووڵاییە تاریکەکان دەکەون و
باهۆزە سراکی-یەکان (٢١) بەرەوپێش دەیانبەن و
لمی ڕەشی ژێر زەریا، تێکوەردەدەن و
بەو کەنارانەیدا دەدەن، کە با زیانی پێگەیاندوون و
ئەوانیش لەژێر پێداکێشانی شەپۆلەکاندا دەناڵێنن.

دەمێکە دەبینم ئازار و مەینەتی بەسەر نەوە لە دوای نەوەی،
لابداکید-ەکانەوە (٢٢) گرد بوونەتەوە: کارەساتی نوێ سەر کارەساتی
کۆن دەکەون، هیچ نەوەیەک نابەخشرێ،
خوداوەندێک ڕایاندەتەکێنێ و لە دەستی دەرناچن.

چون، نەختێک لەمەوپێش، ڕووناکییەک بەســەر دوا چرۆی ماڵی شا
ئۆیدیپوس-ەوە بوو- ئێســتا تەپوتۆز دەوری ئەو ڕووناکییەیشی داوە
و بە خوداوەندانی ژێرزەوی بەخشیوە و،
هەموو شتێک دەبێ بە مەرگ، بە قسەی شێتانە و تۆڵەسەندن.

ئۆهـ زێیوس، کام گوناهی مرۆڤانەیە،
کە دەتوانێ ڕێ بە دەسەڵاتت بگرێ؟
نە خەوە بەسەرداسەپێنراوەکە و
نە دوانزە مانگە ماندوویینەناسەکەیش دەتوانن بتبەزێنن،
کە بەبێ ئەوەی پیر ببی، بۆ هەتاهەتایی،
لە ئۆلیومپیا-ی بریسکەدارەوە فەرمانڕەوایی دەکەی.
بۆ ئێستا، بۆ داهاتوو و بۆ ڕابوردوویش هەر هەمان یاسایە،
نە کەم نە زیاد: هیچ کەس؛ کە وەک خوداوەندان نەمر نییە و،
ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێ بمرێ،
دەتوانێ ماڵ و سامانی زۆر،
بەبێ کارەسات بە دەست بهێنێ.

چونکە هیوای گەڕۆک و بەئەزموون،
بۆ زۆر کەس بەکەڵک و زۆر کەسیش بە ئارەزوویەک،
کە هیچی پێ گرینگ نییە و بێدەربەست،
بە ڕێی هەڵەدا دەیبا،
تا ئەو جێیەیش، کە دەکەوێتە نێو ئاگرەکەوە و،
تێیدا سمکۆڵان دەکا، لە هیچ تێ ناگا.
جارێکیان، پیاوێکی حەکیم و بەئەزموون،
ئەم وشە بەناوبانگانەی لە دەم دەرچوو:
خراپە، بۆ ئەو کەسەی، کە خوداوەندان بەرەو کارەساتی دەبەن،
وەک چاکە خۆی پێشان دەدا و ئەو کەسە،
تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت، دوور لە کارەسات دەژی.

## ئێپیێسۆدیۆن ٣

کۆڕ
بەڵام ئەوە **هایمۆن**؛ کوڕەکەت، کوڕە بچکۆلەکەت، هات!
بڵێی دڵی بە خەم و پەژارەی
[...............] (٢٣)
ئەو بێئومێدییەی، کە ئیتر ناتوانێ زەماوەند بکا و
بەو چارەنووسەی تووشی ئەو کچە هاتووە،
کە بڕیار بوو ببێ بە بووکی، نەشکابێ؟

**کریۆن**
هێندە نابا و ئەمە لە کەسێکەوە،
کە لە هەموو کەس باشتر دەیزانێ، دەبیستین.
کوڕی خۆم، ئێستا دەزانی چ بڕیارێکم داوە،
سەبارەت بەوەی، کە دەبوو ببێ بە بووکت:
ئایا لە باوکت قەڵس و تووڕەی، یا هەر چۆنێک بکەم،
هەر خۆشت دەوێم؟

**هایمۆن**
من کوڕی تۆم و ئامۆژگارییەکانت یاداشت دەکەم و
ئامۆژگارییەکانت یارمەتیم دەدەن لە ڕێی ڕاست لا نەدەم.
هیچ ژنومێردایەتییەک بۆ من، هێندەی گوێگرتن
لە قسەی باوکە پیرەکەم، گرینگ نییە.

**کریۆن**
ئافەرین کوڕی خۆم، دەم خۆش، تۆ ڕاست و دروست بیر دەکەیتەوە:
کوڕێک دەبێ، لە هەموو شتێکدا، بەپێی ڕێنوێنییەکانی باوکی خۆی،
خۆی ڕاست بکاتەوە.

لەبەر ئەوەیشە گشت پیاوان دەیانەوێ کوڕەکانیان،
لە هەموو شتێکدا، ڕێزیان لێبگرن،
گوێڕایەڵیان بن و یارمەتییان بدەن،
بە خراپە پاداشتی دوژمنەکانیان بدەنەوە و،
کتومت وەک باوکیش،
بە چاکە پاداشتی دۆست و هاوڕێیانیان بدەنەوە.
بەڵام ئەوەی لە لایەن منداڵەکانیەوە یارمەتیی نادرێ،
گیروگرفتێکی زۆری، لەبریی ئەوە، بۆ خۆی دروست کردووە و
دڵی دوژمنانی خۆی، بەوەی پێی پێبکەنن، خۆش کردووە.
کوڕی خۆم، عەقڵی خۆت، بە خۆشی و ئارەزوویەک مەگۆڕەوە،
کە لەشی ژنێک پێت دەبەخشن! پێم وا بێ دەزانی،
ئەوەی لەسەر تەختی نووستنەکەت ڕادەکشێ،
لە کۆتاییدا، ئەگەر بەدخواز و بەدکار بێ،
وەک سەهۆڵ ساردە.
چونکە هیچ شتێک لە ژنێکی بەدفەڕ خراپتر نییە؟
نەخێر، وەک دوژمنێک، تف لەم کچە بکە،
با بڕوا و لە مەرگستاندا بە دوای پیاوێکدا بگەڕێ!
من، لە کاتێکدا کە دەیویست،
بە ئاشکرا و بە بەرچاوی هەمووانەوە،
وەک تاکە کەسێک لە شارەکەماندا؛ سەرپێچیم بکا،
گرتم و ئێستا ئیتر، ئەمسەر و ئەوسەری پێ ناوێ و
بە ڕاستیمە- دەمەوێ بیکوژم!
با ئەو، چەند و چۆنی دەوێ، بانگی زێیوس؛
خوداوەندی خانەوادەکەمان، بکا!
ئەگەر خێزانەکەم نەیەوێ ڕێزی خۆی پێشانی من بدا،
ئەی بۆ ئەوانی تر چۆن دەبێ؟
ئەوەی وەفای بۆ خێزانی خۆی هەبێ،
بێگومان، وەفای بۆ شارەکەیشی هەیە.
بەڵام ئەوەی یاسا بەپێی خواستی خۆی دەگونجێنێ،

یا سووکایەتیی پێدەکا، یا دەیەوێ فەرمان بەسەر فەرمانڕەوایاندا بدا
و پێشڕۆییان بکا،
با هەرگیزاوهەرگیز بیر لەوە نەکاتەوە،
من پەسن و ستایشی بکەم.
نەخێر، دەبێ گوێڕایەڵ بی بۆ ئەو کەسەی،
شار دەسەڵاتی پێبەخشیوە، لە هەموو شتێکی بچووک،
لە هەموو شتێکی دادپەروەرانە و– لە پێچەوانەی ئەوانیشدا.
ئەوەی ئەمەیش دەکا، سەرلەبەریش باوەڕم وایە،
چ فەرمانڕەوا بێ یا فەرمانپێکراو،
کەسێکی چاکە و کاتی ڕمبارانیش،
لەو جێیەدا، کە بۆی دیاریکراوە دەمێنێتەوە و
لە جەنگدا هاوڕێیەکی شیاو و بە کارە.
هیچ شتێک نییە لە بێگوێیی خراپتر!
بێگوێیی شاران بەرەو وێرانی دەبا،
ماڵی خەڵکیش هەروەها، ڕیزی جەنگاوەران،
تێک دەدا و بە بڵاوەلێکردن و هەڵهاتن،
ناچاریان دەکا. ئەوانەیش، کە دەرباز دەبن،
گوێڕایەڵییە، کە ڕزگاریان دەکا.
کەواتە با توند جڵەوی یاسا و ڕێسا بگرین و
هەرگیز فەرمانڕەوایی بە ژنێک نەدەین!
من ئەگەر بیشڕووخێم، دەمەوێ پیاوێک بمڕووخێنێ؛
ئەوسا بە ژێردەستەی ژنان ناو نابرێین.

### کۆرس

ئەگەر پیری بیروبۆچوونمانی تاریک نەکردبێ،
پێمان وایە ئەوەی دەیڵێی ژیرانەیە.

### هایمۆن

ئەوە خوداوەندانن، باوکە، عەقڵ بە مرۆڤان دەبەخشن،

کە لە هەموو شت بەنرخترە.
ئەگەر تۆ بە هەڵە بیر دەکەیتەوە،
یا لەم حاڵەتەدا چۆن چەوت بیر دەکەیتەوە،
من نایبینم و هەرگیز نایشمەوێ بیبینم.
ئەگەرچی، بێگومان، لەوانەیە ڕاستی لای کەسێکی تر بێ.
من کوڕی تۆم و وا گۆش کراوم، کە ڕێز لە هەرچییەک، کە دەوترێ
و دەکرێ بگرم — لە هەموو ڕەخنەیەکیش هەروەها.
دەبینم خەڵک لە نیگا توندەکەت دەترسن،
کاتێک گوێت لە شتێک دەبێ، کە بە دڵت نییە.
بەڵام من، بە دزییەوە لە هەموو شتێک ئاگادار دەکرێمەوە،
دەزانم، کە شار هاوخەم و هاوئازاری **ئەنتیگۆنە**یە:
دەڵێن: لەنێو گشت ژناندا، دەبێ ئەو لە هەمووان کەمتر سزا بدرێ،
بەرانبەر بە ڕەفتارێکی جوامێرانە،
ئەو کە بە گژ ئەوەدا چووەوە،
براکەی خۆی، کە لە شەڕدا کوژراوە،
لەوێ، بێ ئەوەی ڕێ بدرێ بنێژرێ،
بمێنێتەوە و ببێ بە خۆراکی سەگ و داڵاشان.
بڵێی ئەو شایانی **پەیک**ەرێکی زێڕین نەبێ؟
ئەم بیروبۆچوونانە، بە دزییەوە، بەنێو شاردا بڵاو دەبنەوە.
لە چاوی مندا، باوکی خۆشەویستم، هیچ شتێک نییە،
لەوە بەنرختر، کە تۆ خۆش بی و خۆش لێت بگوزەرێ.
چونکە چی لە ناوی چاکی باوک گرینگترە بۆ شادمانیی منداڵ و
ناوی چاکی منداڵان بۆ باوکێک؟
کەواتە خوو بەو بیروڕایەوە مەگرە،
کە بیروڕای تۆ تاکەبیروڕای ڕاست و دروستە!
چونکە ئەوەی پێی وایە، کە بە تەنیا خۆی ژیرە و
تەنیا خۆی ڕەوانبێژ و هەر خۆی نائاسایی زرنگ و وریایە،
زۆربەی جاران، کە بە وردی تێی دەڕوانرێ،
ناخی چۆڵوهۆڵە.

نەخێر، هیچ کەس، پێویستی بەوە نییە،
لە ئاست فێربوونی شتێکی نوێدا شەرم دایبگرێ،
تەنانەت ئەوەیش، کە لە هەمووان زاناترە.
خۆت دەیبینی ئەو درەختانەی لە ئاست،
لافاوی زستاناندا بۆ ئاو دەچەمێنەوە؛
چۆن چڵوپۆی خۆیان دەپارێزن و،
ئەوانەیش کە بەرگریی دەکەن،
چۆن لە ڕەگوڕیشەوە دەکەنرێن.
لە زەریاکانیشدا هەر هەمان شت:
ئەگەر گوریس هەمیشە گرژ بن و
بە هیچ جۆرێک شل نەکرێن،
کەشتی قڵپ دەبێتەوە و
سەروژێر سەر ئاو دەکەوێ.
ئێستا دەست بەردە و بیروبۆچوونی خۆت بگۆڕە!
ئەگەر من ئێستا، سەرباری گەنجیشم،
هیی ئەوە بم متمانەم پێ بکرێ،
دەمەوێ بانگەشەی ئەوە بکەم،
کە باشترین شت بۆ هەر کەس ئەوەیە؛
بێسنوور، بە جۆرێک لە باسکردن نەیەت،
ژیر و وریا لە دایک بێ،
بەڵام چونکە ئەمە نائاساییە،
وا چاکە لەوانەوە، کە دەزانن، فێر بێ.

**کۆرس**
ئەگەر ژیرانە بۆت دەدوێ، لێوەی فێر بە، فەرمانڕەوا،
تۆیش **هایمۆن**، ئەی ئەوەی لە **کریۆن** لە دایک بووی.
هەردووکتان ژیرانە قسەتان کرد.

**کریۆن**
کەواتە، پیاوێکی وەک من، دەبێ خۆی فێر بکا،
لەگەڵ چڵمنێکی وەک ئا ئەمە گفتوگۆ بکا؟

**هایمۆن**
بەڵام بە تەنیا لەوەدا ئەگەر شتێکی ڕاست بڵێم!
چاوت زیاتر لەوە بێ کە دەیکەم،
نەک گەنجێتییەکەم.

**کریۆن**
لەوە، کە دەیکەی؟
تۆ ئەوانەی پشێوی دەنێنەوە، دەپەرستی.

**هایمۆن**
پەرستن! حاشا، ئەمەم نەوتووە.

**کریۆن**
بەڵام ئەی ئەو کچە- تووشی ئەو دەردە نەبووە؟

**هایمۆن**
خەڵکی تێبە پێیان وا نییە.

**کریۆن**
خەڵکی تێبە پێم بڵێن چۆن فەرمانڕەواییان بکەم؟

**هایمۆن**
بێگومانم گوێت لە خۆت نییە،
کە وەک کوڕێژگەیەک قسان دەکەی؟

**کریۆن**
کەواتە دەبێ بۆ کەسێکی تر، نەک خۆم،
فەرمانڕەوایان بم؟

**هایمۆن**
شارێک، کە بە تەنیا هەر هیی یەک کەس بێ، شار نییە.

**کریۆن**
شارێک، لەگەڵ ئەوەیشدا، هیی ئەوەیە، کە فەرمانڕەوایی دەکا؟

**هایمۆن**
ئەگەر خۆت بە تەنیا فەرمانڕەوایی تێدا بکەی،
فەرمانڕەوایی شارێکی وێرانە دەکەی!

**کریۆن**
پێم وایە ئەم سەگبابەیش لایەنی ئەو کچەتیوە دەگرێ.

**هایمۆن**
ئەگەر کچەکە تۆیش بی — تۆ بە لای منەوە گرینگی.

**کریۆن**
چۆن، سەگباب؟ بەوەی لەگەڵ باوکت ناکۆک بی؟

**هایمۆن**
ئاخر دەبینم دروست ڕەفتار ناکەی.

**کریۆن**
تاوانە ئەگەر لەسەر پلەوپایەی خۆت سوور بی؟

**هایمۆن**
بێڕێزیکردن بە خوداوەندان پێوەندی بە پلەوپایەوە نییە.

**کریۆن**
ترسنۆکی چەپەڵ، کە ژنان سواری تەپڵی سەرت بوون.

**هایمۆن**
بەڵام مل بۆ خراپە و کردەوەی ناشیرین نادەم.

**کریۆن**
هەرچییەک دەڵێی بۆ پارێزگاریکردنە لەو کچەتیوە.

**هایمۆن**
بۆ تۆیە، بۆ خۆمە و — بۆ هادێس-ی ژێرزەویش.

**کریۆن**
هەرگیز بە زیندوویی بە مێردی ئەو کچە نابی!

**هایمۆن**
کەواتە ئەو دەمرێ و،
بێگومانیش بە، یەکێکی تریش لەگەڵ خۆیدا دەبا.

**کریۆن**
لە هەڕەشەکردنیش دەست ناگریتەوە.

**هایمۆن**
ئەوە هەڕەشەیە — لە دژی بڕیارێکی خراپ قسان بکەی؟

**کریۆن**
کە تۆ خۆت دوودڵ و سەرلێشواوی، کوڕم، ئامۆژگاریی مەدە.

**هایمۆن**
تۆ باوکی منی،
بەڵام لەوە دەچێ هەموو هۆشوگۆشت لە دەست دابێ.

**کریۆن**
پێت وا نەبێ دەتوانی دڵم بۆ خۆت ڕابکێشی، کۆیلەی ژنان!

**هایمۆن**
هەر دەتەوێ قسان بکەی، بەڵام ناتەوێ گوێ بگری.

**کریۆن**
تۆیت وا دەڵێی؟ پێت وا نەبێ کە بێ سزا،
دەتوانی بە ڕەخنەکانت ڕقم هەڵبستێنی.
هەر ئێستا بڕۆن و ئەو کچە قێزەونە بێنن،
با بە بەرچاوی زاواوە بکوژرێ!

**هایمۆن**
چۆنت پێ خۆشە وا بڕوا بکە و بە ئارەزووی خۆت.
بەڵام ئەو نابێ بە بەرچاوی منەوە بکوژرێ و بۆ خۆیشم،
تۆ هەرگیزاوهەرگیز چاوت بە کوڕەکەی خۆت ناکەوێتەوە،
– کەواتە، ئێستا پەلە بکە و لەگەڵ ئەو خزمانەمان،
کە بەرگەی ئەو کارەت دەگرن،
کاری خۆت ئەنجام بدە.

**کۆرس**
ئەو پیاوە پەلەی بوو؛ بە هەنگاوی درێژ و بەلەز ڕۆیی.

دڵشکاوان، لە گەنجیدا، لەپڕ و بێ بیرکردنەوە بڕیار دەدەن.

**کریۆن**
لێی گەڕێن با هەر لە سنگی خۆی بدا و ئەوە بکا کە دەیەوێ.
ئەمانە ئەو دوو کچە لە مردن ڕزگار ناکەن.

**کۆرس**
ئایا کوشتنی هەردووکیان کارێکی ژیرانەیە؟

**کریۆن**
نا، تەنیا ئەوەیان، کە دەستی لە لاشەکە دا، تۆ ڕاست دەکەی.

**کۆرس**
ئەی، دروست، کوشتنەکەی چۆن دەبێ؟

**کریۆن**
دەبرێ بۆ چۆڵەوانییەک و لەوێ لە ئەشکەوتێکدا،
- بەزیندوویی- دەشاردرێتەوە و ئەوەندەیش خواردنی دەدرێتێ،
کە نە ناوی من و نە ناوی شاری پێ لەکەدار بێ.
لەوێ، هەروەها، دەتوانێ نزا و پاڕانەوەی خۆی،
بۆ ئەو خوداوەندەی باوەڕی پێی هەیە؛ بۆ هادێس، بنێرێ و
بەو جۆرە لە مردن ڕزگاری بێ،
یا ڕەنگە لە ئاکامدا خۆی لەوە تێبگا،
کە بێمانایە ڕێزگرتنی مەرگستان.

## ستاسیمۆن ٣

**کۆرس**
ئێرۆس، (٢٤) ئەی ئەوەی لە شەڕدا نابەزی،

ئێرۆس، ئەی ئەوەی ئارەزووی پەڕینی ئاژەڵان بە ئاگا دێنی،
لەسەر ڕوومەتی وەک مەخمەڵ نەرمونیانی کچێک،
بە دوای هۆبەی شەوانەی خۆتدا دەگەڕێی و
بەسەر زەریا بەرئاوەڵاکاندا گەشت دەکەی و
خۆت بەنێو ماڵاندا دەکەی!
تەنانەت خوداوەندانیش ناتوانن لە دەستت هەڵبێن،
هەروەها مرۆڤیش، ئەوەی تۆ دەچیە ناوییەوە،
شێت دەبێ.

بێگوناهانیش گومڕا دەکەی و
ڕاسترۆییان دەشێوێنی!
ئەوە تۆی، کە بەرپرسیی ئەم ناکۆکییەی
نێوان ئەمانەت لە ئەستۆیە،
کە خوێن پێکەوەی بەستوون!
سەرکەوتن بەو حەز و ئارەزووە دڵڕفێنە دەدەی،
کە لە نیگای بووکێکدایە بۆ خۆشەویستەکەی.
حەز و ئارەزوویش، هەموو شتێک،
تەنانەت یاساکانیش، دەبەزێنن،
– چونکە ئەفرۆدیتە، لە یارییەکەی خۆیدا،
کە هیچ یاساوڕێسایەکی تێدا نییە،
نابەزێ.

## ئێپێیسۆدیۆن ٤

### کۆرس

ئێستا منیش ئەوەی کە دەیبینم،
دوور لە پەیامی یاساکان،
بە کێش دەکرێم و ناتوانم چیی تر،
بەر بە تەوژمی فرمێسکەکانم بگرم،

که ئەنتیگۆنە، لێرە، دەبینم و
بەڕێوەیە بۆ ئەو تەختی نووستنەی،
که هەموومان دەبێ تێیدا
ئارام بگرین.

ئەنتیگۆنە

هاوشاریانی تێبە، ئەوەتا دەمبینن،
خەریکم دەست بە دواگەشتم دەکەم و
بۆ دوایین جاریش لە تیشکی خۆر دەڕوانم و
ئیتر هەرگیز نایبینمەوە: هادێس،
کە هەمووومان لە گۆڕ دەنێ،
من کە هێشتا زیندووم،
بەرەو کەناری ئاخێرۆن (٢٥) دەبا،
بەر لەوەی بە بووکێنی ببرێم و
بەر لەوەی ژووری بووکێنی،
بەم سرووده ئایینییە، پێشوازیی لێکردبم:
ئەوەتا لە تەنیشت ئاخێرۆن-ەوە،
بە بووکێنی دەبرێم.

کۆرس

ئەوە نییە سەربەرز و ستایشکراو،
دەڕۆیتە نێو ئەم هۆڵە شاردراوەیەی مردووانەوە؟
تۆ، کە نە نەخۆشی سیس و لاوازی کردووی و
نە ناچار بە نووکی تیژی شمشێر کراوی؛
تۆ ڕێی یاساکانی خۆتت گرتووەتە بەر و
وەک زیندوویەک بە مردوویی و بە تەنیا،
دەڕۆیتە خوارەوە بۆ لای هادێس.

**ئەنتیگۆنە**
جارێک لە جاران،
بەر گوێم کەوت، کە چۆن نیۆبە، (٢٦)
لە جێیەکی دوور و لە وڵاتی فریوگەکان، (٢٧)
لەسەر ترۆپکی سیپیولۆس، (٢٨)
مردنێکی خەمناک،
مرد؛
چینێک بەرد داپۆشی و
دەڵێن گوڵەسپانە پێیدا هەڵگەڕاوە و
بەفر و بارانیش، هەرگیز
لەشە لاوازەکەی جێ ناهێڵن.
گریانی بەردەوامیشی
درز و قەڵشی نێوان،
بەردەکان تەڕ دەکا.
ئاوهام من ئێستا، کە هادێس
بەرەو تەختی بووکێنیم
ڕێنوێنیم دەکا.

**کۆرس**
بەڵام ئەو ژنەخوداوەند و منداڵی خوداوەند بوو،
لە کاتێکدا تۆ لە ئێمە و ئێمەیش لە مرۆڤ زیاتر نین و
منداڵی ئەوانەین، کە دەمرن.
بەڵام، بێگومان، تا بڵێی کارێکی گەورەیە بۆ مردوویەک،
کە هەمان بەختی؛ بەختی خوداوەندێکی، تاقی کردبێتەوە،
سەرەتا بە زیندوویی، پاشان، کە دەمرێ.

**ئەنتیگۆنە**
ئاخ، گاڵتەم پێدەکەی!
بۆ خاتری خوداوەندانی باووباپیرانمان،

که هێشتا دەژیم و نەمردووم،
بۆ سووکایەتیم پێدەکەی؟
ئۆف شارەکەم،
پیاوانی دەوڵەمەندی زێدەکەم!
ئۆف تەوژمەکانی دیرکە، (٢٩)
کێڵگە پیرۆزەکانی تێبە،
که تژین له گالیسەکە،
دەتوانم، بەهەرحاڵ، ئێوه به شایەت
بگرم، که چ یاساگەلێکن،
ئەوانەی ناچارم دەکەن، بێ هاوڕێ،
بەرەو گۆڕە سەرسووڕهێنەکەم بڕۆم: کەڵەکەبەردێک.
ئای له منی کلۆڵ، نه دەتوانم بۆ ماوەیەک لەنێو خەڵک و کەلاشدا،
نه لەنێو زیندووان و نه لەنێو مردوواندا،
بمێنمەوە.

## کۆرس

تۆ هێندەی بۆت کرا و بوێری ڕێی پێدای،
کردت و درێخیت نەکرد، تا ئەوەی بەر قوربانیگەکەی دیکە-
کەوتیت و دووچاری ململانێی بووی.
ئێستایش تاوانی ئەوانی ترە و،
تۆ قەرەبووی دەکەیتەوە.

## ئەنتیگۆنە

ئەوەتا دەستت لەو جێیەدا،
که له هەموو جێیەکی تر زیاتر ئازارم دەدا:
بەختی باوکم، که شایانی گشت سکاڵایەکە و
بەختی گشت خزم و کەسوکاریشمان،
چارەنووسی ئەو لابداکیدانەی،
نێوونێوبانگیان هەموو لایەکی گرتبووەوە.

چ کارەساتێک بوو ئەوەی، باوکە کڵۆڵەکەم
دەبوو بەرگەی بگرێ — بەوەی کە دایکی خۆی،
بهێنێ و لەگەڵیشیدا بنوێ!
کڵۆڵ خۆم! چ دایکوباوکێکم هەبوو،
ئێستا دەبێ بڕۆم بۆ لایان،
دەرکراو و شوونەکردوو،
لای ئەوان بژیم.
ئۆف پۆلیونێیکێس، تۆ کە هێند بەدبەختانە ژنت هێنا!
بە مردنت ژیانی منت تێکدا.

**کۆرس**
ڕێزی تۆ شایانی هەموو ڕێزگرتنێکە،
بەڵام پیاوانی دەسەڵات لەگەڵ ئەوەدا خەریکن،
کە دەسەڵاتیان هیی ئەوە نییە سووکایەتیی پێبکرێ.
ڕێزگرتنی خۆت ماڵوێرانی کردی.

**ئەنتیگۆنە**
بێ ئەوەی هیچ کەس خەمم بۆ بخوا،
بێ هاوڕێ و شوونەکردوو، منی کڵۆڵ،
بەسەر ئەو ڕێیەدا دەبرێم،
کە ناچارم بیگرمە بەر.
مافی ئەوەیشم لێدەسێنرێتەوە،
ڕووناکیی بەهێزی خۆر ببینم.
هیچ هاوڕێیەک خەمی من ناخوا،
کە دەیشمرم،
هیچ کەس، بۆم ناگری.
**کریۆن** (ڕوو لە پاسەوانەکان)
ئاخۆ نازانن ئەگەر مرۆڤ بیتوانیبا مەرگی خۆی،
بە سکاڵا و گۆرانی دوا بخا، هیچ کەس نەدەمرد؟

هێندەی دەتوانن بە خێرایی لێرە دووری بخەنەوە،
وەک ئەوەیش کە فەرمانم داوە،
کاتێک لە گۆڕە بەردینەکەتان توند کرد،
لەوێ، بۆ چارەنووسی خۆی بە جێی بهێڵن.
گوێیش بەوە مەدەن ئاخۆ دەیەوێ بمرێ،
یا بە زیندوویی لە چاڵ بنرێ!
ویژدانمان سەبارەت بەو کچەتیوە پاک و خاوێنە،
بەڵام نابێ لەنێو ئێمەدا، لەسەر زەوی، بمێنێتەوە.

### ئەنتیگۆنە

ئۆف گۆڕ، ئۆف ژووری بووکێنی،
ئۆف ئەی ئەوماڵەی لە کەندەڵان هەڵکەندراوی و
لە ئێستاوە تا هەتاهەتایە ماڵی منی!
دەڕۆم بۆ لای خێزانەکەم؛ ئاخر زۆربەیان مردوون و
وەک تارمایی لە لایەن پێرسێفۆنەوە (٣٠) پێشوازییان لێکراوە.
من لە دوای هەموویانەوە دێم و
بەرەوخوار ڕۆیشتنم بۆ ئەوێ ئاسان نییە،
من کە هێشتا ژیانی خۆم نەژیاوم.
بەڵام کە گەیشتم، بە هەموو توانامەوە دەخوازم،
لای باوکم خۆشەویست و
لای تۆیش؛ دایە گیان، خۆشەویست بم،
لای تۆیش؛ پۆلیونێیکێس-ی هێژا، چونکە کە تۆ مردی،
من بووم بە دەستی خۆم کفن و دفنم کردی و
شەرابی قوربانیم بەسەر گۆڕەکانتاندا پرژاند،
ئەوەتا ئێستایش، پۆلیونێیکێس،
چونکە لاشەکەتم پاراست و ئاگام لێبوو،
ئاوها پاداشتم دەدرێتەوە!
حەکیمەکان پێیان وا بوو ڕێزلەتۆگرتن ڕاست بوو.
من دەبوو هەرگیز سەرپێچی شارم نەکردبا،

بەوەی ئەرکی بەخاکسپاردنی منداڵەکانم، یا مێردەکەمم؛
کە دەمردن و لە جێی خۆیاندا دەکەوتن و بۆگەنیان دەکرد،
بگرتایە ئەستۆی خۆم.
بەپێی چ یاسایەکە من ئەمە دەڵێم؟
ئەگەر مێردەکەم بمردایە، دەمتوانی شوو بکەمەوە و
کە منداڵیشم دەمرد، دەمتوانی منداڵی تازەم بووبا،
بەڵام چونکە دایک و باوکم، پێشتر، مردبوون،
هەرگیز نەمدەتوانی برایەکی ترم هەبووبا.
ئەوە بوو ئەو یاسایەی وایکرد من ڕێز لە تۆ بگرم،
بەڵام، برا هێژا و خۆشەویستەکەم،
کریۆن پێی وا بوو، کە من کارێکی نادروست و
بێشەرمانەم کرد و ڕەچاوی هیچ شتێکم نەکرد.
ئەوەتا ئێستا فەرمانی داوە،
پێش ئەوەی پێڕابگەم شوو بکەم،
پێش ئەوەی مارەم ببڕدرێ و
پێش ئەوەی بزانم پیاوێکت هەبێ یانی چی و
بەرلەوەی بە پەروەردەکردنی منداڵەکانی خۆمدا ڕابگەم،
لێرە دوور بخرێمەوە و ببرێم.
خیانەتلێکراو لە لایەن خێزانەکەی خۆمەوە و
هێشتایش زیندوو، کڵۆڵ خۆم،
دەبێ بچمە نێو کێوی مەرگەوە.
کام یاسایەکی یەزدانییە ئەوەی من سەرپێچیم کردووە و شکاندوومە؟
ئاخۆ منی بەدبەخت هەمیشە دەبێ گوێ بەوە بدەم،
خوداوەندان چ بڕیارێکیان داوە و پێڕۆییان بکەم؟
بانگ لە کێ بکەم و داوای کێ بکەم،
کاتێک خوداناسی بەرەو خودانەناسیم دەبا؟
ئەگەر ئەمە، ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە خوداوەندان بڕیاریان لەسەر داوە، ئەوا، کاتێک سزای خۆم وەردەگرم،
لە تاوانەکەم دەگەم.

بەڵام ئەگەر ئەوان هەڵە بکەن،
دەمەوێ ئەوان سزایەکی لەم سزایە خراپتر بدرێن،
کە بۆ منیان دۆزیوەتەوە.

**کۆرس**

هێشتا، بێ ئەوەی هیچ شتێک بە هانایەوە بێ،
بەدەم هەمان باوە، کە هەر جارە و بە لایەکدا دەیهێنێ و دەیبا،
دێ و دەچێ.

**کریۆن**

هەر لەبەر ئەوەیشە پاسەوانەکان تووشی گرفت بوون
- هەنگاوەکانی پڕ لە دوودڵین و بردنی بەرەو ئەو جێیەی، کە دەبێ
بۆی بڕوا، زەحمەت.

**ئەنتیگۆنە**

ئۆف! ئەم قسانەم لە مەرگ نزیکتریان خستمەوە.

**کریۆن**

ناتوانم هیچ بەڵێنێک بدەم،
ئەم حوکمە بەو جۆرە جێبەجێ نەکرێ،
کە دەبێ بکرێ.

**ئەنتیگۆنە**

ئۆف تێبە، زێدە خۆشەویستەکەم،
ئێوەیش ئەی خوداوەندانی باووباپیرانم!
بەرەو مەرگ دەبرێم و نایشتوانم خۆم بخڵافێنم.
خەڵکی تێبە، ئێوەیش، لە دوا کەسی،
سەرپاکی خانەوادەی پادشایەتیی خۆتان بڕوانن،
کە هێشتا لە ژیاندا ماوە و ئەو پیاوانەیش ببینن،

کە سزای کەسێک دەدەن، کە بە بەڵگەوە دەیسەلمێنێ؛
ڕێزگرتن، دەبێ ڕێزی بگرێ.

## ستاسیمۆن ٤

### کۆرس

دانایێ-ش (٣١) لەوەدا خۆی بینییەوە،
بۆ ژوورێکی بووکێنی بە مس ڕازاوە،
کە تاریکییەکەی لە تاریکیی گۆڕ دەچوو؛
بردرا و لەوێدا، وەک زیندانییەک، شاردرایەوە،
دەستی لە ڕووناکیی ئاسمان هەڵگرێ.
لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەویش، کچەکەم،
لە نەوەی نەجیبزادان بوو و هەر لەوێش،
تۆوی زێیوس-ی، وەک بارانێکی زێڕین،
پێسپێردرا.
بەڵام دەسەڵاتی چارەنووس،
هێزێکی ترسناکی هەیە.
نە ماڵوسامان و نە جەنگ،
نە بورج و نە کەشتییە ڕەشەکانی
نێو زەریای بەگرموهوڕیش،
دەتوانن لە دەستی دەرباز بن.

سەر بە کوڕە تووڕەکەی دریویا-یش، (٣٢)
شای ئێدۆنی-یەکان، (٣٣) شۆڕ کرا،
کە دیۆنیوسوس، (٣٤) لەبەر میزاجی پڕ لە سووکایەتیی خۆی،
لە ئەشکەوتی کەندێکدا زیندانیی کرد.
ئاوها هێزی بەکەفوکوڵ و بەزەبروزەنگی شێتیی ئەو ڕژا،
زۆر درەنگیش لەوە تێگەیشت؛ شێت بوو،
کاتێک بە قسەی پڕ لە سووکایەتیی خۆی

پەلاماری دیۆنیوسوس-ی دا و
کە ویستیشی ڕێ لە مێناد-ە (٣٥) شێت و شەیداکان بگرێ و،
ئاگرەکەیان بکوژێنێتەوە،
بۆ ئاوازلێدانی زیاتر هانیدان و گەرمی کردن.

لە کەناری تەنگەی بۆسپۆر-یش، (٣٦)
لە تەنیشت ئاوی تاریکی هەردوو زەریاکەوە،
سالمیودێسۆس هەبوو،
جێیەک، کە سراک-ەکان ئاوەدانیان کردبووەوە،
ئارێس، لەوێ، لە شارەکەی خۆیەوە، کە نزیکی ئەوێ بوو،
بینی چۆن چاوی هەردوو کوڕەکەی فینێوس، (٣٧)
بە دەستی باوەژنەکەیان،
کە ژنە تووڕە و سەرشێتەکەی خۆی بوو،
کوێر کران.
ئەوە کارێک بوو هاواری لە تۆڵەسەندنەوە دەکرد:
ئەو بە دەستە خوێناوییەکانی و
بە نووکی تیژی کلکی تەشییەکەی،
چاوی هەردووکیانی دەرهێنا.

لە کڵۆڵییەکەی خۆیاندا، بەسەر چارەنووسی ناخۆشی خۆیاندا، بە کوڵ گریان: کە لە ژنێک بووبوون نابەدڵ شووی کردبوو.
ئەو ژنە لە نەوەی کەونارای کوڕەکانی ئێرێخسێویس بوو، (٣٨)
بەڵام لە ئەشکەوتە دوورەدەستەکان،
لەنێو بایە بەهێزەکانی باوکیدا پەروەردە کرابوو،
ئەو، منداڵی خوداوەندێک و کچی بای باکوور بوو،
کە وەک ئەسپێک و خێرا بەسەر
بەرد و کەندا‌ندا ڕای دەکرد.
بەڵام ژنەخوداوەندانی چارەنووس، کچی خۆم،
پەلاماری ئەویشیان دا.

## ئێپیسۆدیۆن ٥

**تێیرێسیاس**
خەڵکی تێبە! ئێمە هەردووکمان، پێکەوە، بۆ ئێرە هاتووین:
چاوی یەکێکمان بۆ هەردووکمانی بینیوە.
ئێمەی کوێر دەبێ هەمیشە ڕێنوێنکارێکمان هەبێ.

**کریۆن**
پیرە **تێیرێسیاس**، چییە؟ چی ڕوویداوە؟

**تێیرێسیاس**
بۆت باس دەکەم و تۆیش دەبێ لە قسەم دەرنەچی.

**کریۆن**
تا ئێستا و هەمیشەیش، هێندەی بە بیرمدا بێ،
لە قسەت دەرنەچووم.

**تێیرێسیاس**
کەواتە کەشتییەکەتت بە ئاڕاستەیەکی ڕێکوڕاست بەرەوپێش بردووە!

**کریۆن**
ددانی پێدا دەنێم ئامۆژگارییەکانت بەکەڵک بوون.

**تێیرێسیاس**
بەڵام دیسان لەسەر نووکی چەقۆیەک لەنگەرت گرتووە.

**کریۆن**
مەبەستت چییە؟ جۆری قسەکردنت، دەمترسێنێ.

**تێیرێسیاس**

گوێ بگرە ئێستا و بزانە سەرنجم لە چی داوە و
تێبینیی چیم کردووە. وەک ئاسایی لە شوێنە کۆنەکەی خۆم،
لەوێوە، کە لە پەلەوەران دەڕوانم، دانیشـــتبووم و لەوێ، کە دەتوانم
سەرنج لە هەموو شت و ڕووداوێکی ناخۆش بدەم.
هەر ئەوسایش گوێم لە دەنگێکی سەیر بوو،
پەلەوەران تووڕە و بە دەنگێکی ناخۆش و ترسناک،
کە سەری بە بەریەوە نەبوو، دەیانزیقاند:
بە چڕنووکە تیژەکانیان، بەر بووبنە یەکتر و یەکتریان دەڕنییەوە،
ئەمەم لە باڵەکانیاندا بینی، کە لە پێکدادان نەدەکەوتن.
لەترساندا بڕیارمدا قوربانییەک ببرژێنم،
لەسەر قوربانیگە ئاگرم کردەوە،
بەڵام گڕی لێوە بەرز نەبووەوە،
بەڵکو دڵۆپەی چەوری لە ئێسکی ڕانەکەوە،
بەرەو خۆڵەمێشی نێو ئاگردان بەر دەبوونەوە،
دووکەڵیان دەکرد و خرموهوڕیان بوو،
زەرداوەکەیشی ڕاستەوڕاست بە هەوادا پەرش و بڵاو بووەوە،
لە دەوری ڕانەکەیش چەوری،
کە دەوری ڕانی قوربانییەکەی دابوو،
ڕێچکەی بەستبوو.
ئەوەی بۆت دەگێڕمەوە،
لەم کوڕەوە، کە لێرەدا وەستاوە،
بۆت دەگێڕمەوە و
هەر ئەمیش پێی وتم،
کە پێشبینییەکە لە گرێژەنە دەرچووە.
ئەم دەستی منی گرتووە و ڕێنوێنم دەکا،
وەک چۆن من ڕێنوێنیی ئەوانی تر دەکەم.
ئەمەیش بە هۆی تۆوە تووشی شارەکەمان بووە!

چونکە هەموو قوربانیگەکان و
گشت ئەو جێیانەی ئاگریان لێدەکرێتەوە،
پڕ بوون لە کەلاک کە سەگ و پەلەوەران،
لە لاشەی کەوتووی پۆلیونێیکێس-ی دەدەزن.
هیچ خوداوەندێکیش، چیی تر، هاواری قوربانیدانمان،
کە کاتێک ئاگرەکە بە دەوری ڕانی قوربانییەکەدا دەگەڕێ، نابیستێ؛
دەنگی پەلەوەرەکانیش ناناسرێتەوە،
چونکە چڵێسانە لە خوێنی چەوری مردووەکەیان خواردووە.
ئێستا بیر لەوە بکەوە کە بەر گوێت کەوتووە.
چونکە هەموو کەس لەوەدا هاوبەشن، کە بە ئاسانی هەڵە بکەن و،
ئەوەیش بە هەڵە ڕەفتاری کردووە، نە شێتە و نە بێ بیر و هۆش،
ئەگەر لەوە تێبگا چیی کردووە و بیەوێ خۆی چاکتر بکا و
پێ لەسەر هەڵەی خۆی دانەگرێ،
چونکە کەلەڕەقییە وا لە کەسێک دەکا،
بە گەوج و دەبەنگ ناو ببرێ.
لەبەر ئەوە دەست لە شێواندنی لاشەی مردووەکە هەڵگرە.
ئایا ئەوە ئازایەتییە بتەوێ کەسێک، کە مردووە بیمرێنی؟
من چاکەی تۆم دەوێ و بۆ کاری چاک ئامۆژگاریت دەکەم،
- خۆشبەختییە ئامۆژگاری بکرێی،
کاتێک سەرکەوتنت پێدەبەخشێ.

## کریۆن

هەمووتان، پیرەپیاو!، منتان بە نیشانە گرتووە و،
وەک تیروکەوانبەدەستان، نیشانەم لێدەگرنەوە و
ڕێم دەدەن سوود لە هونەری پێشبینیی ئێوە وەربگرم.
دەستەی قازانجکارانیش، لە دەمێکەوە، منیان کردووە بە کەلوپەل،
دەمکڕن، دەمفرۆشن و ئێستایش هەروەها!
قەیناکا، ئێوە خەریکی قازانجی خۆتان بن،
ئەگەر حەز دەکەن زێڕی هیندی و زێڕوزیوی ڕەسەنی

ساردینیایی-ی (٣٩) بکڕن!
بەڵام «ئەو» نابێ لە گۆڕێکدا خۆی لە بەرچاومان ون بکا،
نا، تەنانەت ئەو کاتەیش، کە هەڵۆکانی زێیوس،
بە لاشەی مردووەکەوە بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕن،
دەبێ من، لە ترسی ئەوەی لەکەدار و پیس بم،
قەبووڵی ئەوە بکەم لە گۆڕی بنێم:
زۆر چاکیش دەزانم، کە هیچ مرۆڤێک،
ناتوانێ خوداوەندان لەکەدار و پیس بکا.
خەڵکی وریا و زرنگیش، **تێیرێسیاس**-ی پیر،
ناچار دەبن بێنە سەر چۆک،
کاتێک بە یارمەتیی وشەی جوان،
بۆ سوود و قازانجی خۆیان،
جاڕی ڕەفتاری ناجۆر و ناشیرینی خۆیان بدەن.

**تێیرێسیاس**

بەڵام کەس نافامێ، کەسێک نییە تێبگا کە...

**کریۆن**

چ وشەیەکی حیکمەت ساو دەدەی و
لەگەڵ چ وشەیەکی حیکمەتدا خەریکی؟

**تێیرێسیاس**

... کە ئامۆژگاریی چاک، تا چ ڕادەیەک، بەنرخ و
چ سەروسامانێکە.

**کریۆن**

بە هەمان نرخ، کە بێعەقڵی خراپەیەکە نەبێتەوە.

**تێیرێسیاس**
بەڵام ڕێک ئەو دەردەیە تووشی تۆ بووە و ئازارت دەدا.

**کریۆن**
نامەوێ و نابەدڵم بە قسەی ڕەق ڕووبەڕووی پێشبینیکارێک ببمەوە.

**تێیرێسیاس**
ئەوە نییە ئەوە دەکەی:
دەڵێی کە من بە دروستی پێشبینی ناکەم.

**کریۆن**
بەڵێ، گشت پێشبینیکاران، چاوچنۆکن.

**تێیرێسیاس**
ئێوەی ستەمکارانیش بۆ نەویترین ئاست دادەبەزن و
خۆ نزم دەکەنەوە.

**کریۆن**
دەزانی ئەوەی بە خراپە باسی دەکەی، پادشای تۆیە؟

**تێیرێسیاس**
بەڵام بە یارمەتیی من بوو، توانیت شار ڕزگار بکەی.

**کریۆن**
لێزان و کارامەی تۆ، بەڵام هێندەیش ڕاستگۆ و بەئاوڕوو نیت.

**تێیرێسیاس**
ئەها ناچارم دەکەی، ئەو شتانە ئاشکرا بکەم، کە هیی باسکردن نین.

**کریۆن**
هەر هێندە بۆ سوودی خۆت و
بۆ داوای قازانج نەبێ، ئاشکرای بکە.

**تێیرێسیاس**
کەواتە پێت وایە هەرچییەک دەکەم، داوای قازانج، بەسەرمیدا دەسەپێنێ؟

**کریۆن**
‹‹من›› مامەڵە بە بڕیاری سیاسییەوە ناکەم!

**تێیرێسیاس**
دە کەواتە با پێت بڵێم، خۆر بەر لەوەی ڕابگا،
بەشێکی زۆری سووڕانەوەی خۆی تەواو بکا،
ناچار دەکرێی، لاشەی یەکێک لە خزمانت،
لەبریی لاشەی ئەوانی دیکە بدەی، چونکە تۆ کەسێکت،
لە ڕووناکایی ڕۆژ دابڕیوە و بە مەرگستانت سپاردووە؛
کەسێکت، کە هێشتا زیندووە، لە گۆڕێکدا بەند کردووە.
تۆ بە لاشەیەک، لاشەیەکی نەنێژراو، ناپیرۆز و ئەتککراو،
خوداوەندانی ژێر زەوی فریو دەدەی،
کە نە هیی خوداوەندانی ئاسمان و نە هیی خۆتە و
پاشان دووچاری ئەم دەستدرێژییەی دەکەی!
لەبەر ئەوە هەر ئێستا ئێرینی–یەکان؛ (٤٠)
ئەو تۆڵەستێنانەی، کە هەموو شتێک لە کۆتاییدا تێکوپێک دەشکێنن،
خۆیان لێمەڵاس داوی،
تا خۆیشت بکەویتە هەمان کارەساتەوە.
بیر بکەوە: پێت وایە من ئەمە دەڵێم لەبەر ئەوەی دەمم چەور کراوە؟
هێندە نابا و دەبینی ژنان و پیاوان لە ماڵەکەی خۆتدا،
بەدەم سکاڵاوە بە ڕووتدا دەتەقنەوە و هەموو شارەکان،

ئەو شارانەی لاشەی پارچەپارچەکراوی جەنگاوەرەکانیان،
بۆ پێشوازی لە سەگ و گیانلەبەری دڕندە و پەلەوەران،
خراونەتە بەردەمیان و ئەوانیش،
بۆگەنە ناخۆشەکەیان بەرەو ئاکرۆپۆل؛ (٤١) زێدی خۆی، بردووە.
ئەمانە ئەو تیرانەن کە خۆت، وەک تێرهاوێژێکی ڕقهەستاو، ناچارت کردووم بیانگرمە خۆت و
بە هیچ جۆرێکیش ڕێی دەربازبوونت لێیان نییە.
کوڕەکەم! ئا بێ زەحمەت بمبەرەوە بۆ ماڵ،
بۆ ئەوەی ئا ئەمە بۆی بلوێ،
لەگەڵ کەسانێکدا کە لە من گەنجترن،
ئاوها بێچاوڕووانە ڕەفتار بکا و
خۆیشی فێر بکا بە زمانێکی جوانتر بدوێ و
چاکتر گفتوگۆ بکا.

## کۆرس

ئێستا ئەو ڕۆیشتووە. ئەو پێشبینییە ترسناک بوو!
من دەزانم و لەوساوە ئەم قژە لەسەر سەرم ڕواوە،
کە ئێستا سپییە و جاران ڕەش،
ئەو هەرگیز پێشبینییەکی نەکردووە،
بە ڕاست نەگەڕابێ.

## کریۆن

منیش دەزانم و زۆریش نیگەرانم.
ملدان تۆقێنەر، بەرگریکردن و
پاشان بەزینیش، وەک ئەو تۆقێنەرن.

## کۆرس

ئێستا ئیتر مان و نەمانت بە ئامۆژگاریی چاکەوە پێوەستن.

**کریۆن**
چی بکەم؟ ئامۆژگاریم بکە و منیش کوێرانە گوێڕایەڵم!

**کۆرس**
ئەو کچە لە ژێرزەوییەکە دەربهێنە و ئازادی بکە،
گۆڕێک بۆ ئەو کوڕە گەنجەیش،
کە لەوێدا کەوتووە هەڵبکەنە و
بینێژە.

**کریۆن**
بە ڕاستیتە؟ بکشێمەوە و دەست لە بڕیارەکانم هەڵبگرم؟

**کۆرس**
تا دەیشتوانی خێرا، فەرمانڕەوا! چونکە تووڕەیی و سزای خوداوەندان پێش هەموو تاوانکاران دەگەن و دەستی خۆیان دەوەشێنن.

**کریۆن**
تا بڵێی نابەدڵم، بەڵام دەبێ دەست لە داواکەم هەڵبگرم.
بەرەنگاریکردنی دەسەڵاتی خوداوەندان کاری نەکردەیە.

**کۆرس**
دە بڕۆ، خۆت ئەو کارە بکە و ڕێی کەسی تر مەدە!

**کریۆن**
هەر ئێستا دەڕۆم! وەرن، خزمەتکاران، خێرا، هەر هەمووتان،
پاچ و پێمەڕەتان بیر نەچێ و بەپەلە بەرەو ئەو جێیەی بە ترۆپکی ئەو گردەوەیە بڕۆن!
چونکە بیروڕای خۆیشم گۆڕیوە، خۆم، کە ئەوم زیندانی کردووە، لەگەڵتان دێم و ئازادی دەکەم. چونکە باشتر وایە تا مردن، لەو

یاسایانەی، کە پێشتر بڕیاریان لەسەر دراوە لا نەدەی.

## ستاسیمۆن ٥

**کۆرس**

باکخۆس کە چەندین ناوی هەیە،
کە مایەی شانازیی سێمێلە (٤٢) و
کوڕی زێیوس-ی بە گرمەگرم و ناڵەیە؛
ئەو زێیوس-ەی ئیتالیای بەناوبانگ دەپارێزێ و
فەرمانڕەوای شیو و دۆڵە بەرئاوەڵاکانی
دیۆس-ی ئێلێوسی-یە، ئۆهـ باکخۆس،
کە لە شاری باکانت-ەکاندا، (٤٣) لە تێبە،
لە تەنیشت ئاوی بەخوڕی ئیسمێنۆ-ەوە، (٤٤) دەژی؛
نزیک ئەو جێیەی کە تۆوی ددانی ئەژدیهاکان،
ڕووان و گەورە بوون!

بڵێسەی ئەو ئاگرەی لەسەر پارناسۆس-ی (٤٥) دووترۆپک دەگرێ،
دەتبینێ؛ ئەوێ کە ژنە باکتانت-ە کۆریوک-ییەکان بۆی دەڕۆن و
کاستالیا-یش (٤٦) لەوێوە هەڵدەقوڵێ.
لاپاڵی کێوەکانی نیوساس، کە گوڵەسپانە (٤٧) داپۆشیون و
سەوز دەکەنەوە و کەناری سەوزی پڕ لە ڕەزی ئەو،
بەرەو ئێرە دەتنێرن، لە کاتێکدا کە دەنگە یەزدانییەکان
هاوار دەکەن ئێڤۆئێ (٤٨) و
تۆیش بە نێو کۆڵانەکانی تێبەدا دێی و دەچی.

تۆ، زیاتر لە هەموو شاران، ڕێز لە تێبە و
لە دایکیشت؛ کە برووسکە لێدا، دەگری.
ئێستا، کە سەرلەبەری شار تووشی دەردێکی ترسناک بووە، وەرە،
بەسەر لاپاڵەکانی پارناسۆس-دا و

بەسەر ئەو تەنگەی ئاوەدا، کە تەوژمەکانی بەهێزن،
بگەڕێوە بۆ لامان!
ئۆهـ؛ تۆ کە سەمای ئاگری ئەستێرەکان و
کۆڕی دەنگی شەوانە، ڕێبەری دەکەی،
تۆ ئەی نەوەی زێیوس، خۆت پێشان بدە،
فەرمانڕەوا، بە خۆت و دەستەی ژنە مێناد-ەکانتەوە، (٤٩)
کە بە درێژایی شەو، شێت و شەیدا و بەردەوام،
سەما دەکەن و بە شانوباڵی ئیاکخۆس-ی (٥٠) سەروەریاندا هەڵدەدەن
و پەسن و ستایشی دەکەن.

## ئێپێیسۆدیۆن ٦

**پەیک**
هاوشارانی شاری کادمۆس (٥١) و ئەمفیۆن! (٥٢)
ژیانی کەسێک، کە هێشتا بە کۆتا نەگەیشتووە،
نە دەمەوێ لۆمەی بکەم و نە ستایش. چونکە بە ڕەچاوکردنی
ئەوەی، کەسێک بەدبەخت بووە، یا بەختی هەبووە،
بە دەست دەسەڵاتی چارەنووسەوە،
جار لە دوای جار، یا قلْپ دەکرێتەوە، یا یارمەتیی دەدرێ،
هیچ کەس لە ئێمەیش ناتوانێ لە داهاتوو بڕوانێ و بیخوێنێتەوە.
جارێک لە جاران، وا دەهاتە پێش چاوی من، کە **کریۆن**،
هیی ئەوەیە ئێرەیی پێببرێ:
ئەو وڵاتی کادمۆس-ی لە دوژمنان پاک کردبووەوە،
جڵەوی فەرمانڕەوایی ئەوێی گرتبووە دەست و وەک پادشایەک،
خۆی بە تەنیا، فەرمانڕەوایی کرد و دڵی بە بەروبووی گرانبەهای
منداڵانی خۆش بوو.
ئێستا هیچی نییە: چونکە ئەوەی شتە دڵخۆشکارەکانی ژیان بە جێی
بهێڵن، ناتوانێ چیی تر بژی؛ ئەو ئێستا بۆ من،
لە لاشەیەکی مردووی گەڕۆک زیاتر،

هیچی تر نییە.
ئەگەر دەتەوێ، ماڵێکی گرانبەها، بۆ خۆت ڕەوا ببینە،
دڵی خۆتی پێ خۆش بکە و وەک میرێک بژی و
هەرچی بۆ مێرێک ڕەوایە،
تۆیش بۆ خۆتی بە ڕەوا ببینە،
بەڵام ئەگەر نەتوانی هیچ شادی و دڵخۆشییەکی تێدا ببینی،
نرخی پووشێکیشی نییە،
تەنانەت نرخی سێبەری دووکەڵیشی نییە!

**کۆرس**

چییە؟ بە چ پەیامێکی خەمگینەوە هاتووی؟

**پەیک**

هەردووکیان مردوون! تاوانیش هیی زیندووەکانە.

**کۆرس**

کێ مردووە؟ ئەی بکوژ کێیە؟

**پەیک**

**هایمۆن** مردووە. لە خوێنی خۆیدا گەوزاوە.

**کۆرس**

بە دەستی باوکی کوژرا، یا خۆی، خۆی کوشت؟

**پەیک**

بە دەستی خۆی، لە تووڕەیدا بەرانبەر بە تاوانی باوکی.

**کۆرس**

ئۆهـ پێشبینیکار، پێشبینیکردنەکەت ڕاست دەرچوو!

**پەیک**

بێ کەم و زیاد. ئیتر کاتی ئەوەیە بڕیارێکی ڕاست و دروست بدرێ.

**کۆرس**

ئەوە **ئێوریودیکە**؛ (٥٣) ژنەکەی **کریۆن**، لە کۆشکی پادشایەتییەوە، دێ. تۆ بڵێی ئەمە هەر ڕێکەوت بێ، یا شتێکی لەبارەی کوڕەکەیەوە بیستووە؟

**ئێوریودیکە**

خەڵکی تێبە! کاتێک بۆ نوێژکردن لە پەرستگەکەی پالاس-دا،
لە ماڵ هاتمە دەرەوە، نەمتوانی خۆم دوورەپەرێز بگرم و
گوێ لە قسەکانتان نەگرم، ڕێک لەو کاتەدا، کە دەروازەکەم کردووە،
گوێم لە دەنگێک بوو، باسی ئەو تراژێدییایەی دەکرد،
کە بەسەر خۆم و خێزانەکەمدا هاتووە.
تەواو بەنج و لەپەلوپۆکەوتوو بە پشتدا،
کەوتمە نێو باوەشی کارەکەرەکانمەوە و
لە هۆش خۆم چووم.
ئێستا بۆم بگێڕەوە و- هەموو شتێکم بۆ بگێڕەوە،
چونکە من بە دەرد و ژان نائاشنا نیم.

**پەیک**

من لەوێ بووم. پەیمانت پێدەدەم، کە هەموو شتێک بڵێم و
هیچ شتێک نەڕازێنمەوە و باسی هەموو شتێک بکەم.
چونکە چ نیازێک لەوەدا هەیە، ئێستا، میهرەبان بدوێی و
پاشان وەک درۆزنێک ناو دەربکەی!
نا، هەقیقەت هەمیشە چاکترینە.
من بەرەو بەرزترین ترۆپکی گردەکە،
دواى مێردەکەت کەوتم،

لەوێ، کە لاشەی پۆلیونێیکیس- دانرابوو و
هێشتا نەشێردرابووەوە،
وەک چەشەیەک بۆ سەگان.
لە هێکاتە-ی (٥٤) خوداوەندنی دوورپێیان و
لە پلوتۆ (٥٥) پاڕاینەوە، تێگەیشتن و نیازپاکیمان پێببخەشن،
ئەمجا ئەوەی لەبەر لاشەی پۆلیونێیکیس مابووەوە، شووشتمان و
لەسەر ئاگرێک، کە بە چیلکە، چەوێڵ و کۆتەرەی تازەکۆوەکراو
کردمانەوە، لاشەکەیمان سووتاند.
خاک و خۆڵی ئەو دەوروبەرەیشمان کۆکردەوە و
لەسەر ئێسکەکانی کەڵەکەمان کرد،
پاشان چووین بۆ ئەو جێیەی کچەکەی لێبوو؛
ژوورێکی بووکێنیی هادێس و تەختی نووستنیش زەوییە بەردرێژەکەی
ژوور بوو.
بەرێوە؛ بەرەو ژووره داخراوەکەی ئەو،
گوێمان لە کەسێک بوو بە دەنگی بەرز هاوار و سکاڵای دەکرد و
ئێمەیش چووین بۆ لای شا **کریۆن**، بۆ ئەوەی پێبڵێین.
کە ئەو هاتە پێشترەوە، بەدەم ئاخۆئۆفەوە،
ئەم وشە ناخۆشانەی لە دەم بەربووەوە: ‹›کڵۆڵ خۆم!
بڵێی من پێشبینیکار بم؟ بڵێی ئەو ڕێیەی من ئێستا پێیدا دەڕۆم،
لە هەموو ئەو ڕێیانە سەختتر بێ، کە تا ئێستا پێیاندا ڕۆیشتووم؟
ئەو دەنگە، دەنگی کوڕەکەمە!
دەستوپێوەند، بەپەلە وەرن بۆ ئێرە و بۆ لای گۆڕەکە!
ڕیز بن و خۆتان بە نێو درزی نێوان بەردەکاندا بکەن و
بەرەو دەروازەکەی بڕۆن و ئەمجا پێم بڵێن ئاخۆ ئەوە دەنگی
**هایمۆن**-ە کە دەیبیستم، یا خوداوەندانن و دەیانەوێ فریوم بدەن!"
پادشا نائومێدەکەمان ئاوها فەرمانی بەسەردا دەداین.
ئێمەیش دەستمان بە لێکۆڵینەوەی گۆڕەکە کرد و
بۆمان دەرکەوت، کە کچەکە لەوسەری گۆڕەکەوە،
خۆی بە پەتێکەوە، کە لە ملی خۆی ئاڵاندبوو،

هەڵواسیبوو و گیانی دەرچووبوو و
**هایمۆن**-یش باوەشی پێدا کردبوو و
بەسەر بووکەکەیدا  دەگریا،
کە چووبووە خوارەوە بۆ نێو گۆڕستانی مردووان و
هەروەها سکاڵای لە دەستی تاوانی باوکی و
هاوسەرگرییە پڕ لە کڵۆڵییەکەی خۆیان دەکرد و هاواری دەکرد.
ئەوجا **کریۆن** چاوی پێی کەوت،
بە شێوەیەکی ترسناک دەستی بە ناڵین کرد،
پاشان چووە نێو گۆڕەکەوە و دەستی کرد بە هاوار و سکاڵا:
‹›کڵۆڵ، ئەوە چیت کردووە؟ چیت لە بیردا بوو؟
ئەوەتا هۆش و گۆشت لە دەست داوە!
وەرە دەرەوە، لەسەر ئەژنۆ تکات لێدەکەم!"
بەڵام نیگای کوڕە بە تووڕەیییەک،
کە هیی شاردنەوە نەبوو ڕەق بووبوو،
تفی کردە دەموچاوی باوکی و
بێ ئەوەی هیچ وشەیەکی لە دەم بێتە دەر،
شمشێرە دوودەمەکەی هەڵکێشا.
بەڵام، کە باوکی بە پشتدا کەوت، نەیپێکا.
ئەوسا، ئەو کڵۆڵە، ڕووی تووڕەبوونەکەی بەرەو خۆی وەرگێڕا و
نیوەی شمشێرەکەی کرد بە لاکەمەری خۆیدا و
شلوکوت و لەپەلوپۆکەوتوو بەرەو کچە ڕۆیی،
لە باوەشی گرت و خۆی پێدا هەڵواسی و
- بەدەم هەناسەسواربوونەوە- بەسەر ڕوومەتە سپییەکەی ئەوەوە،
تەوژمێکی بەخوڕ خوێنی ڕەش لە لەشیەوە فیچقەی کرد.
ئێستا لە تەنیشت یەکترەوە ئارامیان گرتووە،
لاشە بە تەنیشت لاشەوە و
لەنێو ئەو جێیانەدا کە هادێس تێیاندا دەژی،
ئاهەنگی زەماوەندی خۆیان دەگێڕن،
ئەمەیش شایەتییەکە بۆ ئەوەی خراپترین کارەسات،

که ئێمەی مرۆڤ تووشی دەبین: بێعەقڵییە.

**کۆرس**
ئەمە یانی چی؟ **ئێوریودیکە** ڕۆیشت بەڵام،
بەبێ ئەوەی یەک وشەی لە دەم بێتە دەر.

**پەیک**
منیش وەک تۆ سەرم سووڕ ماوە، بەڵام بە هیوام، کە لێی ڕوون بووەوە، چی بەسەر کوڕەکەیدا هاتووە، خۆی لە هەموو پرسەیەکی ڕەسمی، دوورەپەرێــز بگرێ و لەبریی ئەوە، ئامۆژگاریی دەســتوپێوەندەکەی بکا،
هەر یەکەیان بۆ خۆی و دوورەپەرێز، بەئارامی و هێمنی،
خەمگینی و دڵتەنگی خۆی دەربڕێ و پرسە بگرێ؛
چونکە ئەو کەسێک نییە، کە بەئاسانی سەری لێبشێوێ.

**کۆرس**
نازانم، لای من خەمگینییەک، کە بێدەنگیی لێدەکرێ و
گریانی بێبڕانەوە، دوو شتن باش ناڵێن و
کارەساتیان بە دواوەیە.

**پەیک**
بەڵام ئەگەر بزانین و لێمان ڕوون بێ، کە خەریکی پلانێکە و
بۆ شاردنەوەی بە پەرۆشە، ئەوسا دەبێ ئێمەیش هاوبەشی بین.
پێشم وایە تۆ ڕاست دەکەی: بێدەنگییەکی تەواو، ئەویش، ترسناکە.

## ئێکسۆدۆس (٥٦)

**کۆرس**
ئەوە فەرمانڕەوای بەدەسەڵاتی ئێمەیە، دێ و

بەڵگەیەکی لەگەڵ خۆی پێیە، کە هیچ دوودڵییەک هەڵناگرێ،
ئەگەر ئەم بۆچوونەم ڕێی پێبدرێ! ئەو خۆیەتی و هیچ کەسی تر نا،
تاوانی کەوتنی خۆی کەوتووەتە ئەستۆ.

**کریۆن**
ئۆف! چەند هەڵەی ترسناک و جەرگبڕم کردووە،
منی شێتی کەللـەڕەق!
ئێوە بە بەڵگە پێشانتان داوە، کە چۆن خزموخوێشە نزیکەکانمان
قڕکراون و خۆیشیان یەکتریان قڕ کردووە!
ئاخ، چ بڕیاری پڕ لە کارەساتن ئەمانە!
کوڕەکەم، هێند گەنج، پێش وەخت، مردووە!
ئۆف خودا، ئۆف،
تۆ مردی، تۆ بە هۆی هەڵەکانی منەوە،
نەک لەبەر هەنگاوی هەڵەی خۆت،
لە دەست چووی و
مردی.

**کۆرس**
ئاخ، چەند درەنگ، زۆر درەنگ، لەوە تێدەگەی، چی ڕاستە!

**کریۆن**
ئۆف!
ئێستا منی نەگبەت و کڵۆڵ تێگەیشتووم،
خوداوەندێک بە هەموو قورسایی خۆیەوە بە سەریدا کێشام،
فڕێی دامە سەر ڕێگەیەکی پڕ لە زەبروزەنگ،
پشتی دڵشادیمی شکاند، خستیە بەر پێی و پلیشاندیەوە!
ئۆف خەمگینیی دڵتەقێنی ژیانی مرۆڤ.
ئۆف!

**پەیک**
خەم و پەژارەیەکت تووش بووە و یەکێکی تر بەڕێوە:
یەکەمیانت بە باوەشەوەیە و کە گەیشتیەوە ماڵەوە،
ئەوی تریشیانت ڕوون و ڕەوان،
بۆ دەردەکەوێ.

**کریۆن**
چی لەمە خراپتر هەیە ڕوو بدا؟

**پەیک**
ژنە کڵۆڵەکەت، دایکی ئەم مردووەی باوەشت،
پێش نەختێک خۆی کوشت و ئێستا ئەویش مردووە.

**کریۆن**
ئۆف! تابگەی هادێس،
کە هەرگیزاوهەرگیز بەتاڵ نییە،
بۆ تێکوپێکم دەشکێنی؟
تۆیش کە ئەم دەنگوباسانە دەگەیەنی،
ئەمە چییە دەیڵێی؟
تۆ پیاوێکی پشتشکاوت لەناوبردووە.
دەڵێی چی؟ مردنی چی، ئۆف خودایە، ئۆف.
- ژنەکەم؟ تۆی، ئەوەی، کە ئێستا دەبێ لاشەکەت،
بخرێتە سەر لاشەی ئەوی تر؟

**پەیک**
خۆت بیبینە، ئێستا هیچ دەرگەیەک نایشارێتەوە.

**کریۆن**
ئۆف!

ئێستا منی کلۆڵ کارەساتێکی تر دەبینم-
چ چارەنووسێک ماوەتەوە؟
نەختێک لەمەوپێش، کلۆڵ خۆم، کوڕەکەم لە باوەشمدا هەڵگرت و
ئێستایش دەبینم چۆن لەشی ژنەکەم دەهێنرێتە ژوورەوە.
ئۆف دایکی کلۆڵ! ئۆف کوڕەکەم!

**پەیک**
ژنەکەت، لە تەنیشت قوربانیگەکەوە،
خۆی بەسەر شمشێرێکدا دا و نیگا تاریکەکەی خۆی لێک نا،
دوای ئەوەی بە دەنگی بەرز سکاڵای بۆ تەختی نووستنی ساردوسڕ
و بەتاڵی مێرگاییۆس-ی (٥٧) خوالێخۆشبوو،
هەروەها بۆ تەختی نووستنی **هایمۆن**- کرد و
ڕق، تووڕەیی و تاڵیی خۆی بەسەر تۆ و
کارە خراپەکانی تۆدا، تۆی منداڵکوژدا، داباراند.

**کریۆن**
چ نەگبەتییەکە ئەمە! چ نەگبەتییەک!
لە ترساندا هەڵدەلەرزم.
بۆ کەسێک نووکی شمشێرێکی دوودەمی تێڕانەکردووم،
تا ڕزگارم بێ! چ کلۆڵییەکە ئەمە!
ئەو خەموپەژارەیەیش، کە هەڵیلووشیوم،
ئەویش پڕ لە کلۆڵی.

**پەیک**
ئەوەی مردووە؛ ژنەکەت، بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە تۆ بەرپرسی،
هەم لە مردنی خۆی و هەم لە مردنی ئەوانی تر.

**کریۆن**
پێم بڵێ: کتومت، بە چ جۆرێک، خۆی کوشت؟

**پەیک**

بە دەستی خۆی، کاتێک لە مردنی کوڕەکەی،
کە هەموو کەس بۆی بە خەم و پەژارە بوون، ئاگادار کرایەوە؛
شمشێرێکی لە لاکەمەری خۆیدا و خۆی کوشت.

**کریۆن**

ئۆف هەرگیز ناتوانم ئەمە بخەمە ئەستۆی کەسێکی تر و
لە گوناهی ئەم هەموو تاوانانە خۆم ئازاد بکەم!
چونکە من بووم، من تۆم کوشت، کلۆڵ، من،
من بووم و کەسی تر نا! دەستوپێوەندان،
وەرن و بەپەلە بمبەن و لێرە دوورم بخەنەوە،
چونکە من لە هیچیش بێنرخترم.

**کۆڕ**

ئامۆژگارییەکەت چاکە، ئەگەر چاکییەک لە کارەساتدا هەبێ،
کە تووشی کارەسات بووی، باشترین شت،
ئەنجامدانی کارە بە خێرایی.

**کریۆن**

ئۆف وەرە، ئۆف،
خۆتم پیشان بدە ئۆف، وەرە، مردن،
دوارۆژمم پێببەخشە،
دواترین ڕۆژم!
ئۆف وەرە، ئۆف،
بۆ ئەوەی هیچ ڕۆژێکی تر،
بە چاوی خۆم نەبینم!

**کۆرس**

ئەوە هیی داهاتووە. ئێمە دەبێ لە دەست ئەمڕۆمان هەڵنەیەین.
ئەوەی پاشان ڕوو دەدا، کاری ئەوانی ترە، نەک ئێمە.

**کریۆن**

بەڵام ئەوەی داوای دەکەم،
ڕوون و ئاشکرا لە داواکەمدا دیار بوو.

**کۆرس**

داوایەکی وا مەکە ئێستا! چونکە مرۆڤ،
لە دەستی ئەوەی چارەنووس دیاری کردووە دەربازی نابێ.

**کریۆن**

بمگرە و بمبە، منی مرۆڤی بێنرخ،
کە نابەدڵ تۆی کوشتووە، کوڕەکەم، تۆیش هەروەها،
هاوڕێ خۆشەویستەکەم، چونکە هیچ کەس نایەوێ بمبینێ و
پشتم بگرێ، هەموو شتێکم لە دەست دەرچووە،
ئاڕاستەم خواروخێچ و
چارەنووسێک، کە هیچ کەس بەرگەی ناگرێ،
بە سەرمدا سەرکەوتووە و بەزاندوومی.

**کۆرس**

عەقڵ، هەروەک ڕێزگرتن لە خوداوەندان،
یەکەم شتە، لەو کەسەی کە دەیەوێ بەختیار بژی، داوا دەکرێ.
لووتبەرزیی و وشەی بەکەشوفش،
هەمیشە بە قورسی پاداشتیان دەدرێتەوە و
خۆهەڵکێش و پڕڕوویش،
تا پیرتر بێ،
زیاتر نرخی عەقڵ دەزانێ.

## لێکدانەوە و پەراوێزەکان:

(١) ئەنتیگۆنە، بەپێی ئەفسانەی کەونارای یۆنانی، مارەبڕی ئامۆزای خــۆی؛ هایمۆن-ی کوڕی کریۆن بووە. کریۆن، کە بووەتەوە بە شــای تێبــە، لایەنگری ئێتیۆکلێس-ی کوژراو بووە. لــەو باوەڕدا بووە، کە ئێتیۆکلێس شــای بێ چەندوچۆنی تێبە- بووە و پۆلیونێیکێس-یشی بــەوە مەحکوم کردووە، کە گوایە پەلاماری شــارەکەی خۆی داوە و هێرشی بۆ کردووە. هەر لەبەر ئەوە، کریۆن، بڕیاری داوە پۆلیونێیکێس بە ڕێز و ستایشــەوە نەنێژرێ، بەڵکو بەوە ســزا بدرێ، کە لاشەکەی فڕێ بدرێ، تا سەگ و پەلەوەران بیخۆن و لە شارنشینانی تێبەیشی پاوان کردووە، دەستی بۆ بەرن، بەڵام ئێتیۆکلێس ناشتنێکی شایانی پادشایان نێژراوە.

شــەوێک، درەنــگان، ئەنتیگۆنــە؛ ئیســمێنەی خوشــکی خــۆی بــۆ کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵیی نهێنی لە دەرەوەی دەروازەکانی شار بانگ کــردووە و پێی ڕاگەیانــدووە، کە دەیەوێ لاشــەی پۆلیونێیکێس-ی برای، لە دژی بڕیارەکانی کریۆن-ی خاڵی، بنێژێ. بەڵام ئیســمێنە، لە ترســی سزای مەرگ، نەیویســتووە یارمەتیی بدا و نەیشیتوانیوە ئەنتیگۆنە ڕازی بکا دەست لەو کارەی هەڵبگرێ.

بۆ ســبەینێ، کە ڕۆژ دەبێتەوە، پیاوەکانی کریۆن بۆیان دەردەکەوێ لاشــەی مردووەکــە، بەپێی دابونەریتــی باوی لەگۆڕنــان، نێژراوە و

بەپەلــە دەگەڕێنــەوە بۆ لای شــا کریۆن و ئەویــش فەرمانی گرتنی تاوانبــاری ئــەو کارە دەردەکا. بڕیاریــش دەدەن لاشــەکە لــە گــۆڕ دەربهێننەوە و لە جێیەک لەبەر خۆر و بۆ گیانلەبەرانی کێوی دابنێن، بــەو هیوایەی تاوانبار بگەڕێتەوە و ســەرلەنوێ لاشــەکە بنێژێتەوە. هەروەهایــش دەبێ، ئەنتیگۆنە دەگەڕێتەوە، دیمەنی لەگۆڕدەرهێنانی لاشــەی براکەی سەری لێدەشــێوێنێ و دەیەوێ دیسان بینێژێتەوە، بەڵام کتوپڕ دەستگیر دەکرێ و بۆ لای کریۆن دەبرێ.

کریــۆن لە ئەنتیگۆنە دەپرســێتەوە و ئەویــش نکوڵی لە تاوانی خۆی ناکا، بەڵکو ئادگار و بڕیارەکان دەخاتە ژێر پرسیار و لێکۆڵینەوەوە. کریۆن، لە ئاکامی ئەوەدا تووڕە دەبێ و بڕیاری مەرگی بەسەردا دەدا. ئەنتیگۆنەیش بەوپەڕی هێمنییەوە بەرپەرچی ئەو بڕیارەی دەداتەوە و بانگەشە دەکا، کە ئەو خوداوەندانی لە پشتە و باکی لە مردن نییە. پاشان کریۆن ڕوو بەرەو ئیسمێنەی خوشکی ئەنتیگۆنە، کە هەوڵ دەدا تاوانەکە بەســەر خۆیدا ســاغ بکاتەوە، وەردەگێڕێ. بەڵام ئەنتیگۆنە بەرپەرچی قســەکانی خوشکەکەی دەداتەوە و لە دژی دەوەستێتەوە و دەڵێ: کە ئیســمێنە لە ناشــتنی براکەیاندا بەشــدار نەبووە، لەبەر ئەوە نابێ لە پێناوی کارێکی وا بەئاوڕوودا بمرێ. ئیســمێنەیش داوا لە خوشــکەکەی دەکا و لێی دەپاڕێتــەوە، کە ڕێ بدا، هەردووکیان، پێکــەوە ســزای مەرگ بدرێــن، چونکە ئەم نایەوێ بــە تەنیا، دوای مەرگی ئەنتیگۆنە، بمێنێتەوە. بەڵام ئەنتیگۆنە قەبووڵی ناکا و دەڵێ سزا تایبەتە بە خۆی و ئیسمێنە بۆی نییە داوای شتێک بکا، کە هیچ پێوەندییەکی پێوە نەبووە. کریۆن، سەر لەم داوایەیان دەرناکا و پێی وایە هەردوو خوشــک شێت بوون، کە لەســەر ئەوەی کامیان بمرن، شەڕ دەکەن، بەڵام لەسەر بڕیاری خۆیشی سوور دەبێ و هەردووکیان لە زیندان توند دەکا.

کریــۆن، پاشــان، لەگەڵ هایمــۆن-ی کوڕیدا قســان دەکا و چیرۆکی تاوانی دوو خوشــکەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. هایمۆن دەیەوێ گوێڕایەڵی باوکــی بێ، بــەڵام کاتێک بە وریاییەوە هەوڵ دەدا باوکی ڕازیی بکا ئەنتیگۆنە ببەخشــێ، نێوانیان تێک دەچێ و بە قســەی ناشیرین بە

گژ یەکتردا دێنەوە. هایمۆن، ئەنجام، ماڵ بە جێ دەهێڵێ و سـوێند دەخوا هەرگیزاوهەرگیز نەگەڕێتەوە و چاوی بە باوکی نەکەوێتەوە.
کریۆن-یش بڕیار دەدا، کە لە ئیسـمێنە خۆش بێ و ئەنتیگۆنەیش بە زیندوویی لە ئەشـکەوتێکدا بنێژرێ. ئیتر ئەنتیگۆنە لە ماڵ دەبرێتە دەرەوە و ڕێی پێدەدرێ بۆ دوایین جار لەسەر ڕەفتارەکانی خۆی بێتە دەنگ، پاشان بەرەو گۆڕەکەی دەبرێ.
تێیرێسـیاس-ی پێشـبینیکار (=غەیبگۆ=ئۆراکل) هەوڵ دەدا کریۆن ڕازی بـکا ڕێ بـدا پۆلیونێیکێس، بە شـێوەیەکی شـایان و بەپێی دابونەریتی باوباپیران، بنێژرێ و ئەنتیگۆنەیش ئازاد بکرێ. ئاگاداری دەکاتەوە، ئەگەر وا نەکا، خوداوەندان لە کریۆن تووڕە دەبن و لەبەر ئەم کارەی سـزای دەدەن. بەڵام کریۆن، تێیرێسـیاس بەوە گوناهبار دەکا، کە دەمی چەور کراوە و بەرتیلی وەرگرتووە و تێیرێسیاس-یش بـەوە وەڵامی کریـۆن دەداتەوە، کە لە ئەنجامی ئەوەدا، کە لاشـەی پۆلیونێیکێس-ی فڕێ داوە بۆ ئەوەی بۆگەن بکا و فەرمانیشی داوە ئەنتیگۆنە بە زیندووی لە گۆڕ بنرێ، یەکێک لە منداڵەکانی لە دەست دەدا و، بـێ لەمەیـش، لەمەودوا، هەموو خەڵکـی یۆنان ڕقیان لێی دەبێتەوە. کریۆن، بەم پێشـبینییە، سـەری لێدەشـێوێ و یەکسەر دەسـتەیەک لە پیاوانی خۆی، بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکەی، دەخاتە دوای خۆی. بەڵام پەیکێک لەپڕ پەیدا دەبێ و بە کریۆن ڕادەگەیەنێ، کـە ئەنتیگۆنە خـۆی لە زیندانەکەیدا هەڵواسـیوە و هایمۆن-یش، لە تەنیشـت ئەوەوە، بە شمشێرێک، خۆی کوشتووە. ئێوریودیکەی ژنی کریۆن و دایکی هایمۆن-یش، بە هەواڵی مەرگی کوڕەکەی و، شێتبوو بە دەست خەم و پەژارەوە، لەنێو کۆشکدا ون دەبێ.
کریـۆن لـە دواییدا تێـدەگا، کە چۆن ڕەفتاری خـۆی بووە، بە هۆی ئەم کارەسـاتە. هەر ئەوسایش، پەیکێکی تری لێپەیدا دەبێ و پێی ڕادەگەیەنـێ، کە ئێوریودیکەیش خۆی کوشـتووە و بەدەم گیانەڵاوە نەفرەتـی لە مێردەکەی خۆی کـردووە. کریۆن ئەمجا، وەک پیاوێکی تێکوپێکشـکاو، گوناهی هەرچییەک، کە ڕوویداوە دەخاتە ئەسـتۆی خـۆی و تێـدەگا ئـەو ڕێکوپێکییەی، کە لای ئەو لە هەموو شـتێک

گرینگتر بووە، ئێستا لە گرێژەنە چووە و لە دەست ئەمیش دەرچووە، ئەگەرچی ئەم هێشتا هەر پادشایە، بەڵام چونکە لە دژی خوداوەندان ڕەفتـاری کردووە، هەم کوڕ و هەم ژنەکەیشـی، یەک لە دوای یەک، لە دەست چووە.

لەبـەر ئەمانە، کریـۆن، وەک کاردانەوەیـەک، دەیەوێ خۆی بکوژێ، بەڵام خوداوەندان ڕێی لێدەگرن و پێی ڕادەگەیەنن، کە مردن سزایەکی قـورس نییـە و لەبەر ئەوەی دوو کاری دژی خواسـتی خوداوەندانی کـردووە، دەبێ هـەم ڕووحی پاک بکرێتەوە و هـەم لە گوناهەکانی خۆیشی تێبگا.

تێبینـی: شـکاندنەوەی دێڕەکانـی ئـەم درامایە بەو شـێوەیەی کە دەیبینیـن، بـەو نیازە نەبـووە و نییە دێڕەکان وەک شـیعر چاویان لێبکرێ، بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوە بەو شـێوەیە شـکێنراونەتەوە، تا ئاسانتر بخوێنرێنەوە و کاریان پێبکرێ — لە هەندێک جێیش ناچاریی دیزاینکردنی کتێبەکە بەم جۆرەی، کە هەیە سـەپاندویەتی. تا ئەو جێیەیش دەسـەڵاتم بەسەریدا شکابێ، تاموچێژی کوردانەی خۆمانم لەبـەر چاو گرتووە و ناچار نەبووبم، خۆمم لێدوور نەخسـتووەتەوە. لەمەدا چەند سەرکەوتووم یا نا، نازانم! بەڵام ئەوەی بەر لە دەستکردن بە وەرگێڕانی لێی دوودڵ نەبووم و ئێسـتایش، دوای وەرگێڕان، لێی دوودڵ نیم ئەوەیە، کە وەرگێڕانی ئەم درامایە، هەر نەبێ بۆ من، بە شـیعر، کاری نەکردە بووە و هەیە، بەڵام ئەمەیش نەبووە بە هۆ بۆ ئەوەی خۆم لە وەرگێڕانی ببوێرم، ئەمجا بەڵکو ئەمە هەنگاوی یەکەم بێ و خواوڕاسـان، ڕۆژێک لە ڕۆژان، وەرگێڕێکی تر بێ و بە شـیعر و جوانتریـش لەم وەرگێڕانەی من، چاومان بـە ڕووناکایی ئەم درامایە ڕۆشـنتر بکاتـەوە، کە دەبوو لـە دەمێکەوە ڕۆشـنتر بکرانایەتەوە. (خ.ع.)

(٢) کۆرسی بەیتبێژانی پیرانی تێبە: لە دراماکەدا، هەندێک جار وەک تاک و هەندێک جاریش وەک کۆ دەدوێ/دەدوێن و لە وەرگێڕانەکەیشدا،

ئەگەرچــی لەگــەڵ زمانی کوردییــدا نەختێک ناجۆر دێتــەوە، بەڵام پێڕەوی ئەوە کراوە. تێبە: ناوچەیەکە لە یۆنان و دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای ئەتێن (ئەســینا) و باکــووری زنجیرەچیای کاتایرۆن-ەوە، کە سنووری هاوبەشە بە ناوچەی بۆیۆتیا و ئەتیکا-وە. دانیشتووانی تێبەی ئێســتا، ســاڵی ٢٠٠١، ٢٣٨٢٠ کەســە و گەورەترین ناوچەی بۆیۆتیایە.

(٣) پەیک: کەسێک، کە نامە یا پەیامێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تــر، یا لە لایەن کەســێکەوە بۆ کەســێکی تر دەبات. (ســەرچاوە: فرهنگ فارســی-کوردی، دانشــگاه کردستان، جلد ســوم، ع-ی، بە سرپرستی ماجد مردوخ روحانی.)

(٤) پرۆلۆگــۆس: لــە ئەدەبیاتدا هەمان بەشــە، کە ناوی پێشــەکی لێدەنرێ. پرۆلۆگۆس، وشەیەکی یۆنانییە و لە پرۆ؛ بە مانای پێش و لۆگۆس؛ بە مانای وشە پێکهاتووە. لە دراما کلاسیکییە یۆنانییەکاندا پێشەکی/پێشــگوتن؛ واتە پرۆلۆگۆس، گرینگییەکی زۆری هەبووە و زۆرجاریــش، هــەر خۆی، بــووە بە جۆرێک لە ئــەدەب. پرۆلۆگۆس، وەک تێکستێکی پێش تێکستی سەرەکی بە کار هێنراوە و هەڵگری نێوەرۆکێکی گرینگ بووە، بۆ ئەو تێکستە سەرەکییەی، کە بە دوایدا هاتووە.

(٥) ئۆیدیپوس: لە ئەفسانەی کۆنی یۆنانیدا، ئۆیدیپوس؛ کە بە واتای «ئەوەی پێیەکانی هەڵامساون» دێ، پادشایەک لە پادشاکانی یۆنان بووە. بەناوبانگترین کارێکی ئەدەبی لەبارەی ئەوەوە، شا ئۆیدیپوس-ی سۆفۆکلێس-ە. چیرۆکە کەوناراکان دەگێڕنەوە، کە شا و شاژنی تێبە، لە لایەن ئۆراکلێکەوە (=غەیبگۆیەکەوە=پێشبینیکارێکەوە) ئاگادار دەکرێنــەوە، کە کوڕە نەوزادەکەیــان، ڕۆژێک لە ڕۆژان، باوکی خۆی دەکوژێ و دایکی خۆی دەخوازێ، لەگەڵیدا دەنوێ و منداڵیشی لێی دەبێ. لەبەر ئەوە، شــوانێک، ڕادەسپێرن کۆرپەکەیان لەگەڵ خۆیدا

ببا و لە چۆڵەوانییەک بە جێی بهێڵێ، تا دەمرێ. شـوانەیش، کوڕە هەڵدەگـرێ و دەڕوا، تـا بـە چۆڵەوانییەک دەگا و لـەوێ دایدەنێ و پێیەکانیشـی بە بزمار بە زەوییەوە دادەکوتێ. بەڵام شـوانە نازانێ، کە منداڵەکەی لە خاکی کۆرینت-دا بە جێ هێشتووە و شوانێکی تر، پاشـان، منداڵە دەدۆزێتەوە. شـا پۆلیوبۆس-ی شانشینی کۆرینت-یـش، چونکە خۆی منداڵی نەبووە، کە منداڵەکە دەبینێ، دڵی پێی دەسـووتێ و لای خـۆی دەیهێڵێتـەوە و وەک منداڵـی خۆی گۆش و پـەروەردەی دەکا. منـداڵ، کـە گەورەتر دەبـێ، برینەکانی پێی، لـە بەرەوە، سـاڕێژ دەبن، بـەڵام جێبرینەکان ناحەز و ناشـیرین لە جێـی خۆیـان دەمێننەوە و پێیەکانی دەئاوسـێن، هـەر لەبەر ئەوە شای کۆرینت، ناوی دەنێ ئۆیدیپوس، کە بە مانای پێهەڵمساو دێ. ئۆیدیپوس، دواتر، دەبێ بە شمشێروەشـێنێکی کارامە و بە ئاسـانی دووان لە مامۆستاکانی خۆی لە شمشێربازیدا دەبەزێنێ.

پاشـان، ئۆیدیپوس، خۆیشی بەم پێشگۆییکردنە دەزانێ، کە ڕۆژێک دێ و باوکـی خـۆی دەکوژێ و دایکی خـۆی دەهێنێ و منداڵی لێی دەبـێ، بەڵام چونکە نازانێ، کە منداڵێکـی دۆزراوە و هەڵگیراوەیە، بـۆ ئـەوەی ئەمـە ڕوو نەدا، کۆرینت بە جێ دەهێڵێ، سـەری خۆی هەڵدەگرێ و لە گەشـتەکەیدا، ڕۆژێک، لـە دووڕێیانێکدا ڕووبەڕووی پیاوێـک و گالیسـکەکەی و دوو جەنگاوەر، کە لەگـەڵ پیاوەکەدان دەبێتەوە و لەسەر ئەوەی کامیان دەبێ ڕێ بۆ ئەوی تریان چۆڵ بکا، تا لە پێشـدا بڕوا، دەبێ بە شـەڕیان و شـەڕ بەوە کۆتایی دێ، کە ئۆیدیپوس پیاوەکە، کـە باوکی خۆیەتی و جەنگاوەرەکان دەکوژێ. پاشان لەسەر ڕێی خۆی بەردەوام دەبێ، تا دەگاتە شاری تێبە؛ کە (ابوالهول)ێک [= (سـفینیکس)ێک] ئابلۆوقـەی داوە و ناهێڵێ هیچ کەس لە شـار بێتە دەرەوە و هەر کەسـێکیش سـەرپێچیی بکا، یا دەبـێ مەتەڵێک، کە ئـەو دایهێناوە، هەڵبهێنێ یـا ابوالهول دەیخوا و مەرجیشـی ئەوەیە ئەگەر بێ و هەر کەسـێک بە ڕاسـتی وەڵامی مەتەڵەکـەی بداتـەوە، ئەوا هەم دەسـت لە خۆی و هەم لە شـاری تێبەیش هەڵدەگرێ. مەتەڵەکەیش ئەمەیە: «ئەو گیانلەبەرە کامەیە،

کــە بەیانیــان بە چوار قاچ، لە ڕۆژدا بە دوو قاچ و شــەوان بە ســێ قاچ دەڕوا؟›› ئۆیدیپوس مەتەڵ هەڵدەهێنێ و دەڵێ: ‹‹ئەوە مرۆڤە، کاتێک ساوایە لەسەر چوار و کە گەورە دەبێ لەسەر دوو و کە پیریش دەبــێ بــە یارمەتیی گۆچان دەڕوا.›› ئیتر ابوالهول، کە پێی وا بووە هەرگیز کەس مەتەڵەکەی هەڵناهێنێ لە شاخێکەوە خۆی هەڵدەداتە خوارەوە و دەتۆپێ.

ئۆیدیپوس، بەو جۆرە هەم خۆی و هەم شاری تێبەیش ڕزگار دەکا و دەڕواتە شارەوە. پاشان ئیۆکاستە-ی شاژنی تێبە، چونکە شا لایۆس ماوەیەک لەوەوپێش و بە دەست چەند چەتەیەک کوژراوە، دەخوازێ، دەبن بە ژن و مێرد و چوار منداڵی لە ئیۆکاستە دەبێ.

بەڵام شار بە دەست بەڵایەکەوە؛ نەخۆشییەک کە هەم تووشی مرۆڤ و هــەم گیانلەبەران دەبێ، دەناڵێنــێ. ئۆدیپوس-یش، لە بەرانبەر ئەو بەڵایەدا، دەســتێکی دەکەوێتە ئەملا و دەستێکی ئەولا و هیچی پێ ناکرێ، ناچار کریۆن-ی برای ئیۆکاستە دەنێرێ بۆ لای ئوراکلێک (=غەیبگۆیــەک) لە دێلفی بۆ ئــەوەی ڕێنوێنییەکی بکا. کریۆن-یش بــەو ئاگادارییەوە دەگەڕێتەوە، کە ئۆیدیپــوس دەبێ بکوژی لایۆس دەســتگیر بکا و ســزای بدا. ئەمیش لە غەیبگۆیەکی کوێر، کە ناوی تێیرێسیاس-ە دەپرســێ، چۆن بتوانێ بکوژەکەی لایۆس بدۆزێتەوە. غەیبگۆ ســەرەتا نایەوێ هیچ بڵێ، بــەڵام لە کۆتاییدا بە ئۆیدیپوس دەڵێ، کە ئەو خۆی وەک غەوارەیەک بۆ تێبە نەهاتووە و ئەو بکوژەی بە دوایدا دەگەڕێ، ئۆیدیپوس خۆیەتی! ئۆیدیپوس بە قسەی غەیبگۆ ناکا، بە درۆزنیی تاوانباری دەکا و شــاربەدەری دەکا. پاشــان، کە زیاتر لە کێشەکە دەکۆڵێتەوە، بۆی دەردەکەوێ، کە خۆی لایۆس-ی کوشتووە. هەروەها بۆیشی دەردەکەوێ خۆی کێیە و ئیۆکاستە کێیە. ئیۆکاســتە-یش، کە بەمە دەزانێ، خۆی هەڵدەواســێ و ئۆیدیپوس-یش، ئاکام، چاوی خۆی دەردەهێنێ، خۆی شاربەدەر دەکا و هەڵدێ و بەو جۆرە فەرمانڕەوایی دەکەوێتە دەست کریۆن.

(٦) زێیوس: خوداوەندی خوداوەندان و فەرمانڕەوای ئاســمان بووە.

هەندێـک بە دیاس؛ کە لە وشــەی دییــاوس-ەوە هاتووە و بە مانای ئاســمان دێ، ناوزەدیان کردووە. زێیوس بەهۆی برووســکەیەکەوە، کـە توانیویەتی بیگرێتە دوژمنەکانی و بــە هەڵۆیەکەوە، کە هێمای هێز، ئازایی و عەدالەتە ناســراوەتەوە و پێشان دراوە. بێ لەمانەیش هەندێـک جار بــە گوڵێکی لوتوس- و بە گۆپاڵێک و ســەروپێچێکی لــە گەڵای بــەڕوو دروســتکراوەوە، نیگار و پەیکەری بۆ کێشــراوە. گیانلەبەری پیرۆزی ئەو، هەڵۆ و گورگ بوون و ڕووەکی پیرۆزیشی، بەڕوو و کەرەوز بوون. پەلەوەران، وەک پەیامنێرانی زێیوس چاویان لێکــراوە. هەربۆیە پیــاوە ئایینییەکانی زێیوس پێیــان وا بووە، کە دەتوانن لەڕێی ســەرنجدان لە فڕینی پەلەوەرانەوە پێشبینی داهاتوو بکەن. زێیوس بە میزاجە توند و تووشەکەی و بە حەزکردن لە ژنان، هەم ژنانی ئاسایی و هەم ژنەخوداوەندان، ناسراو بووە.

(٧) ئادراســتۆس: پادشــای ئارگۆس بووە. برای ئێریفیولە و باوکی ئایگیالێــوس و ئارگێیا بووە، کە شــووی بە پۆلیونێیکێس-ی کوڕی ئۆیدیپوس کردووە. ئادراستۆس لەگەڵ ئامفیاراوس-دا شەڕی کردووە و پاشان لەگەڵیدا ئاشت بووەتەوە.

(٨) ئارگیــڤ-ەکان: یا ئارگاڤ-ەکان، ئەو ناوەیە، کە هۆمێرۆس بە کاری هێنــاوە و باســی ئەو یۆنانییانەی پێکــردووە، کە لە ئیلیادەدا ئابلّووقــەی ترۆیا-یــان داوە. خەڵکی ئارگۆس-یش، هەر بە ئارگیڤ-ەکان ناویان براوە.

(٩) کریۆن: مێردی ئێوریودیکە و برای ئیۆکاستە و خاڵی ئۆیدیپوس بــووە و دوای ئۆیدیپوس، بووە بە شــای تێبە. چارەنووســی کریۆن ژیانێک بووە لەنێوان ئەو کێشــەیەدا، کە هیچ چارێکی نەبووە، واتە ژیان لەنێوان، لە لایەک ڕاگرتنی یاســا و لە لایەکی ترەوە دنەدان و پشتگریکردن خزموخوێش.

(١٠) ئێتیۆکلێس: یەکێک لە کوڕەکانی ئۆیدیپوس بووە.

(١١) پۆلیونێیکێس: یەکێک لە کوڕەکانی ئۆیدیپوس بووە و لەگەڵ براکەی خۆیدا؛ ئێتیۆکلێس، شای تێبە بوون. پۆلیونێیکێس، دواتر، لەگەڵ ئارگێیا-ی کچی ئادراستۆس-دا خێزانی پێکەوە ناوە و کوڕێکی بە ناوی تێرساندرۆس-ەوە بووە. دوای ئەوەی ئۆیدیپوس بە تاوانێک، کە لە دەستی بووەتەوە و شاربەدەر کراوە، کوڕەکانی دەسەڵاتیان کەوتووەتە دەست و لەنێوان خۆیاندا، بەو جۆرەی، کە ساڵێک ئەمیان و ساڵێک ئەویان فەرمانڕەوایی بکا، دەسەڵاتیان دابەش کردووە. بەڵام ئەمەیان بۆ نەچووەتە سەر و پۆلیونێیکێس ناچار کراوە بە هەڵهاتن و کۆچکردن، تا دیسان بۆ بەدەستهێنانەوەی دەسەڵات هێرشی بردووەتەوە سەر شاری تێبە و ئەنجام هەردوو برا، یەکتریان کوشتووە. دوای ئەمە، کریۆن-ی خاڵیان بڕیاری داوە ڕێ نەدرێ بە ناشتنی لاشەی پۆلیونێیکێس و ئەمە بووە بە هۆی کێشەی نێوان کریۆن و ئەنتیگۆنە.

(١٢) پارادۆس: وشەیەکە و لە شانۆی کەونارای یۆنانیدا، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوانەی لە لایەک لە لایەکانی شانۆوە هاتوونەتە سەر شانۆ، یا بۆ گۆرانییەک، کە کۆرسی بەیتبێژان، دوای هاتنە سەر شانۆ لە لایەک لە لایەکانی شانۆوە؛ وتویانە، بە کار هێنراوە.

(١٣) دیرکە: شاژنێک و کچی خوداوەندی ڕووبار؛ ئیسمێنۆس و ژنی شا لیکۆس بووە لە تێبە.

(١٤) ئارێس: خوداوەندی جەنگ، تووڕەیی و زەبروزەنگی بێپایان بووە. کوڕی زێیوس و هێرا بووە. ئارێس لە جەنگە گەورەکاندا بەشداری کردووە و زۆرجار بە ڕمێک و مەشخەڵێکی گڕدارەوە نیگار یا پەیکەری کێشراوە و پێشان دراوە. نیشانەی ئارێس سەرگەڕ (=سیسارکەکەچەڵە) بووە. بەپێی هەندێک لە چیرۆکەکان، وا

دەگێڕدرێتەوە پێستی ئەو کەسانەی لە شەڕدا کوشتبوونی لەسەر تەختی نووستنەکەی خۆی ڕاخستووە و لەسەریان نووستووە. ئارێس، گوایە جوان، بەڵام شەڕەنگێز و تووڕەوتڕۆ بووە و هەر لەبەر ئەوەیش خوداوەندان، زۆرجار، خۆیان لێنەبان کردووە و ڕێیان نەداوە لە ئاهەنگ و بۆنەکانیدا بەشدار بێ. ئەو بە خوێنخۆریی بەناوبانگ بووە و وا سەیر کراوە، کە بە تەنیا لەبەر شەڕکردن بەشداری شەڕی کردووە و پێی گرینگ نەبووە، لەگەڵ چ بەرەیەکی شەڕ بووە. لەبەر ئەوە ئەتێنای خوشکی، کە نوێنەریی فێڵ و وریایی بووە لە شەڕدا، لەبەر ئەو کردەوانەی حەزی لێی نەبووە و زۆرجار پێکەوە بە شەڕ هاتوون. یەکێکیش لەو شەڕانە، شەڕی نێوان ئاکایی-یەکان بووە، کە ئاگامێمنون-ی پادشای میوکێنە پێشڕۆیی کردووە و ترۆیانی-ییەکان، کە ئارێس لە بەرەی ئەمان بووە، تێیدا دۆڕاون.

(١٥) باکخۆس: خوداوەندی مەستی و مەی بووە. دیۆنیوسوس-یش هەروەها.

(١٦) مێنۆیکێوس: باوکی کریۆن و ئیوکاستە بووە.

(١٧) ئێپێیسۆدیۆن: نێوان نمایش، یا برگەیەک لە نمایش و لەگەڵ ستاسیمۆن-دا جێگۆڕکێیان کردووە، بەتایبەت لە تراژێدیادا، کە ژمارەیان لەنێوان سێ تا شەش بووە و هەڵگری چارەسەرە گرینگەکانی نێو دراما بوون.

(١٨) لایۆس: باوکی ئۆیدیپوس بووە.

(١٩) ستاسیمۆن: بە واتای ‹‹وەستاو و ئارام›› لە دوای پارادۆس و پێش ئێسۆدۆس بە کار هێنراوە. بەیتەکان لەگەڵ ئاوازدا، کە لە پارادۆس-دا سەرشارە، نایەنەوە، بەڵام ئاوازی ئەمان ئارام و وەستاوە، کەچی ئەوانەی ئەم بەیتانە دەبێژن ناتوانن ئارام بن و

بەدەم سەماکردنەوە دەیانبێژن.

(٢٠) دیکــە: ژنەخوداوەنــدی عەدالەتی ئاکاری بووە و ئەم دەســتی بە عەدالەتی ئینســانیدا و تێمیس-ی دایکیشی دەستی بە عەدالەتی یەزدانیــدا ڕاگەیشــتووە و سەرپەرشــتیی کــردووە. دیکــە، وەک خوداوەندێکــی ئاســایی، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبــێ بمرێ، لە دایک بــووە و زێیــوس-ی باوکی ڕەوانەی ســەر زەوی کردووە، تا بەســەر عەدالەتــی نێو خەڵکــدا ڕابگا، بەڵام کە بۆی دەرکەوتووە ئەوە کاری نەکردەیــە، دیکە-ی بۆ ئۆلۆمپیا بانگ کردووەتەوە. دیکە، خوشــکی ئێونۆمیا؛ ژنەخوداوەندی جێبەجێکردنی یاســا و خوشکی ئێیرێنە-ی ژنەخوداوەندی ئاشتی و خۆشگوزەرانی بووە.

(٢١) ســراکی-یەکان: دانیشــتوانی ســراکییا-ن، کــە هەرێمێکــی جێوگرافیایــی و مێژوویییە لە باشــووری خۆرهەڵاتــی نیوەدوورگەی بەڵــکان و دەکەوێتە نێوان زەریای ڕەش، زەریای ئیجە و زەریاچەی مەرمەڕ. سراکییان-ی دێرین، ئێستا، دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی یۆنان، باشووری بولگاریا، خۆرهەڵاتی سێربیا و بەشە ئەورووپایییەکەی تورکیاوە.

(٢٢) لابداکیــد (=لابداکــوس): کــوڕی تاقانــەی پۆلیــودۆروس و پادشــایەک لە پادشــاکانی تێبە بووە. کوڕەزای دامەزرێنەری تێبە؛ کادموس، بــووە. دایکی ناوی نیوکتێیس و ئەویش کچی نیوکتێوس بــووە. کاتێــک لابداکیــد (=لابداکــوس) منداڵێکی بچکۆلــە بووە، پۆلیــودۆروس مــردووە. دوای ئــەوەی هەڵیداوە و گــەورە بووە، بۆ ماوەیەک، فەرمانڕەوای تێبە بووە، بەڵام بە گەنجی لە شەڕێکی دۆڕاودا، لەگەڵ شــای ئەتێن (=ئەسینا)؛ پاندیۆن، لەسەر کێشەی سنووری نێوانیان، کوژراوە. ئەپۆلۆدۆروس دەنووســێ، کە لابداکیدوس، وەک ئامۆزاکەی خۆی؛ پێنتێوس، لە لایەن ژنە باکتانەکانەوە، لەبەر ئەوەی ڕێزی دیۆنیوسوس-ی خوداوەندی نەگرتووە، لەتوپەت کراوە. دیسان

لیوکوس، دوای مردنی ئەم، دەبێتەوە بە دەســەڵاتدار و ئەمجارەیان لایۆس-ی کوڕی لابداکــوس فەرمانڕەوایی دەکا. نەوەکانی لابداکوس بــە لابداکیدەکان ناســراون و بریتین لە لایــوس-ی کوڕی، کە باوکی ئۆیدیپوس بووە و منداڵەکانی ئەمیش بریتی بوون لە پۆلۆنێکییێس، ئێتیۆکلێس، ئەنتیگۆنە و ئیسمێنە.

(٢٣) [..........] بە بڕوای وەرگێڕە سوێدییەکان و زۆربەی ئەوانەی شارەزاییان لە دراما کەونارا یۆنانییەکاندا هەیە، جێی ئەمە تێکستێک بووە، کە دواتر خراوەتە سەر دراماکە، لەبەر ئەوە وەریاننەگێڕاوە.

(٢٤) ئێرۆس: خوداوەندی ئەوین و کوڕی ئەفرۆدیتە بووە. هۆمێرۆس باسی لە ئێرۆس نەکردووە، بەڵام لای هێسیۆدۆس و شاعیرە ئۆرفی- یەکان، ئێرۆس یەکێک لە کەوناراترین خوداوەندەکان بووە و بە کوڕی کایۆس ناویان هێناوە، کایۆس-یش بۆ خۆی ماکی هەموو ئەفرێنراوێک بووە و هەر لەبەر ئەوەیش بە ســەرچاوەی چالاکی خوڵقاندنی بوون زانــراوە. بەڵام بەپێی بیروڕایەکی باوتر لای خەڵک، ئێرۆس، هاوڕێی نزیکی ئەفرۆدیتە-ی ژنەخوداوەندی ئەوین بووە و زۆرجار وەک کوڕی ئەو ناوی هێنراوە.

(٢٥) ئاخێرۆن: ڕووبارێکە ٥٨ کیلۆمەتر درێژە، لە باشووری ئێپیروس-ی باکووری خۆرهەڵاتی یۆنان و دەڕژێتە نێو زەریای یۆنانییەوە.

(٢٦) نیوبە: شازادەیەکی لیودی و شاژنی تێبە بووە. کچی تانتالۆس و ژنــی ئامفیــۆن-ی شــای تێبە بووە. پێکەوە حــەوت کوڕ و حەوت کچیــان هەبــووە و بەپێــی هەندێک لــە ئەفســانەکان، تانتالۆس و ئامفیۆن، دایکوباوکی ئیسمێنە-یش بوون.

(٢٧) فریوگــەکان: دانیشــتووانی فریوگییــا بوون، کــە هەرێمێکی کەونارای یۆنان بووە و لە کۆندا سەرلەبەری ناوچەکانی نێوان لیودییا

لە خۆرئاواوە و ڕووباری هالیوس لە خۆرهەڵاتەوە ســەر بەم هەرێمە بوون.

(٢٨) ســیپیولۆس: کە ئێســتا بە چیای ســپیل ناو دەبرێ، یەکێک لــە چیاکانــی کەونــارای یۆنان بــووە و چیرۆک و ئەفســانەی زۆری لێدەگێڕدرێتەوە و ئەوسا کەوتبووە نێوەڕاستی هەرێمی لیودیانس-ی یۆنانەوە و ئێستا هەرێمێکە سەر بە هەرێمەکانی تری ئێجەی ئەمڕۆی تورکیا.

(٢٩) دیرکە: شــاژن و کچی خوداوەندی ڕووبار؛ ئیســمێنۆس و ژنی لیوکۆس بووە، لە تێبە.

(٣٠) پێرســێفۆنە: لە ئەفســانەی کەونارای یۆنانیدا، پێرســێفۆنەی خوداوەند، کچی خوداوەندان دێمێتێر و زێیوس-ە. چیرۆکی پێرسێفۆنە باس لە باوەڕی یۆنانییەکان دەکا سەبارەت بە چۆنیەتیی پەیدابوونی وەرزەکانی ســاڵ: ڕۆژێک، کە پێرســێفۆنە لەگــەڵ هاوڕێیەکانیدا لە مێرگێکدا خەریکی گوڵچنینەوە دەبــێ، هادێس؛ خوداوەندی مەرگ، لە ژێرزەوییەوە دەردەکەوێ و چاوی پێی دەکەوێ، دڵی پێیدا دەچێ و لەبــەر ئــەوە بڕیــار دەدا بیــکا بە ژنی خــۆی، دەیڕفێنێ و لەگەڵ خۆیــدا دەیبا بۆ ژێرزەوی. ئەمجا دێمێتێری دایک بە دوای کچەکەیدا دەگەڕێ، بەڵام لە گەڕانی بێهوودەی خۆیدا ئەرکەکانی خۆی بەرانبەر بە پیت و داهات لە بیر دەکا و ئەنجام هەرچی شینایی سەر زەوییە وشک دەبێ و گیانلەبەران و خەڵک تووشی برسییەتی دەبن. هەربۆیە لە ئەنجامدا، زێیوس، کە گوێی لە داوا و پاڕانەوەی خەڵکی بێچارە و هیوابــڕاو دەبێ، بڕیار دەدا چارەیەک بدۆزێتەوە. زێیوس دەزانێ، کە ئەگــەر بێ و دێمێتێر کچەکەی خۆی دەســت نەکەوێتەوە، ئیتر هیچ شــتێک لەســەر زەوی شــین نابێتەوە و ئاکام هەموو شتێک دەمرن، بۆیە فەرمان بەســەر هادێس-دا دەدا، کە پێرســێفۆنە بەرەڵا بکا تا بگەڕێتەوە بۆ لای دایکی. بەڵام پێرسێفۆنە لە لایەن مێردەکەیەوە فریو

دراوە و بە ڕێگەوە بەرەو ژێرزەوی لە هەنارێکی خواردووە و ئەمەیش ناچاری کردووە لە ژێرزەویدا بمێنێتەوە، چونکە ئەگەر کەسێک جارێک لــە جاران لە خواردنی مــردووان بخوا، ئیتر هەرگیزاوهەرگیز ناتوانێ خاکی ئەوان بە جێ بهێڵێ. بۆ ئەمەیش زێیوس بەناچاری پێشــنیاز دەکا، مانگەکانی ســاڵ لەگەڵ ئــەو دەنکەهەنارانەدا بەرانبەر بکرێ، کــە پێرســێفۆنە خواردوونــی و هێندەی ئەوانیش لەگــەڵ دیمێتێردا بمێنێتەوە. واتە: نۆ مانگ لەگەڵ دیمێتێری دایکیدا لەســەر زەوی و ســێ مانگیش لە خاکی مردووواندا. بەو پێیە کاتێک کە پێرســێفۆنە لــە ژێرزەوییەوە دێتە ســەر زەوی، دەبێ بە بەهــار، هاوین و پاییز، بــەڵام کە ناچــار دەبێ بۆ خاکی مــردووان بگەڕێتەوە، ســەر زەوی ساردوســڕ دەبێ و شینایی نامێنێ. ئەمەیش ئاماژەیە بۆ خەمباریی دیمێتێــر بەرانبەر بەوەی ســێ مانگان کچەکەی خــۆی لێوە دوورە. (سەرچاوە: ستریندبێرگ. ئۆگۆست، جەژنی هەڵسانەوە، وەرگێڕانی لە ســوێدییەوە: خەبات عارف، زنجیرەی شــانۆی بیانی ٣٢، چاپی یەکــەم، هەولێــر: دەزگــەی چــاپ و بڵاوکردنەوەی ئــاراس، ٢٠٠٩.)
[تێبینی: لێرەدا کەمێک دەستکاریی ڕێنووسی ئەم برگەیە کراوە.]

(٣١) دانایێ: شــازادەی ئارگۆس، کچی شــا ئاکریســیۆس و دایکی پێرسێوس-ی پاڵەوان.

(٣٢) دریویا: کوڕەشازادەیەکی میسری و کوڕی شا ئایگیوپتۆس-ی میســر بووە. ئــەم و هەر یانزە براکــەی ئامۆزاکانــی خۆیانیان، کە بە دانایێ-کان ناســراون، هێناوە. هەموو ئامۆزاکانیشیان، بێجگە لە هیوپێرمێسترا، لە شەوی بووکێنیاندا، پیاوەکانی خۆیان کوشتووە.

(٣٣) ئێدۆنی-یەکان: نیشتەنییانی سراکییا بوون و لە نێوان نێستوس و چۆم و ڕووبارەکانی باشــووری ســراکییادا ژیــاون. هەروەها چەند شارێکی وەک درابێسکوس و میورسینوس-یان ئاوەدان کردووەتەوە.

(٣٤) دیۆنیوسوس: یەکێک لە خوداوەندان و لەپێشترین خوداوەندانی ئۆلۆمپیا بووە و لە سەرەتادا، ئەمیش وەک دێمێتێر-ی خوداوەند، خوداوەندی پیت و بەروبووم بووە. پاشان زیاتر، وەک خوداوەندی مەی و پارێزەری دراما چاوی لێدەکرێ و ئەمیش وەک دێمێتێر، چڵەمێوی وەک دیاری، پێشکەش بە خەڵک کردووە. دیۆنیوسوس، گوایە، لە سێمێلە-ی مرۆڤ و زێیوس-ی گەورەخوداوەندی ئۆلۆمپیا بووە. بەڵام هێرا-ی ژنی زێیوس دڵی لێی پیس بووە و بەپێی یەکێک لە گێڕانەوەکان سەبارەت بە دیۆنیوسوس، هێرا، بە شێوەی پیرێژنێک، خۆی پێشانی سێمێلە داوە و ڕازیی کردووە، کە داوا لە زێیوس بکا، وەک خۆی چۆنە و وەک خوداوەندێک، خۆی پێشانی سێمێلە بدا و زێیوس-یش داواکەی سێمێلەی بە جێ هێناوە، بەڵام سێمێلە، بەم خۆپێشاندانەی زێیوس، دەمودەست، سووتاوە و بووە بە خۆڵەمێش.

(٣٥) مێناد: بەو ژنانە دەڵێن، کە باکخۆس و دیۆنیوسوس-یان پەرستووە و گوایە دڕ و شێت بوون و لەژێر کاریگەریی توانستی یەزدانیی باکخۆس-دا تووشی جۆرێک لە شێت و شەیدایی بوون و دووچاری بەکارهێنانی زەبروزەنگ، خوێنڕشتن، خۆئازاردان و سەرمەستی بوون.

(٣٦) بسپۆر (=بسفۆر): ئەو تەنگەیەی، کە باڵکان لە ئەنادۆڵ جیا دەکاتەوە و ئەستەنبوڵ دەکا بە دوو بەشەوە؛ بەشە ئەوروپایی و بەشە ئاسیاییەکەی.

(٣٧) فینێوس: شای سراکییەکان بووە.

(٣٨) ئێرێخسێویس: شایەکی بەناوبانگ و هەروەها، گوایە، وەک خوداوەندیش سەیر کراوە. بەپێی ئیلیادە، ئێرێخسێویس، وەک مرۆڤ لەدایک بووە، بەڵام دواتر ئەتێنا-ی ژنەخوداوەند بۆ پەرستگەکەی

خــۆی بانگی کردووە و لەوێ ماوەتەوە و دوای ئەوەیش، گوایە، هەر لەوێ، بووە بە مار و هاوبەشی پەرستگەکەی ئەتێنا بووە.

(٣٩) ســاردینیایی: تایبــەت بە ســاردینیا. ســاردینیا دوورگەیەکی ئیتالیایی نێو زەریای نێوەڕاستە و دەکەوێتە خۆرئاوای نیوەدوورگەی ئیتالیــاوە و، دوای سیســیلیا، گەورەتریــن دوورگــەی نێــو زەریای نێوەڕاستە.

(٤٠) ئێرێنی-یــەکان: ئــەو ژنەخوداوەندانــە بوون، کــە گوایە دوای بــەدکاران، پیاوکــوژان، درۆزنــان و ئەوانەی، کە ڕێزیــان لە دایک و باوکی خۆیان نەگرتووە و یاســای میوانداریيان شکاندووە، کەوتوون و تا شێتیان نەکردوون، دەستیان لێهەڵنەگرتوون. ئێرینی-یەکان، لە سەرەتادا، ژمارەیان نادیار بووە، بەڵام دواتر، وەک سێ ژنەخوداوەند بــاس دەکرێــن و بریتــی بوون لــە: ئالێکتۆ، مێگێرا و تیســیفۆنە و زێدیشیان قووڵایی تاریکی ئێرێبۆس بووە و لەوێ ژیاون.

(٤١) ئاکرۆپــۆل: شــوورەی دەوری شــاران. لــە کۆنــدا، بە تایبەت شــارەکانی یۆنان، بە مەبەســتی شارپاراســتن، پاراســتنی شــوێنە پیرۆزەکان و پەرستگەی خوداوەندان، ئاکرۆپۆلیان هەبووە.

(٤٢) ســێمێلە: کچــی کادمۆس و هارمۆنییا و دایکی دیۆنیوســوس بــووە. بەپێــی چیرۆکەکان، زێیوس-ی خوداوەند حەزی لە ســێمێلە -کە مرۆڤ بووە نەک خوداوەند- کردووە، بەڵام هێرا-ی ژنی زێیوس، دڵی لە سێمێلە پیس کردووە و لە شێوەی پیرەژنێکدا خۆی پێشان داوە و ســێمێلەی والێکردووە، کە گومان بکا دۆســتەکەی زێیوس-ی خوداوەندە و داوای لێکردووە کە لە زێیوس بپێچێتەوە خۆی پێشانی بــدا و زێیوس-یــش، ئــاکام، داواکــەی قەبووڵ کــردووە و کە خۆی پێشــان داوە، ســێمێلە، بە گڕیی یەزدانیی زێیوس، سووتاوە و بووە بــە خۆڵەمێش، بەڵام هێرمێس-ی خوداوەنــدی گورجوگۆڵی، فریای

کەوتووە و لە خۆڵەمێشەکەیدا دیۆنیوسوس-ی کوڕی، کە هێشتا لە سکی دایکدا بووە، ڕزگار کردووە و پاشان زێیوس ڕانی خۆی هەڵدڕیوە و دیۆنیوسوس-ی لە نێو ڕانی خۆیدا شاردووەتەوە و پاشتر دیۆنیوسوس لەوێوە لەدایک بووە.

(٤٣) باکانت-ەکان: ژنانی بەشداربووی بۆنە ئایینییەکان، کە تایبەت بە باکخۆس و دیۆنیوسوس؛ خوداوەندانی مەی، بوون.

(٤٤) ئیسمێنە: خوداوەندی ڕووبار بووە و وەک کوڕی ئاسپۆس؛ خوداوەندی ڕووبار و کوڕی مێتۆپێس ناسراوە. بەڵام هەندێک لە سەرچاوەکان دایکوباوکی ئێسمێنە بە ئامفیۆن و نیۆبە دەزانن. ئێسمینە سێ کچی هەبووە و ئەوانیش دیرکە، سترۆفیا و ئیسمێنیس بوون و باوکی دیرێکتیس-یش بووە.

(٤٥) پارناسۆس: چیایەک لە چیاکانی پیندۆس-ی نێوەڕاستی یۆنانە و چەند کیلۆمەترێک لە خۆرهەڵاتی دێلفی هەڵکەوتووە.

(٤٦) کاستالیا: چەند سەرچاوەی پیرۆزن و لە پارناس-ەوە هەڵدەقوڵێن.

(٤٧) گوڵەسپانە (=عشقە. عربی، فارسی.): مەشڵەزەرگۆ، گوڵەسپانە، گوڵەواژ، گوڵەسەرکێش، باداک، ئالینک؛ دەوەنێکی ڕازێنەیی، کە بە دار و گیادا پێچ دەخوا و هەڵدەکشێ. (سەرچاوە: فرهنگ فارسی-کوردی، دانشگاه کردستان، جلد سوم، ع-ی، بە سرپرستی ماجد مردوخ روحانی.)

(٤٨) ئێڤۆئێ: هاوارێکە و لە بۆنە ئایینەکانی دیۆنیوسوس-ی خوداوەنددا و دواتر، وەک دەربڕینی خۆشی و شادی کراوە.

(٤٩) مێناد-ەکان: بڕوانە: باکانت-ەکان، (٤٣).

(٥٠) ئیاکخۆس: خوداوەندێک بووە، کە بە بۆنە و ئاهەنگەکانی ئێلێیوسیس-دا ڕاگەیشتووە و دەسەڵاتی بەسەریاندا هەبووە. لەو نیگار و پەیکەرانەدا، کە بۆ ئیاکخۆس کێشراون/کراون، بە مەشخەڵێکەوە، لەگەڵ هێراکلێس و دیۆنیوسوس-دا، پێشان دەدرێ.

(٥١) کادمۆس: بنیاتنەری شاری تێبە، برای ئێورۆپا و باپیرەگەورەی ئۆیدیوپس-ە. لە بنەچەدا شازادەیەکی فینیقی بووە. کە ئێورۆپای خوشکی دەفڕێنرێ، کادمۆس زێدی خۆی بەجێ دەهێڵێ، بۆ ئەوەی خوشکەکەی بدۆزێتەوە، بەڵام بێهوودە دەبێ؛ لەبەر ئەوە بۆ ڕێنوێنی پەنا دەباتە بەر ئوراکل-ی دێلفی (=غەیبگۆی دێلفی) و ئەویش ئامۆژگاریی دەکا، کە دوای مانگایەک بکەوێ و لەوێدا، کە مانگا لەبەر ماندوویی لێی دەکەوێ و هەڵناستێتەوە، شارێک ڕۆ بنێ. کادمۆس-یش دوای مانگا دەکەوێ و لە بۆیۆتییا، شاری تێبە ڕۆ دەنێ. کادمۆس لە ئیلیورێیا، دوای زنجیرەیەک کارەسات، دەمرێ و خۆی و هارمۆنیای ژنی دەگۆڕدرێن و دەبن بە مار.

(٥٢) ئەمفیۆن: کوڕی زێیوس و ئانتیۆپە-ی شاژنی تێبە و جمکەی زێتهۆس-ە.

(٥٣) ئێوریودیکە: ژنی کریۆن و دایکی هایمۆن-ی دۆستی ئەنتیگۆنە بووە و دوای ئەوەی هایمۆن خۆی دەکوژێ، ئەمیش لە خەم و پەژارەی کوڕەکەیدا خۆی کوشتووە.

(٥٤) هێکاتە: ژنەخوداوەندێک بووە و بەسەر هونەری جادووگەری و چوارڕێیاندا ڕاگەیشتووە. لە هونەری نیگارکێشان و پەیکەرسازییدا بە سێ سەرەوە پێشان دراوە: سەرێکی سەری سەگ، ئەوی تر سەری مار و سێیەمیش سەری ئەسپ بووە و دوو سەگیش، هەمیشە، لە شێوەی

خێـودا لە خزمەتیدا بـوون. هێکاتە، گوایە، لەگـەڵ دەرکەوتنەوەی مانگدا چووەتە سـەر سێرپێیانێک و هەر سەرێکیشی سەیری یەکێک لە ڕێگەکانی کردووە.

(٥٥) پلوتـۆ: خوداوەندێـک بووە و بە ژێـرزەوی و خاکی مردوواندا ڕاگەیشتووە. هەسارەی پلوتۆ، بە ناوی ئەمەوە ناونراوە.

(٥٦) ئێکسۆدۆس: دوادیمەن لە درامای کەونارای یۆنانیدا، بە تایبەت لە تراژێدیادا و پاش دواترین ستاسیمۆن دێ.

(٥٧) مێرگاییێـۆس: کوڕی کریۆن و ئێورۆدیکە و برای هایمۆن بووە. لـە ئەنتیگۆنـەدا دەرناکەوێ، چونکە لە سـەروبەندی شـەڕی نێوان پۆلیونێیکێس و ئێتیۆکلێس-دا کوژراوە.